کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیك
ڕێبوار ڕەشید لا٣١

کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
د.کامەران مەنتك لا٥٦

ئاین و مەزهەب و پرسی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین
هودا کایا لا٦١


# ئازادی کۆمەڵگە


گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە

١٠
ساڵی یەکەم ژمارەی (١٠)
٢٠١٦/١٠/١-ز
ڕەزبەر ٢٧١٦-ك


# ناڕەزایەتی خەڵك، مووچە و موسڵ





## من کەسێکی دیموکرات و شۆڕشگێڕم، نە تەسلیم بە حکومەت و نە کەسانیتر دەبم

"عەبدوڵلا ئۆجالان"

لا١٥

ئازادی کۆمەڵگە




## خاوەن ئیمتیاز:

محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)

## سەرنووسەر:

گۆران عەلی حەسەن (گۆران پێنجوێنی)

## دەستەی نووسەران:

د.سالار باسیرە — سەردار ستار
بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی
کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

## ڕاوێژکاری یاسایی:

پارێزەر هیلال ئیبراهیم

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)
azadi1@gmail.com
www.facebook.com/Azadi Komelge

تیراژ (١٠٠٠) دانە
نرخ (١٥٠٠) دینارە

# ناوەڕۆک

هەرنوسینێک گوزارە لە رای نووسەر خۆیەنی



نەتەوەی دیموکراتی یەکگرتنەوەیە لە چوارچێوەی جیاوازیەکاندا
ئاڵدار خەلیل
١٠


ژنۆلۆژی چیە و بۆچی؟
نەجیبە قەرەداخی
٤٤


بەرەی دیموکراسی گەل، پێتڤیەکا دیرۆکی و ڤەژەنا ژیانێ، بۆ ڤێ قوناغێ ل باشورێ
سەید ئەکرەم خالد
٢٠


بە گرفتکردنی هەبوونی ژن
سارا ئاکتاش
١٧


پانۆڕامای نەوت
د.محەمەد گناوی لا38

## لە سەرنووسەرەوە

# خەڵک، مووچە و موسڵ

قەیرانەکانی باشووری کوردستان کە لەلایەنی ئیداری و ئابووری لە قوڵترین دۆخی دایە، زیاترین کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک هەیە بە فەرمانبەران، مامۆستایان و بە گشتی مووچە خۆرانەوە و سێ مانگ چارکە مووچەیەک وەردەگرن. بێگومان حکومەت بەناوی پاشکەوت کردنی مووچە، دەیویست ڕەوایەتی بداتە نەدانی مووچە بە مامۆستا و فەرمانبەران، لەڕاستیدا حکومەتی هەرێم فەشەلی هێناوە لە ئیدارەدانی کۆمەڵگە، حیزبی دەسەڵاتداری یەکەم کە پ د ک/عێراقە، بە دروستکردنی قەیران لە ڕێگای لەکار خستنی پەرلەمان و دروست کردنەوەی دوو ئیدارەی بەشێوەیەکی کرداری،کار گەیشتۆتە ئاستێک کە حکومەت هەرێم لە حکومەتی بنکە فراوان ببێتە دەسەڵاتی تاکڕەوی حیزبی، پارتی بە دەرکردنی وەزیرەکانی گۆڕان کارتی سووری نیشانی حیزبەکانی تری ناو حکومەت دا، کە « ئەگەر هەموو شتێک وەکو من لە هەرێم نەکرێ ئەوا ئێوەش ڕەوانی ماڵەوە دەکەمەوە»، بۆ ئەمەشە لایەنەکانی تری ناو حکومەتیش بێ ئیرادەن، تەنانەت ناتوانن بە سەرۆکی حکومەت بڵێن بۆچی کۆبوونەوەی ئاسایی حکومەت ناکرێت. زێدەڕەوی نیە ئەگەر بڵێین لە هەرێم حکومەت نییە، بەڵکو دەسەڵاتی حیزبی هەیە کە تاکڕەوانە بەڕێوەدەچێ و بچوکترین کێشەی کۆمەڵگەی پێچارەسەر ناکرێت.

خەڵکی هەرێم و مووچە خۆرانی بەگشتی لە فەشەلی حکومەت گەیشتوون، دەزانن کە حکومەت درۆیان لەگەڵ دەکات و ئەگەر پارە هەبێ دەدرێتە خەڵک و پرۆژەی پێ دەکرێ، بەڵام حکومەت لەلایەک دەڵێ پارەم نییە و موفلیسم لەلایەکی تریش دەڵێ سێ چارەکە مووچەتان بۆ پاشکەوت ئەکەم، بێگومان درۆکەی حکومەت زۆر زەق و دیارە کە پارەی پاشکەوتی نیە، هەمانکات ئەوەش دەزانرێ کە قەیرانەکە دروستکراوە. پارەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەیە، بەتایبەت پارتی و یەکێتی، بەڵام نایدەنە خەڵک، بەڵکو لەڕێگای حیزبەکانیانەوە دەیانەوێت خەڵک بێ ئیرادەبکەن و خۆیان بفرۆشنە حیزبەکانیان. ئەگەر قەیران هەبێ چۆنە حیزبی دەسەڵات لەناو قەیران دوو تیڤی بە هەموو پێوەرێکی مۆدێرن و تەکنیکی نوێ دروست دەکەن، ئەوانیش K24 و کوردسات نیوزە.، هەروەها زۆرترین گشت و سەفەری خێزانی دەکەن، لەلایەکیتر نەوت بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات و نرخی بەرمیلێکیشی بەگشتی لە پەنجا دۆلاردایە، باشە هاوڵاتی پرسیار دەکات ئەرێ ئەو پارەیە بۆ کوێ دەچێت؟ .

بێ گومان ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخی هاوڵاتیان بەرەو خراپی دەچێ لەلایەنی گوزەرانی ژیانی، بەتایبەت چینی زەحمەتکێش و هەژار کە تەنها سەرچاوەی ژیانی مووچەیە ئیدی لە گیانەڵادایە، بۆیە مافی خۆیەتی کە بە هەمووشێوەیەک نارازی بێت و بڕژێتە سەر شەقام و داوای سەرەتاترین ماف بکات ئەویش کرێی کارەکەیەتی لە حکومەت، ئەوە سادەترین مافی هاوڵاتێتیە کە هەموو مرۆڤێک داوای مافی سەرەتایی خۆی بکات بەبێ جیاوازی سیاسی.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانی خەڵکە، ئەویش ناڕەزاییەکان سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە تێپەڕناکا، ئەگەرچی سنوری هەولێر و دهۆکیش هەمان بارودۆخی خراپیان هەیە لەبێ مووچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری، بەڵام بێ دەنگی باڵی بەسەر ئەو دوو پارێزگایەدا کێشاوە، ئەگەرچی ئەوە دەزانرێ کە لەسنوری هەڵەبجە و سلێمانی دەسەڵات نەرمتر مامەڵە لەگەل بارودۆخەکە دەکات.لەلایەکیتریش هەردوو لایەنی دەسەڵاتی ئەو دەڤەرانەش لە ڕێگای خەڵک و چالاکوانەکانیان دەیانەوێت ناڕەزاییەکان ئاراستە بکەن، بەتایبەتیش لە ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ داواکردنی مافە ژیانیەکانیان، دەیانەوێت بیکەنە چالاکی سیاسی و ڕەخنە لە دەسەڵاتی حیزبی پارتی بکەن.

ناڕەزایەتیەکان لەسنورێکی خەڵکی دیاری کراو تێناپەڕن، دەگوترێ لە هەرێم ملیۆنێک و سێ سەد هەزار فەرمانبەر هەیە، بەڵام ئەوەی دێتە شەقام لە چەند هەزار کەسێک تێناپەڕێ. ئەوەش وای کردوە کە دەسەڵات زیاتر بێباک بکا و داواکاریەکانی جەماوەر وەک داواکاری لایەنە سیاسیەکان ببینێ و وەک چالاکی و ناڕەزایی ناڕەوا لەقەلەمی دەدات.

چوونی بارزانی بۆ بەغدا بە شاندێک لەلایەنە جیاوازەکان، بێگومان بەشێکی ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و بودجە بێت ئەوا بەشێکی گرنگیش کێشەی ئۆپەراسیۆنی موسڵە، لەکێشەی مووچەدا بارزانی سەلماندی کە ناتوانێ مووچەی فەرمانبەران و پرۆژە خزمەتگوزاریەکان دابین بکات و ڕێکەوتنە پەنجا ساڵیەکەی لەگەڵ ئەردۆغان هیچی لێ سەوز نەبوو بۆ هەرێم جگە لە قەیران و ئاڵۆزی و ناڕەزایەتی خەڵک. لەلایەکیتریش بارزانی کە زۆرترین پڕوپاگەندەی جیابوونەوەی لە بەغدا دەکرد، بەڵام نە هێزە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەتیش ئەمریکا و ئەوروپا، نە هێزە هەرێمیەکان تورکیا و ئێران، لەگەڵ جیابوونەوە نین. بارزانی لەناوخۆشدا سەرکەوتوو نەبووە لەیەکڕیزی نێوان هێزە سیاسیەکان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و پەرەپێدانی دیموکراتی بە تایبەتی لە مەسەلەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دا. هەرکەس دەزانێ ناردنی موچە لەبەغدادەوە بەپێی لێدوانەکەی عەبادی پەیوەستە بە ڕێکەوتنی نێوان هەرێم و بەغداد بۆ ناردنی پەترۆڵ بەرێی کۆمپانیای سۆمۆ. بە هێنانی کۆمپانیایەکی بیانی وەک دیلیۆت لە لایەن حکومەتی هەرێم بۆ چاودێری وردەکاری ناردنی نەوت، ئەو چاوەڕوانیە بۆ ناردنی موچە وەک چاوەڕوانی گۆدۆی لێدێت، چونکە ئەو کۆمپانیایەی بۆ کارە گرێبەستی لەگەڵ کراوە خۆی بە گەندەڵیەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا گلاوە. جا ئەم ڕۆژەڤە خەریکە دەکەوێتە ژێر سێبەری ئامادەکاریەکانی ئۆپەراسیۆنی موسڵەوە.

بێ گومان موسڵ گرێ کوێرەی داگیرکەری، سیاسەت کردن لە باشوری کوردستان و باکوری عێراق و ناوچە عەرەبە سونی نشینەکانی عێراقە، بۆیە بەداگیرکردنی موسڵ لەلایەن چەتەکانی داعشەوە ڕاستەوخۆ فشاری خرایە سەر هەرێمی کوردستان، هەمانکات بە ڕزگارکردنیشی هەناسەیەک دەداتەوە بە باشور و دەسەڵاتی بەغدا. ئەوەی ئۆپەراسیۆنی موسڵی کردۆتە گرێ کوێرە بێگومان هێزەکانی سوپای تورکیایە لە باشوری کوردستان لە پشت ناوچەی بەعشیقە و داوایانە بۆ بەشداربوون لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ. دەوڵەتی تورک ڕۆڵی هەبوو لە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن چەتەکانی داعشەوە، هەمانکات بەر لەهاتنی داعش، تورکیا و نوجێفی و بارزانی پێکەوە موسڵیان بەڕێوەدەبرد، لەئێستا کە هێزەکانی بارزانی و نوجێیفی بەشداردەبن لە ئۆپەراسیۆنەکە، بۆیە لەوانە نییە تورکیا زۆر پێداگری بکا، چونکە هێزەکانی بارزانی و نوجێیفی پەیوەندی ستراتیژیان لەگەڵ سوپای تورکیا هەیە. ئەوەی تورکیا و بارزانی دەیانەوێت ڕێگری لێ بکەن ئەویش بەشداربوونی هێزەکانی بەرخودانی شەنگال»یەبەشە« و هێزەکانی بەرگری کامپی پەنابەرانی مخمورە لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ، چونکە بەشداربوونی ئەوان سیاسەتی داهاتووی موسڵ دەگۆڕن، هەمانکات ڕێگای پەیوەندیەکی نوێ بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێتەوە و سیاسەتەکانی بارزانی و تورکیاش لەسەر باشوری کوردستان سنوردار دەکا، تا دەگاتە ئەوەی سەرجەم هێزەکانی تورکیا لە باشوری کوردستان دەربخرێن، چونکە هەموو لایەک ئەوە دەزانین بارزانی لەدوای ساڵی ١٩٩٢وە تا ئەمڕۆ بەیارمەتی تورکیا بەردەوامی بەدەسەڵاتی خۆی دەدات. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئیتر کاتی گۆڕانکاری ڕیشەیی و دیموکراتیزەکردن هاتووە؟ چی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هێزانەی باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە؟.

# شەرڤانان و شۆرشی رۆژئاوا، روویەکی دیکەی کورد

**راپۆرتێکی ئەمریکی: ئەمریکا شەرڤانان بە کاریگەرترین هاوپەیمانی خۆی دەبینێ**

ئامادەکردنی/ کاروان کوردی

رۆژئـاوای کوردسـتان بـەرەو ئـەوە دەچێت ببێتـە تـەنیا بەدیل بۆ دۆخی ئاڵۆزی سوریا، کـە مـاوەی پێنج سـاڵە شـەڕی تێدا بەردەوامە و نزیکەی ٤٥٠ هـەزار هاوڵاتی کوژراون و ١٢ ملیۆن هاوڵاتیش ئـاوارە بـوون، بەربەریەتـی ئـەو هێزانـەی خۆیان بـە ئۆپۆزسیۆن و فریادڕەسی خەڵـک دەزانـن، لـە بەربەریەتی سـەربازانی ئەسـەد کەمتـر نییـە.

هێـزە نێودەوڵەتییـەکان و بـە تایبەتـی ئەمریکا، بـە شێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئـەوە ئاشکرا دەکـەن، کـە جگـە لـە شـەرڤانە کـوردەکان، ناتوانـن متمانـە بـە هیـچ یەکێـک لـەو گروپـە چەکدارانـەی نـاو سـوریا بکـەن، کـە دژی رژێمەکـەی بەشـار ئەسـەد شـەڕ دەکـەن، چونکـە ئەوانـە توندڕەون و جیاوازییەکـی زۆریـان لەگـەڵ داعـش نییـە.

لەگـەڵ ئـەوەی تورکیـا بـەردەوام دەڵـێ «یەپەگـە و پەیـەدە تیرۆریستن و پێویستە هاوشێوەی داعش، هێرش بکرێتە سەر ئەوانیش» بـەڵام ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتـی بـە شێوەیەکی فەرمی هەڵسوکەوت لەگـەڵ یەپەگـە و پەیـەدە دەکـەن و هـاوکاری سەربازیشـیان دەکـەن.

نیگەرانییەکانـی تورکیـا بەردەوامـە لـەوەی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هەڵسـوکەوت لەگـەڵ شـەرڤانە کـوردەکان دەکات، هەربۆیە ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا ناکۆکییەکانی نێـوان تورکیا و ئەمریکا لەلایەک و تورکیـا و ئەوروپـا لـە لایەکـی تـرەوە، قوڵتـر دەبێتـەوە.

کاوە نـادر قـادر، نوسـەر و چاودێری سیاسـی لـەو بارەیـەوە دەڵێت: دەمێکـە ئـەو ئەجێندایـەی کـە ئەمریکا لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیگوزەرێنێ، لـە هەنـدێ شوێن لەگەڵ ئەجێنداکەی تورکیـای ئەردۆغانـدا یەکتـر دەبـڕن و لێکتـر جـودان، کـە لـە عەوامی خەڵـک زۆر دیـار نییـە، بـە تایبەتـی لەسـەر رۆژئـاوای کوردسـتان و دۆزی کوردسـتان بـە گشـتی.

کاوە نـادر دەڵێت: بـە نزیکبونەوە لـە کۆتایی هاتنی داعش، ئەو لێکترجودایـی و برینـە، بـۆ عەوامیـش، دیـزە بـە دەرخۆنەکـەی هەڵدەگیرێ و ئـەوەی بن بـەڕێ دێتـە سـەر بـەڕێ، لـەو رۆژانە بالوێزی ئەمریکا بـە روونی بۆچوونـی خۆیدا لەسـەر هەنـدێ کـردەوەی نادیموکراسـی دەوڵـەتـی تورکیـا، کـە لـەوەو پێشـیش لەبـن زمانـەوە دەرکاندبویـان. ئەوەتـا کاتێـک دەوڵـەتـی تـورک هێزێکـی لەسـەر سـنوور ئامـادە کردبـوو بـۆ هێرشـکردنە سـەر گـرێ سـپی، ئەمریکا لـە مەیدانـی رووبەڕووبوونەوەکـەدا، وەک پەیامێکـی روون و ئاشـکرا بـە تورکەکانیـدا و ئـاڵای وڵاتەکـەی لەسـەر هەمـوو دامودەزگـە گرنگەکانـی گـرێ سـپی و روبـاری سـاجوری رۆژئـاوای فـورات، لـە تـەک ئـاڵای یەپەگە و فیدراڵیەتـی رۆژئـاوا، ئـاڵای ئەمریکـای هەڵـدا، وەک هێڵـی سـووری پێڕاگەیانـدن.

ئامـاژەی بـۆ ئـەوەش کـردوە: بـەم هەنـگاوە و هەڵوێسـتەی ئەمریکا ئـەو قسـەو قسـەڵۆکانەی تـورک، کـە داود ئۆغلـوو پارسـاڵ رایگەیاند، کـە بـە نیـازن لـە «دەریـای سـپییەوە تـا سلێمانی» بیکەنـە ناوچـەی ئـارام و بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان، ئەمریکا خـۆی یەکلاکـردەوە لـە نارەزایەتـی بـۆ ئـەو مەبەسـتە و توخمەکانی هێزی هێرشبەری سەر موسڵ و چارەنوسی رۆژئاوا و باشوریشی بە شێوەیەک لـە شێوەکان نیشاندا، کـە ریزبەنـدی نـوێ و سەردەسـتەی ئـەو ریزبەندییـە نوێیـە نیشـان دەکات و تـوڕ لـە تەوەربەندیـەک هەڵـدەدا کـە لەوەوپێش بـە دۆسـتە کلاسیکییەکانی ئەمریکا لـە ناوچەکـە ناسـرابوون.

ئـەو نوسـەرە کـە بـە نوسینە راشکاوەکانی ناسـراوە، ئەنجامی بۆچوونەکـەی بـە سـێ خـاڵ دەخاتـەڕوو: «خۆگرتـن تـا پرۆسـەی رزگارکردنـی موسڵ و رەقـە پێویسـتە بـۆ رادەربڕیـن و خوێندنەوەی کارتەکانی سەر ئـەو چارەنوسە، دەکرێ بگوترێ هەڵکردنـی ئـەو ئاڵایـەش ئـەوە دەگەیەنـێ: ١. ئـەو ناوچانـەی



که به هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەپەگە لە دەست داعش رزگاری کردوون، بە بەشێک لە ئەمنی نەتەوەیی خۆی دەزانێ و هێلی سورە. ٢. هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەپەگە بەردەوامە و خەنجەر لە پشتەوەی ناوەشەێنێ و ئەو پرۆژەیەی کە هەندێ پارتی کوردی رۆژئاوا بە هاوکاری تورکیا دابویانە بەرداسەوە، لە ئێستادا فت بووە. ٣. ئەمریکا تا ئێستاش ئەولەویەتی شەڕی داعشە و بۆیە داوا لە یەپەگە دەکات کە هێمنی و سەبری خۆی هەبێت لەبەرامبەر شەڕفرۆشتنەکانی تورکیا.»

پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی چەوت و حزبی و نانەتەوەیی بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان پەیڕەو کرد، ئێستاش هەر لەو سیاسەتەی بەردەوامە، واتا ئەو دژایەتیانەی کە تورکیا و داعش و گروپە توندڕەوەکان دژی رۆژئاوا دەیکەن، پارتیش بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوە دەکات. رۆژئاوای کوردستان کە بووەتە جێگەی ئومێدی کورد و ئازادیخوازانی دونیا، تورکیا لەوە تۆقیوە کە ئەو پارچەیەی کوردستان بەهێزتر ببێت، لەکاتێکدا شەرڤانانی کورد کە شەڕی داعش دەکەن، شەڕ دەکەن بۆ مرۆڤایەتی، لەکاتێکدا هەموو هێزەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەستی داعش هەڵدەهاتن، شەرڤانان توانیان ئەو ترسە بشکێنن و ئەو تێگەیشتنە بهێننە ئاراوە، کە دەتوانرێت شەڕی داعش بکرێت و تێکیش بشکێنرێن، بەڵام بۆچی هێزێکی کوردی وەکو پارتی بەو رادەیە دژایەتی شۆرشی رۆژئاوا دەکات؟

نیاز حامید، نوسەر، دەڵێت: «سەرۆکی پارتی پێش هاتنی داعش، وتی گۆڕانێکی گەورە بەڕێوەیە، لێدوانێکی ئاوایدا، هەڕەشەی لە حکومەتی ناوەند کرد، دوای بینینی ئەردۆغان و یلدرمیش ئەمجارە، دووبارە باسی لە گۆڕانێکی گەورە کرد، کە گوایە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەڕێوەیە. ئەم لێدوانانەی سەرۆکی پارتی هەروا لە خۆڕا نییە، نزیک بوونی لە ناوەندی بڕیار لە ئەنقەرە و ریاز، ئەو توانایەی دەداتێ کە بزانێت گۆڕانکارییەکان چین. بەو لێدوانانەی کە لەسەر کورد و رۆژئاوا و پەکەکە دەدات، دەزانرێت کە ئامانجی سەرەکی لەو گۆڕانکارییە بە دەرجەی ئەساس دەستکەوتەکانی کوردە.»

نیاز حامید، کە بە لێکدانەوە وردەکانی ناسراوە، دەڵێت: داود ئۆغلو لە ٢٠١١دا کاتێ سوریا لەسەرەتای سەرهەڵداندا بوو، لێدوانێکیدا و وتی: «هێڵی ستراتیژیمان لە لازقیە بەرەو حەلەب و موسڵ و تا سلێمانی

دەستپێدەکات.» ئەم لێدوانەیان توندتر کردەوە کاتێ داعش لەو پەڕی بە هێزیدا بوو، تورکیا ویستی لە رێگای داعش و هاوپەیمانییە لۆکاڵییەکانی نەخشەی ناوچەکە بگۆڕن، وەک چۆن لە ١٩٣٩ ویلایەتی ئەسکەندەرونەی خستەسەر جوگرافیای خۆی، ئاواش دەیخواست و ئێستاش دەیەوێت سنوری جوگرافیاکەی لە لازقیەوە بەرەو حەلەب و موسڵ و تا دەگاتە سلێمانی بڕوات، بۆیە نامۆ نییە ئەگەر ئێستا لێکدانەوەی بوونی هێزی دەوڵەتی تورکیا لە جەرابلس و موسڵ، بکەین. هێز لەو دوو ناوچەیەدا بۆ ئامانجی فراوانکردنی جوگرافیای تورکیایە، بە مبارەکەی سعودیە.

ئەو نوسەرە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: ئەوەی بووە ئاستەنگ لە بەردەم ئەو نەخشەیە، سێ هێزی کاریگەربوون و ئێستاشی لەگەڵ دابێت دەبنە ئاستەنگی گەورەتر، کە بریتین لە ئەمەریکا، روسیا و پەکەکە. پەکەکە لەمپەرێکی گەورەیە لە بەردەم ئەو نەخشەیە، نەخشەی داگیرکاریی و لەباربردنی دەستکەوتەکانی کوردان. دژایەتیکردنی پەکەکە لەلایەن تورکیا و هاوپەیمانەکانی لەو سۆنگەیەدایە، بۆیە تورکیا لە پەکەکەدا تێکچوونی هەموو ستراتیژەکەی خۆی دەبینێت. هەروەها سەرکەوتنی کۆبانێ خاڵی وەرچەرخانی توند بوو لە تێکشکانی ئەو ستراتیژە.

نیاز حامید دەڵێت: تورکیا ئێستا دەیەوێت ئەو خەتە سنورە تازەیەی بە هێز بسەپێنێت، بۆیە کاتێ سەرۆکی پارتی دەڵێت گۆڕانکاریی گەورە بەڕێوەیە، ئەوە گۆڕانکارییە گەورەکەیە. پارتی هەموو سەرچاوە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و سەروەری خاکی کوردستانی خستۆتە خزمەت ئەو پرۆژەیەوە، کە خۆی تیایدا لەناو ئەو کانتۆنە وەک دەسەڵاتدارێکی بێ رکابەر جێگای بۆ دەکەنەوە، پێیان وتووە دیموکراتیەت و هەڵبژاردن ومافەکانی مرۆڤ هیچ نین گوێیان پێمەدە!. مرۆڤ دەبێت بپرسێت، بۆچی نزیکبوونەوەی روسیا و ئەمەریکا لە پەکەکە هەیە؟ خۆ لەبەرچاوی رەشی کوردان نییە، بەڵکو بێ ئەوەی یەک سەرباز بجوڵێنن، ئەو پیلانەی تورکیا تێکدەشکێنن، داعش بەرەو نەمان بردرا، ئەردۆگان، سەددام ئاسا، فرسەتی کەمی لە بەردەستدا ماوە، دوور نییە ئینتحارێکی سیاسی بکات، گەلانی ناوچەکە بە تایبەتی کورد باجێکی قورس دەدەن، بەڵام پیلانەکە دەبێتە هەڵم. نیاز حامید لە بارەی پارتیشەوە دەڵێت: پارتی شەریکێکی ئەو ئینتحارە سیاسییە، بە بەشداریکردنی لەو هاوپەیمانییە شۆڤێنیەی و فاشیەی تورکیا و سعودیە و بەعسییەکانی عێراق و بەناو سونەکان، کۆتایی بەخۆی دەهێنێت و دەبێتە رابردوو.

لە دوای سەرکەوتنی شەرڤانان لە کوبانێ، دۆزی رەوای کورد چووە قۆناخێکی نوێوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەوە نیشانی جیهان درا کە ئێمە شەڕ بۆ ئازادی و مرۆڤایەتی دەکەین، دوای ئەوەش سەرکەوتنە مەزنەکانی شەرڤانان بەسەر چەتەکانی داعشدا، پاکردنەوەی گوند و شارۆچکەکان لە چەتەکانی داعش و چەتەکانی دیکە، دواهەمینیشیان رزگارکردنی شاری مەنبج، ئێتر ئەو فیداکاریی و رێکخراوەییەی شەرڤانان گەیشتە لوتکە.

**ئێستا**
**زلهێزەکانی جیهان**
**نایانەوێ دەستبەرداری**
**شەرڤانانی ئازادی ببن، تەنانەت زۆر**
**کات بۆ راکێشانی سەرنجی هاوڵاتیانی**
**وڵاتەکانی خۆیان باسی ئەوە دەکەن کە**
**یارمەتی شەرڤانە کوردەکان دەدەن کە**
**شەڕی چەتەکانی داعش دەکەن**

ئێستا زلهێزەکانی جیهان نایانەوێ دەستبەرداری شەرڤانانی ئازادی ببن، تەنانەت زۆر کات بۆ راکێشانی سەرنجی هاوڵاتیانی وڵاتەکانی خۆیان باسی ئەوە دەکەن کە یارمەتی شەرڤانە کوردەکان دەدەن کە شەڕی چەتەکانی داعش دەکەن.

رۆژنامەنووس ئەریک شمیت، راپۆرتێکی بۆ رۆژنامەی نیویۆرک تایمز نوسیوە، کە لە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە و پەیجی (رۆژهەڵاتی ناڤین) کردوویەتی بە کوردی، باسی لەوە کردوە، کە ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە هاوکاری زیاتری شەرڤانی کورد بکات.

ئەریک شمیت نوسیویەتی: ئیدارەی ئۆباما خەریکی دیراسەکردنی پلانێکی سەربازییە بۆئەوەی راستەوخۆ شەرڤانانی کوردی سوریا پڕچەک بکات، کە شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن، ئەمەش گۆڕانێکی گەورەی سیاسیە کە ئەگەری هێرشکردنە سەر گروپە تیرۆریستیەکە خێرا دەکات، بەڵام ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی هەڵکشانێکی توندی بارگرژییەکانی نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان.

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە: «پلانەکە لەلایەن ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لەژێر گفتوگۆدایە لە ساتەوەختێک کە سەرۆک ئۆباما هاوکارەکانی راسپاردووە دیراسەی سەرجەم ئەو پرۆپۆزەڵانە بکەن، کە بە هۆیانەوە دەکرێ شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی خێرا بکرێت. ئۆباما بە هاوکارەکانی وتووە کە ئەو دەخوازێت بەرلەوەی ئۆفیسی سەرۆکایەتی بەجێبهێڵێت ئۆپەراسیۆنی دژ دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر رەققەی پایتەختی دیفاکتۆی داعش لە سوریا دەستپێبکرێت. بڕیاردانی پڕچەککردنی کوردانی سوریا بڕیارێکی قورس دەبێت بۆ ئۆباما، کە لەو نێوانەدا گیری خواردووە، بەوەی هەوڵدەدات هاوسەنگی خواستی بەرزی سیاسی و هەرێمایەتی تورکیا و کوردانی سوریا رابگرێت.»

ئەوەش خراوەتەڕوو: راستەوخۆ پڕچەککردنی کوردانی سوریا (رۆژئاڤا) بۆ یەکەمین جار، هێزێک کە کۆماندارە ئەمریکیەکان بە کاریگەرترین هێزی زەمینیان دەبینن لە شەڕی مەیدانی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی، ئەوە بەهۆی ئەم هەنگاوە تازەوە بنەمایەکی پتەو بۆ هێرشکردنە سەر رەققە دادەنرێت، بەڵام پڕچەککردنیان، هەروەها پەیوەندییەکانی ئۆباما لەگەڵ سەرۆکی تورکی، رەجەب تەیب ئەردۆگان خراپتر دەکات. ویلایەتە یەکگرتووەکان و تورکیا زۆر بەتوندی ناکۆکن لەگەڵ یەکتری لەسەر شەرڤانە کوردەکانی سوریا، ئەو هێزەی کە تورکیا بە دوژمنی سەرەکی خۆی لە سوریا دەیبینێت.

راپۆرتەکەی رۆژنامەی نیۆرک تایمز بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت: پلانەکە بە فلتەری فەرماندەی ناوەندیی پنتاگۆن تێپەڕیوە، کە سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، پنتاگۆن داوای دابینکردنی چەکی سوک و ئازوقە بۆ کوردانی سوریا دەکات، لەگەڵ هەندێ هاوکاری تر بۆ ئۆپەراسیۆنی دیاریکراو، بەڵام نەک دابینکردنی چەکی قورسی وەک چەکی دژە تانک یان چەکی دژە فڕۆکە.

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە: فەرماندە ئەمریکیەکان پلانی پڕچەککردنی کوردانی سوریا وەک پاداشتێک دەبینن، تاوەکو بەردەوام بن لە مانەوەیان لەنێو کەشتی شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی. جەنەراڵ جۆزێف ڤۆتێل، سەرۆکی فەرماندەی ناوەند، ئاماژەی بەوەداوە، کە رەنگە ئەو دۆخە نالەبار و شلۆقە سیاسی و سەربازییە هەنگاونان بەرەو گرتنەوەی رەققە هێواش بکاتەوە. جەنەراڵ ڤۆتێل وتویەتی: «ئێمە دەبێت رۆڵێکی سەرکردایەتی لەنێوان هەردوولادا بگێڕین، تورکەکان و کوردەکان، هەروەها بەردەوام بین لە تێشکخستنە سەر تێکشکاندنی داعش».

**لەبەر دڵڕاگرتنی تورکیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان راستەوخۆ خودی شەرڤانە کوردەکانی پڕچەک نەکردووە**

ئەو رۆژنامەنووسە ئەوەشی نوسیوە: «ئەو شەرڤانە عەرەبانەی کە لەژێر سەرپەرشتی کوردەکان شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن، نزیکەی ٣٥٠ باری چەک و تەقەمەنی لەرێی ئاسمانەوە یان زەمینیەوە گەیەندراوەتە دەستیان، بەڵام لەبەر دڵڕاگرتنی تورکیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان راستەوخۆ خودی شەرڤانە کوردەکانی پڕچەک نەکردووە. بەلای زۆر لە شرۆڤەکارانەوە پشتیوانی پنتاگۆن بۆ عەرەبەکانی سوریا لە بنەڕەتدا بۆ یارمەتیدانی کوردانی سوریا بووە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە کاریگەرترین هێزی هاوپەیمانی خۆی و شەرڤانی بەتوانای بینیون، بەڵام پڕچەککردنی کوردان بە شێوەیەکی راستەوخۆ، تەنانەت ئەگەر بۆ ئۆپەراسیۆنی دیاریکراویش بێت، ئەوە هەر بە گۆڕانێکی گرنگی پراکتیکی و سیمبۆڵی دادەنرێت.»

بە گوێرەی راپۆرتەکە، پێنج بەرپرسیی باڵای ئەمریکی

کە گفتوگۆیەکی کورتیان لەبارەی پڕۆژەکە کردووە و بەو مەرجەی کە ناویان نەهێنرێت، چونکە پلانەکە هێشتا لەژێر پێداچوونەوە دایە، بەڵام ئەوەیان ڕاگەیاندووە، کە هەر جۆرە هاوکارییەکی ڕاستەوخۆی کوردان، ئەوە ستراتیژییەتی تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی پتەوتر دەکات.

**لە ئێستادا کە باسی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ و شاری ڕەقە دەکرێت، زۆر لایەن خۆیان دەکەنە پاڵەوان و ڕۆڵی ئەو جەنگاوەرانە نابینن کە سایکۆلۆژیای ترسی داعشیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکشکاند**

هەر بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، یەک لە ئامانجە پراکتیکیەکانی پلانەکە ئەوەیە، کە کەرەسە و تفاق بە کوردانی سوریا بدرێت دوای ئەوەی کە پێشەنگایەتی چەندین شەڕی سەر سەختیان دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی کرد لە چەند مانگی ڕابردوودا، کە بە شەڕی نزیک سنووری نێوان سوریا و عێراق دەستیان پێکرد، تا دوایین شەڕییان لە شاری ستراتیژی مەنبج، ئەو شارەی کە گروپە تیرۆریستیەکەی داعش ناوەندی پێگەیاندنی سەدان چەکداری تازەیان تێدا کردبووەوە، شارەکە دەرگای سەرەکی ئەو چەکدارە ڕاهێنراوانە بوون، کە لەڕێی تورکیاوە دەگەڕانەوە ئەوروپا.

وەکو نیۆرک تایمز بڵاوی کردووەتەوە: بەرپرسانی ئەمریکی دەڵێن لە ڕووی سیاسییەوە، ئەو هاوکارییە ڕاستەوخۆیە، هەروەها هەوڵێک دەبێت بۆ هێورکردنەوەی ئەو هەستی پەستبوون و تووڕەییەی کوردانی سوریا لەبەرامبەر ئەمریکای هاوپەیمانیان بۆیان دروست بووە، لەو کاتەوەی کە تورکیا هێرشی کردووەتە سەر جەرابلوس.

ڕاپۆرتەکە ئەوەشی وتووە: میدیای تورکی بڵاویان کردەوە کە ئەردۆگان ئەوەی خستووەتەڕوو، کە وڵاتەکەی لە ئامادەباشیدایە تاوەکو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشداری تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی بکات لە ڕەققە، بەڵام بەرپرسە ئەمریکیەکان ئەو پێشنیازەی تورکیایان بەهەند وەرنەگرتوە و وتویانە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا لە هەوڵی ئەوەدایە، کە چۆن هێزەکان کۆبکاتەوە بۆ بەشداریکردنیان لە شەڕی زەمینی بۆ گرتنەوەی ڕەققە.
کاتێک چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر شاری موسڵ، کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە لە دوای بەغدادی پایتەخت، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەو شارەیان گرت، چونکە سەربازانی سوپای عێراق شەڕیان نەکرد و هەڵهاتن، ئەوەش دوای ئەوەی کە چەتەکان لە سوریا ناوچەیەکی فراوانیان گرتبوو.

دواتر هێرشیان کردە سەر شەنگال و مەخمور و تا نزیک شاری هەولێر هاتن، ئەو پێشمەرگانەی پارتی کە لەو سنورانە بوون، بە بێ شەڕ ئەو ناوچانەیان چۆڵ کرد و ئەوانیش وەکو سوپای عێراق هەڵهاتن، بەو هۆیەوە داعش کۆمەڵکوژی شەنگالی ئەنجامدا، کە هەزاران پیاوی ئێزدی کوشت و هەزاران ژن و کچی ئێزدی گرت و دواتر لە بازاڕەکانی موسڵ و ڕەقە کڕین و فرۆشتنی پێوەکردن، لە ئێستادا زیاتر لە سێ هەزار لەو ئافرەتە ئێزدیانە لە دەستی داعشدان.
ئەو کاتە کەس نەیدەتوانی لە بەرامبەر داعش شەڕ بکات و ڕووبەڕووی چەتەکانی داعش ببێتەوە، بەڵام شەرڤانانی کورد لە ڕۆژئاوا و گەریلاکانی کورد لە چیاکانی کوردستانەوە هاتن و فریای گەلی شەنگال و باشوری کوردستان کەوتن و توانیان، نەک هەر پێش لە چەتەکانی داعش بگرین، بەڵکو تێکیشیان بشکێنن، ئەوە وەرەی دایە سوپای عێراق و پێشمەرگەش.

بەڵام لە ئێستادا کە باسی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ و شاری ڕەقە دەکرێت، زۆر لایەن خۆیان دەکەنە پاڵەوان و ڕۆڵی ئەو جەنگاوەرانە نابینن کە سایکۆلۆژیای ترسی داعشیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکشکاند.

جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکی کوردستان کەجەکە، لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی یەنی ئۆزگور پۆلیتیکا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: لەو ماوەیەدا زۆر باسی دەستپێکردنی هەڵمەتی موسل و ڕەقە دەکرێ، زۆر لە هێزەکان ئامادەییان نیشانداوە بۆ بەشداریکردن لەو هەڵمەتە، زۆر لەوانە

دەیەوێ دەستکەوتی دیاریکراو بەدیبێنن و مەرج بۆ بەشداریکردنیان دادەنێن، ئەو کەسانەی پێش دوو ساڵ لەگەڵ ناوهێنانی داعش دەلەرزین و ئەو کەسانەی لەگەڵ دەرکەوتنی راگەیاندنی داعش هەڵدەهاتن، ئەمڕۆ دەڵێن شەڕی داعش دەکەین.

جەمیل بایک باس لەوە دەکات: هێزەکانی گەریلا رۆڵیان هەبوو لە شکاندنی شکۆی داعش و دەرکردنیان لە زۆر ناوچە، پاڵەوان لە هێزەکانی گەریلا لە شەنگال رووبەرووی هەزاران چەتەی داعش بوونەوە و داستانیان تۆمار کرد و سەلماندیان ئەوان وەک ئەوانە نین کە لە ترسی داعش هەڵاتن، بەرگری کۆبانێ و شەنگال و ئەو سەرکەوتنانەی شەرڤانانی کورد بەدەستیان هێنا ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و پلانەکانی دەوڵەتی تورکیای شکستپێهێنا، کە چاوەڕێی سەرکەوتنی داعشیان لە کۆبانێ دەکرد.

هاوسەرۆکی کەجەکە دەڵێت: بەرگری کۆبانێ و شەنگال تەنها شکستی داعش نەبوو، بەڵکو سنووری بۆ کاریگەری داعش لەسەر جیهانی ئیسلامی دانا و پشتگیری لەو رێکخراوە و چوونە ریزەکانی کەمکردەوە، شکستی داعش بوێری بەخشی بە هەموو هێزە زیان لێکەوتووەکان بەهۆی داعشەوە، سوپای عێراقیش دوای ئەوە توانی زۆر ناوچە لە داعش وەرگرێتەوە، هەروەها دەرکردنی داعش لە مەنبج بووە بڕینی رێگای داعشی نێوان رەقە و تورکیا و داعش لە شەڕی کۆبانێ و مەنبج چەتە هەرە باشەکانی لەدەستدا و بەشێوەیەکی فراوان وورەیان لەدەستدا و شەڕی داعش دوای ئەوە ئاسان بوو.

جەمیل بایک نوسیویەتی: کەواتە کێ هەموو ئەوانەی بەدیهێنا؟ ئەوانە شەرڤانانی کورد بوون، گومان لە نیازی راستەقینەی دەوڵەتی تورکیا لە شەڕی داعش دەکرێ، دەوڵەتی تورکیا بەتایبەتی دوای رزگارکردنی مەنبج راستی شکستی داعشی بۆ یەکلابۆوە و چی تر توانای ئەوەی نەبوو لە رێگەی داعشەوە سیاسەتەکانی لە سوریا پەرەپێبدا، بۆیە کەوتە چاندنی چەتەکانی خۆی لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی داعشدایە، دوای ئەوەی تورکیا هەستی کرد داعش بەرەو لەناوچوون دەچێ، چەتەی نوێی خستە گۆڕەپانەکە بۆ ئەوەی بیانگۆڕێتەوە بە چەتەکانی داعش، تورکیا دەیەوێ بەشی لە لەناوچوونی داعشی بەرکەوێ و هەڵوێستی وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش مەودای لە پێش داعش کردەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی.

جەمیل بایک کە زۆر جار لە رێگەی نوسینەوە تێڕوانینەکانی خۆی و جوڵانەوەکەی دەخاتەڕوو، دەڵێت: تورکیا لە شەڕی دووەمی جیهانی بە هەماهەنگی لەگەڵ هیتلەر شەڕی دەکرد، کاتێ بۆی روون بووەوە هیتلەر شکست دێنێ، خۆی دایە پاڵ هاوپەیمانی دژی فاشیزم، ئێستاش هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکات، سیاسەتی نێودەوڵەتی لەو رووەوە دووپێوانەیی پێوە دیارە.

**ئەو هێزانەی کە شەڕی داعشیان نەکرد دەیانەوێ ئەو هێزانەی شەڕی داعشیان لە سوریا و عێراق کرد، دووربخەنەوە**

هاوسەرۆکی کەجەکە ئەوەشی خستوەتەڕوو: داوا لە هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراییەکان لە سوریا دەکەین، کە شەڕی بەرگری و رووبەڕووبوونەوەی دژی تورکیا فراوان بکەن، سەبارەت بە هەندێ هەوڵیش بۆ دوورخستنەوەی گەریلا لە شەڕی موسڵ، هەموو کەس دەزانێ ئەو لایەنانە کێ بوون کە بوونە هۆی کەوتنی شەنگال، ئەو کەسانەی خەڵکی تەلەعفەر و شەنگال و موسڵیان رادەستی داعش کرد، ئێستا دەیانەوێ بەشداری هەڵمەتی لەناوبردنی داعش بن، ئەو هێزانە دەیانەوێ گەریلا کە لە شەنگال و مەخموور و موسڵ و هەولێر رووبەڕووی داعش بویەوە، دووربخەنەوە، ئەو هێزانەی کە شەڕی داعشیان نەکرد دەیانەوێ ئەو هێزانەی شەڕی داعشیان لە سوریا و عێراق کرد، دووربخەنەوە، ئەوە ئاستی ئەخلاقییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

# نەتەوەی دیموکراتی یەکگرتنەوەیە لە چوارچێوەی جیاوازیەکاندا



ئالدار خەلیل
لەعەرەبیەوە: دلێر ئاکرەیی

ڕەنگە بەهار لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەو گۆڕانکاریانەی لە سیستەمە حوکمڕانیەکانی ژمارەیەک لە دەوڵەتە عەرەبیەکان بە دوای خۆیاندا هێناوە، دەرئەنجامی ئەو قەیرانە مەعریفیە فیکریە سیاسیە و سیاسەتە ناوەندگەراییە تاکڕەوەکانە کە بەسەر گەلاندا سەپێندراون و هەموو کارێکیان کردووە بۆ دابینکردنی مانەوەی ئەو ڕژێمانە و توندوتیژترین سیاسەتەکانی ستەمکاریان پیادە کردووە لە ترساندن و کوشتن و توقاندن و دەربەدەرکردن و بەسەر هەموو کەسێکیاندا سەپاندووە کە ویستوویەتی وشەی نا بڵێت. دۆخی سوریا جیاوازترە لە دۆخی ئەو وڵاتانەی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریان بە سەردا هات لەو سەردەمەی کە پێی دەوترا شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی. سوریا لە ماوەیەکی کورتدا، بوو بە گۆڕەپانی دەستێوەردانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، دووچاری جۆرەها ئۆپۆزسیۆنی فشۆڵ و سستی وابەستراو و لادەر لە ڕاڕەوی نیشتمانیەکەیان بوو، لە پاڵ ئەوەشدا ڕژێم درێژەی بە بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ و زەهنیەتە باوەکەی دەدا. لێرەوە سوریا لە بری بیرکردنەوە لە غەمی گشت نشتیمان و چۆنیەتی گواستنەوە بۆ ژیانێکی نوێ، بەرەو گۆڕەپانی ململانێی و جەنگ گۆڕدرا کە ئەوەندەی نەماوە ببێتە جەنگی جیهانی سێیەم، و حیساب پرسینەوەی گروپە خۆسەپێنەرە دەسەڵاتخوازەکان.

لە ڕۆژئاوا ڕەتمان کردووە ببینە لایەنێک لە پرۆسەی ململانێی سەر دەسەڵات. بە پێی پێودانگە ئەخلاقی و نشتیمانیەکانمان و بڕواییمان بە زیندووکردنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی بە ئیرادەیەکی ئازاد، خۆمان بە سیاسەتی هێڵی سێیەمەوە بەست وەکو ڕێچکەیەک( ڕێبازێک)کە باوەڕی بە پێداویستیەکانی گۆڕانکاری دیموکراتی دەکات و توانایەکی ستراتیژی زۆرتری هەیە بۆ خزمەتکردنی داخوازیەکانی گەلی سوریا. بۆیە هەموومان لە کورد، عەرەب، سریانی، ئاشوری، کلدانی، شیشانی و تورکمان بە یەکەوە کارمان بۆ پاراستن و داکۆکیکردن لە هەرێمەکانمان کرد.

ڕێبازی( هێڵی) سێیەم بەرهەمی سیاسەتی دیموکراتیە کە فەلسەفەی ڕێبەر ئۆجالان و تیۆری نەتەوەی دیموکراتی بە بنەمای شۆڕشگێری و فیکری خۆی دادەنێت، هێزی دامەزرێنەری نەتەوەی دیموکراتی لەوەدا خۆیی دەنوێنێت کە لە بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیە کلاسیەکانەوە( باوەکانەوە) نەوەستا ، بەڵکو خۆی گواستووتەوە بۆ دەنگە ڕەخنەگرە نوێیەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، بەوەش مۆدێلێکی نوێی ئایدیۆلۆژیا وەکو سیستەمێکی بەیەکەوە بەستراوی ڕاستیەکانی پێشکەش کرد .ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەرخۆردێکی دیموکراتیانەی چەمکی ئایدیۆلۆژیایە کە چەمکە کۆنەکەی هەبوونی جیاوازی پەسەند نەدەکرد. هەروەها وەڵامێکی لۆژیکیە بۆ ئەو بانگخوازانەی کە بانگەشەی کۆتاییهاتنی ئایدیۆلۆژیایان دەکرد. هاوکات باسکردنی ڕێبەر ئۆجالان لە فەلسەفە کۆن و نوێیەکان بە هەمان ئاست، دەرهاویشتە و لێکەوتەی قوڵبوونەوە و ڕێنوێنیەکانێتی سەبارەت بەو ڕاستینەیەی کە تێایدا دەژین. هەروەها کارەکانی ژمارەیەک بیرمەند و فەیلەسوفی خوێندووە، وێرای برودیل و والرشتاین، لە فەلسەفەی مورای بوکین قووڵ بووتەوە و کاریگەری لێکردووە، لە هەمانکاتدا بە ئەدۆرنۆ، گرامشی، ئیبن خەلدون، هۆبز، ڕۆسۆ و ئیخوان سەفا کاریگەر بووە، لە تیروانینە فەلسەفیەکانیشیدا داکۆکی لە کارل مارکسی کردووە و ڕەخنەشی لەو هەڵانەی گرتووە کە لە تیۆریەکەیدا بەدی دەکرێن، سەبارەت بە مانەوەی دەوڵەتی سەپێندراو بە سەر کۆمەڵگابووندا کاتێک کە تەنیا داوای گۆڕینی دەسەڵاتێک دەکات بە دەسەڵاتی پرۆلیتاریا، جیاوازیەکیتری لە گەڵ مارکسدا ئەوە یە کە ئابووری هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نیە لە شیکردنەوەی مێژوودا. ڕێبەر ئاپۆ فەلسەفەیەکی نوێی هێنایە ئارا کە خۆی لە نەتەوەی دیموکراتیدا دەژێنێت و بەرجەستە دەکات کە جیایە لە سەرجەم نمونە باوەکانی نەتەوە لە جۆری( نەتەوەی بازاڕ و نەتەوەی یاسا و نەتەوەی نەتەوەیی و نەتەوەی ئایینی......).

جیاوازی لە نێوان مورای بۆکچین و ڕێبەر ئۆجالانیش ئەوەیە کە یەکەم داوای ئەنارشیستی کردووە و سروشت-ی بە بنەڕەت هەژمار کردووە و هەرگیز باسی لە ژن نەکردووە. کەچی ڕێبەر ئۆجالان لە بری بێ-دەسەڵاتی داوای بەڕێوەبەری کردووە و ژینگەی بە بنەمایەکی سەرەکی لە بنەماکانی کۆمەڵگای دیموکراتی داناوە و هەردوو چەمکی ژن و سروشتیشی لە یەکتر نزیک

کردووتەوە و داوای گەڕانەوە بە زهنیەتێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ کردووە. کەچی جیاوازی نێوان برودیل و ئەدۆرنۆ لەلایەک و ئۆجالان لە لایەکی ترەوە ئەوەیە کە هەر دوو یەکەمەکان تەنیا داوای رەخنەگرتن لە سەرمایەدارییان کردوە و هەندێ جاریش ئەدۆرنۆ داوای نوێبوونەوەی کردووە، لە کاتێکدا رێبەر ئۆجالان جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی تێگەیشتنی داهاتوو و ئێستاکە، بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژوو مەحاڵە. لێرەدا دەشێ جیاوازی نێوان رێبەر ئۆجالان لەلایەک و برودیل و ئەدۆرنۆ لەلایەکی دیکەوە ببینرێت. سەرباری ئەوەش هەر دووکیان(و برودیل و ئەدۆرنۆ) پێداگیریان لە سەر هەردوو فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتیان کردووە لە بەرپابوونی وەرچەرخانە مێژوویەکاندا، لە کاتێکدا رێبەر ئۆجالان ئەو شتەی بەکارێکی ناروون و لێڵ دەبینێ، بەڵام پێکهێنانی رێکخستنی کۆمەڵگابوون و دامەزراندنی کۆمۆنەکان و ژمارەیەکی زۆری دامودەزگاکان کە لە بواری کردەییدا کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن و نزیکایەتی نێوانیان و کوانتۆمی کۆمەڵگابوون شتێکی دیارو ئاشکرایە.

فەلسەفەی رێبەر عەبدوڵلا ئۆجالان و تێزەکەی سەبارەت بە پرۆژەی نەتەوەی دیموکراتی کە لە سەربنەمای میکانیزمی خۆ رێکخستن و پێکەوە ژیان بونیاد نراوە، یارمەتیمانی داوە کە درک بە گرنگی ئەو هێرشانە بکەین کە دەکرێنە سەر ناسنامە و وێڕای جیاوازی ناسنامەکانیش کار بۆ پاراستنیان بکەین.

چەمکی نەتەوەی دیموکراتی وەکو بەڕێز ئۆجالان دەڵێت: (نەتەوەی دیموکراتی وەکو مۆدێلێکی چارەسەرئامێز، دیموکراتیزەکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەژێنێتەوە کە ئارەزووی دەوڵەت - نەتەوە لەت لەتی کردوون، ناسنامە جیاوازەکانیش بە گیانی رێکەوتن و ئاشتی و سنگفراوانی بارگاوی دەکات. بۆیە دەسکەوتە گەورەکانی لە گەڵ خۆیدا هێناوە. مۆدێلی نەتەوەی دیموکراتی بە هۆشیاریەکی راستی کۆمەڵگابوون چەکدار دەکرێت تا سەرەتا درکپێکراوەکانی( تێڕوانینەکانی) کۆمەڵگابوون کە بە توندوتیژی بارکراون، ملکەچیان بکات و دواتر بە مرۆییان بکاتەوە. بەو پێیە و لەبەرئەوە ئێمە خاوەن شۆرشێکین، نەمانویست لەو کەسانەبین کە لە دەستنیشان کردنی پێداویستیەکانیان دوور دەکەونەوە.
لە سەر ئەو بنەمایە بە دوای چارەسەریە گونجاوەکاندا گەڕاین، بەڵام نەک بەو رێگایانە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبنە هۆی هێنانی دەسەڵات کە چەندین لایەن بە چاکسازیە رووتوشکراوەکانی دۆخی سیستەمی ئێستای ناوەندگەرایی دەیانویست و پێداویستیە بنەڕەتیەکەی گەلی سوریان پشتگوێ دەخست کە خۆی لە گواستنەوە بۆ قۆناخێکی جیاوازتر بەرجەستە دەکات لەوەی کە سوریا گوزەری تێدا دەکات.

لێرەوە بینیمان و بە گفتوگۆکردن لە گەڵ هەموو پێکهاتەکانی رۆژئاوای کوردستان، بەوە گەیشتین کە مۆدێلی نەتەوەی دیموکراتی نەک تەنیا دەبێتە باشترین مۆدێل بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەکەمان و کۆمەڵگای سوریا، بەڵکو ئەو مۆدێلە بەهاکانی کۆمەڵگا زیندوو دەکاتەوە و دەیانپارێزێت...

**خۆبەڕێوەبەری باشترین مۆدێلە کە رەهەندەکانی نەتەوەی دیموکراتی بەرجەستە دەکات**

لەوانەیە باسکردنی رەهەندەکانی پرۆژەی نەتەوەی دیموکراتی پێویستە، لەوانە بەرگری لە خۆکردن(خۆپاراستن) - کرانەوەی ناوخۆیی (خۆجێی) و جیهانی بە دیبلۆماسیەتێک کە شایستەی کۆمەڵگابێت، هەروەها بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە(فێرکردن) و رۆشنبیری و گرنگیدان بە زمان و پەرەپێدانی ئابووری کۆمەڵگابوون و دامەزراندنی ئەنجومەن و دامەزراوەکان. بینیمان ئەو رەهەندانە لە رۆژئاوا هەبوونیان هەیە و دەستمان بە رێکخستنەوەی کۆمەڵگا لەسەربنەمای کۆمۆنەکان کرد، دواتر کارمان بۆ دامەزراندنی دامەزراوەکانمان کرد. بەو جۆرە خۆبەڕێوەبەری باشترین مۆدێلە کە رەهەندەکانی نەتەوەی دیموکراتی بەرجەستە دەکات، بەوەش رۆژئاوای کوردستان لە ناوەندگەرایی دوورکەوتەوە و خۆی سپاردە ئەو رەهەندانە وەکو بنەمایەکی سەرەکی و پشتیشی بە گەل بەست بەو پێیەی کە خۆی سیاسەتی بەڕێوەبردنی خۆی دادەڕێژێت بە گوێرەی رێکەوتن لە نێوان پێکهاتانەکان کە لەسەر گرنگی و پێویستیبوونی ئەو پرۆژەیە کۆبوونەتەوە و رێک کەوتوون.
یەکێک لە گرنگترین ئەو شتانەی کە شۆرشی رۆژئاوا جیا دەکاتەوە، هەبوونی فرەجۆری و دواتریش دۆخی جیاوازی و یەکێتیە لە سەر روانگەیەکی هاوبەش، ئەویش ئەو پرۆژەیە کە

لەلایەن فەیلەسوف و ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان پێشکەش کراوە و بۆ سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان گونجاوە، بە جۆرێک کە هەموو لایەنەکان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن و لە بواری کردەییشدا بەپێی کرۆکی ناسنامەکەیان بەشداری تێدابکەن بەشێوەیەک کە لە گەڵ سروشتی ئەو پێکهاتانە بگونجێت. پێکهاتەکانی ڕۆژئاوا لە سیستەمی سەرۆکایەتی هاوبەش(هاوسەرۆکایەتی)دا مۆدێلێکی نوێ-یان بینی کە حاڵەتی دیموکراتی دەنوێنێ و نەک تەنیا ئەو بۆشاییەی بەڕێوەبەرایەتی پردەکاتەوە کە ڕژێمی دەسەڵات و بیرۆکراسیەکەی بەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە، بەڵکو زهنیەتی خۆسەپێنەر و تاکڕەوی و دەسەڵاتخوازیش ڕەت دەکاتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا بیر لە چۆنیەتی بەشداریکردن لە بڕیار و گفتوگۆ کردن بەمەبەستی پەرەسەندنی باشتردەکاتەوە، بەو جۆرەش هەموو پێکهاتەکان نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خۆیان بینی لە بەشداریکردنیاندا لەو مۆدێلە.

**یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەو یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە بەمەبەستی بەرگریکردن لە ڕۆژئاوا دژ بە هەموو هێرشەکان دامەزراون**

لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگابوون و خزمەتگوزاریشدا هەموو پێکهاتەکان کار بۆ دامەزراندنی ئەو دامەزراوە و ئەنجومەنانە دەکەن کە پێویست و گرنگن بۆ خزمەتکردنی گەل بە هەموو پێکهاتەکەیەوە. گەلیش خۆی لە چوارچێوەی شارەداری و دادگای میللی ( گەلەری) و ئەنجومەنە خۆجێیەکاندا ڕێک خستووە و ئابووری کۆمەڵگابوونیش بە ئامانجی پەرەپێدانی کاری خزمەتگوزاری بەکاردێنێت و پەرەی پێدەدات.

ئەوەش بە هەستێکی نشتیمانیەوە بەستراوەتەوە کە لە ئیرادەی پێکهاتە بەشداربووەکان هەڵقوڵاوە، چونکە ئەوە پێداویستیەکە لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگای دیموکراتی کە هەوڵی بۆ دەدەین. لە چوارچێوەی درێژەدانیش بە ڕەوشی ڕێکخستنی گەلدا، پێکهاتەکان لە سەر گرنگی و پێویستی هەبوونی هێزەکانی پاراستنی ئەمنی ناوخۆیی لە ئاسایش و هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگا ڕێک کەوتوون، ئەو هێزانەش لەلایەکەوە باوەڕیبوون بە کرۆکی بەرگری لە خۆکردن و خۆپاراستن کردوویانە بەبنەمایەک و لەلایەکی دیکەشەوە تیۆری نەتەوەی دیموکراتییان کردووە بە ڕێبازێک.

بەو جۆرە ئەرکە ئەخلاقیەکانیان ڕادەپەڕێنن کە خۆیان لە پاراستنی ئاسایش و پارێزگاریکردنی کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا دەنوێنن و نایەڵن کۆمەڵگا بخزێتە بەرەو گێرەشێوێنی کە هەندێک لایەنی ناحەزی سازان و پێکەوە ژیان و خۆشەویستی نێوان کورد، عەرەب، تورکمان، سوریانی، ئاشوری و کلدانی هەوڵی بۆ دەدەن. ئەو هێزانە چەندین پرۆژەیان لە باربردووە کە ئامانجەکەی تێکدانی یەکگرتنەوەی کۆمەڵگای فرەڕەنگیمان بووە، کۆمەڵگاکەش دوای دەستنیشانکردنی ئەو هەوڵانە، خۆی پتەوترکرد و پشتی بەوبنەما سروشتیانەوە بەست کە گەلانی ڕۆژئاوا بەیەکەوەیان گرێ دەدەن، بۆیە هێز و سازانیان زیاتر بوو.

هەروەها هێزەکانی بەرگری لە خۆکردنیش کە نەک تەنیا لەلایەن ناسنامەیەکەوە پاوان نەکراوە، بەڵکو بەبەشداریکردن ناسنامەکانی هەمەڕەنگی تابلۆیەکی سروشتی پێکهاتەکانی ڕۆژئاوا نیشان دەدات، لاوانیش بە پەیوەستبوونە جیاجیاکانیانەوە پەیوەندی بەو هێزانەوە دەکەن ئەو گەنجانە بڕواییان بە ئەرکی نیشتیمانیان هەیە و دەزانن کە نەک تەنیا ناسنامەیەک، بەڵکو ناسنامەی هەموو پێکهاتەکانی ڕۆژئاوا بەبێ جیاوازی کراوەتە ئامانج. بۆیە داستانی قارەمانێتی بۆ پاراستنی هەرێمەکان و بەرگریکردنیان تۆمار کردووە و تۆمار دەکەن، بەوجۆرەش خوێنی کوردان و عەرەبەکان بە خوێنی سوریانی و تورکمان و ئاشوریەکان تێکەڵاو بووە تا قەڵایەکی پتەو بەرامبەر بە هەر لایەنێک بونیاد بنێن کە گرەو لە سەر هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتنی پێکهاتەکانی ڕۆژئاوا دەکات.

کەچی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەو یەکینەکانی پاراستنی ژن یەپەژە بەمەبەستی بەرگریکردن لە ڕۆژئاوا دژ بە هەموو هێرشەکان دامەزراون کە دەیانەوێ کۆمەڵگا هەڵوەشێنن و دەستدرێژی بکەنە سەر گەل. ئەو هێزانە بەرخۆدانی قارەمانییان بە ڕۆڵە دلێرەکانی ڕۆژئاوا بەناسنامە جیاکانیانەوە تۆمار کردووە و پۆلێک شەهیدی ئازا و قارەمان لە کورد و عەرەب و سوریانی و ئاشوری و ئەرمەن و تێکۆشەرە نێونەتەوەییەکان لە دەوڵەتە جیاجیاکانی جیهانیان پێشکەش کردووە. کاتێک ئەو

هێزانە سەرکەوتنی گەورەیان بە سەر هێزە هێرشبەرەکان بە دەست هێنا و هەنگاویان بەرەو خواستەکانی گەل هەڵێنا و بەبێ جیاوازی پەیوەستبوونی دانیشتوانەکان بەرگریان لە ناوچە و گوند و شارۆچکەکانیان کرد. ئەو هێزانە ئەوەندە پەرەیانسەند و پێکهاتییەکەی ئەوەندە بەرفراوان بوو کە هەندێک لە گروپ و کەتیبە و لیواکانی ئەرتەشی ئازادی سوریاش لەخۆ بگرێت، لەو گروپانەی کە لە راستیدا و لە بواری کردەییدا بڕواییان بە هێڵی شۆرشی سورییایان هەبوو.

هەموو ئەو هێزانە لە ژێر چەتری هێزەکانی سوریای دیموکراتی دا یەکیان گرتەوە کە ئەمڕۆ بە ئیرادەی گەلی
رۆژئاوا قەڵاکانی تیرۆر دەکوتن و هەڕەشە لە پایتەختی بانگەشەکراوی خەلافەت دەکەن. بە ئازایەتی ژنان وپیاوانی ئەندامانی ئەو هێزانە دەشێ وەکو کرۆکی راستەقینەی سوپای نیشتمانی دیموکراتی لە سەر ئاستی سوریا چاوی لێبکرێت و نوێنەرایەتی ئەو تابلۆوە و مۆزائیکی نیشتمانی سوریا دەکات بە هەموو گەل و فرە نەتەوەکانیەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە بواری فێرکردنەوە (پەروەردەوە) هەیە، بابەتی ئازادی پەروەردەی تاکەکان بە پێی پەیوەسبوونیان و بە زمانەکانیان بابەتێکی یەکجار گرنگە. هەر وەکو رێبەر ئۆجالان دەڵێت "ئاستی پەرەسەندنی زمان، ئاستی گەشەپێدان لە ژیاندا رەنگ دەداتەوە". پێداگیریمان لە رۆژئاوا لە سەر پێویستی و گرنگی ئەو بابەتە لە بەر ئەوەیە کە یەکێکە لە پێدواویستیەکانی پاراستنی دۆخی فرەڕەنگی کولتوری و پێشکەشکردنی ئەوەی پێویستە دەکات بۆ پاڵپشتی ئەو فرەڕەنگیە، بە پێچەوانەی یاساکانی دەوڵەتی سوریا کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسدا زاڵ بوون. دۆخی رێکخستنی گەل فرەڕەنگی ناسنامەی نەتەوەیی و پەروەردە و بەشداریکردن لە بەرێوەبردندا دەپارێزێت. ئەوەش یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکە کردەییەکانی پرۆژەی نەتەوەی دیموکراتی. بەرجەستەبوونی کردەیی پرۆژەکە و بنەما سروشتیەکانی لە سەر خاکی رۆژئاوای کوردستانمان بینی.

ئەوەی کە ئاستی هێز و تایبەتمەندی شۆرشی رۆژئاوای بەرزتر کردووتەوە، رۆڵی پێشەنگ و رابەرایەتیەکە گەنجان دەگێرن،کە بە ئیرادەکەیان دەناسرێن و رۆڵی پێشڕەوایەتی دیار لە هەموو بوارەکانی شۆرشی رۆژئاوا دا دەگێرن. هەروەها ژنیش توانی دەست بە تێکۆشانەکەی بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕاڕەوی راستەقینەکەی کە شایستەی خۆی و مێژووکەیەتی، وەکو دایک و بەڕێوەبەر و شەرڤان و مامۆستا و سەرۆکی هەموو دامەزراوەکان، لە رۆژئاوا ژن لە دۆخی زاڵبوونی کولتوری زۆرداری و خۆسەپاندن کە زهنیەتی نێرسالاری و رەگەزگەرایی نوێنەرایەتی دەکرد بۆ ئاستێک گوێزرایەوە کە بتوانێت سەرکردایەتی تێکۆشانی ئازادی بکات و ببێتە کۆڵەکەی سەرەکی رێکخستنی کۆمەڵگابوون. لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانم خەجت لەوە بکەمەوە کە ئێمە بە هەڵەدا نەچووین کاتێک شۆرشی رۆژئاوامان بە شۆرشی ژن ناو برد.

پێشکەشکردنی پرۆژەیەکی دیموکراتی وەکو پرۆژەی نەتەوەی دیموکراتی هاوکات بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەگەرەکان لەبەردەم ئەو شۆرشەی کە بانگەوازیی بۆ پێداویستیەکی وەهای دەکرد، بەربەستەکان و تەنگەژەکان گەیشتبوونە لوتکە بەو زهنیەتەی کە رژێم سالانێکی دوورو درێژ شێواندبووی. ئێمەش کارمان بۆ پاککردنەوە و گەڕانەوەی بۆ سەر سروشتەکەی کرد لە میانەی پشتبەستن بە تاکی هاوڵاتی ئازاد و ژیانی کۆمۆنی( هەرەوەزی ) دیموکراتی کە سوودی گشتی بۆ کۆمەڵگا بگەڕێتەوە، نەک کۆمەڵگا خراپ بەکاربهێندرێت و راستینەکەی لە هەبوونی تاک رووت بکرێتەوە یان تاک بە لوتبەرزی و لەخۆباییبوونەوە هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەوانیتردا بکات.
تێکۆشانەکەمان لە پێناو گۆڕینی ئەو زهنیەتەدا چڕ کردەوە، بەڵام زۆرێك لە لایەنەکانیتر بەرەنگاری ئەو گۆڕانکاریە بوونەوە بەتایبەتی ئەوانەی بانگەوازیان بۆ دەسەڵات دەکرد. رۆژئاوا کە ئەمڕۆ بەبازووی رۆڵەکانی لە هەموو پێکهاتەکان و چین و توێژەکان بەرخۆدانێکی مێژوویی بەرێوەدەبات دژ بە تیرۆر و ئەوانەی بازارەکەی گەرم دەکەن، دژ بەوانەی گەلی سوریایان لەت لەت کردووە و ناشیرینترین و قێزەوترین کوشتارگایان لە مێژوودا ئەنجامداوە، دژ بەوانەی هەناسەیان لە خەڵکی بڕیووە و لە ژیانێکی رەنگاوڕەنگ بێبەشیان کردوون. رۆژئاوای ئەمڕۆ شانازی بەوە دەکات کە بووە بە شانۆی تێکۆشان لە پێناو ئاشتی و خۆشەویستی دژ بە تیرۆر و کوشتن، ئەمڕۆ شانازی بەوە دەکات کە لە خاکی سوریاوە دەبێتە نێردەی هەموو جیهان، بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی داکۆکی لە خودی مرۆڤایەتی و بەهاکانی ژیانێکی

شکۆمەند لە سەرانسەری ئەو جیهانە دەکات. ئەمڕۆ شانازی بەوە دەکەین کە بە ورە و هێز و ئیرادەی ڕۆڵەکانمان داکۆکی لە راستی بکەین و بە سووربوونی هەڤاڵانمان کە گیانیان لە پێناویدا بەخت کردووە هەنگاو بەرەو ژیانێکی ئازاد و شکۆمەند بنێین، ژیانێک کە هەموو تاکەکان لە ناویدا یەکسان بن و هەموو رۆڵەکانمان بە ئاسایش و ئاشتەوایی ئاسوودە بن. هەروەها هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو تیۆریە دەدەین کە رژێمی حوکمی تاکڕەوی پشتی پێ دەبەست و بەرامبەرەکەشی ڕەت دەکردەوە.

گرنگە ئەوەیە کە درک بەوەی بکەین کە هەموو ئەو بیرۆکانەی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجالان پێشکەشی کردوون سەبارەت بە جەوهەری بەڕێوەبردن و شێوەی خۆرێکخستنکردنی کۆمەڵگا و کرانەوەی تاکەکان بە سەر کۆمەڵگاکانیانەوە، بە گرنگترین سیماکانی پێویست لە قەڵەم دەدرێن. هەروەها شێوەی گونجاو بۆ هەموو کۆمەڵگایەک بەرجەستە دەکەن کە لە پێناو بونیادنانی رێچکەیەکی نوێ بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی خۆشی بونیادنراو لە سەر بنەماکانی دیموکراتی و بەرگری لە خۆکردن و هەنگاوهەڵهێنان بۆ جێبەجیکردنی خواستەکانی لە راڕەوی گەشەپێدانەکەیدا لەپێناو پتەوکردنی کۆڵەکەکانی دیموکراتی و چەسپاندنی پەیامەکەی.

رژێمە ناوەندگەرایییەکان چیتر بە کەڵک نایەن و بە خۆرێکخستنەوەشیان لەسەربنەمای دەسەڵات و حوکمڕانی بە لۆژیکی وەلاتانی لایەنێک یان بۆچوونێک یان ئاراستەیەکی دیکە نابنە خاوەن گەل. بەڕێز ئۆجالان لە یەکێک لە بەرگرینامەکانیدا ئەوەی روون کردووتەوە کاتێ دەڵێت: (تێکۆشانەکانی نەتەوەی تامەزرۆی دەوڵەت و دەوڵەتی خوازیاری نەتەوە، کاریگەرێکی راستەوخۆیە لە راستینەی خوێناوی سەردەمدا. جێبەجێکردنی بەیەکگەیشتنی نەتەوە لەگەڵ دەسەڵات و دەوڵەتدا، سەرچاوەی کێشەکانی سەردەمی مۆدێرنیتەیە، ئەگەر بەراودیان بکەین لە گەڵ ئەو کێشانەی کە سەرچاوەیان دەوڵەتە دیکتاتۆر و خانەوادەکانن، دەبینین کە کێشەکان لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا لە دەوڵەت - نەتەوەوە هەڵدەقوڵێن، ئەو دۆخەش جیاوازی هەرە گەورەیە لە نێوانیاند. دەوڵەتی نەتەوەیی یەکێکە لە بابەتە هەرە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵناسی، کە وەکو گۆچانی سیحری و ئامرازی چارەسەرکردنی هەموو پرسەکانی دژ بە مۆدێرنیتە نمایش دەکرێت. کەچی لە ناوەڕۆکدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەیکات بە هەزار کێشە.

هۆیەکەش بۆ دزە پێکردنی وردترین موولولەکانی( الاوعیە الشعریە) کۆمەڵگاکان دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراوەی دەسەڵات). بەکارهێنانی ئەو تیۆرییە بە سەر ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژین، دەبینین کە فاکتەرەکانی دامەزراندنی نەتەوەی دیموکراتی لە بنەوانی سروشتی بوونی مرۆییەوە هەڵقووڵاوە و رێک نەکەوتن رەت دەکاتەوە و هەوڵیش بۆ ژیانێکی هاوبەش دەدات کە هێما یان نیشانە بنەڕەتیەکەی پەسەندکردن و درککردنە بە دۆخی سروشتی هەبوونی ئەوانیتر.

ئەوەش حاڵەتێکی پێویست و گرنگە بەو پێیەی کە کرۆک و واتای یەکێتی بە حاڵەتی جیاوازیبوون دەبەخشێت

کە لەسەربنەمای پێداویستەکانی خود پاراستن هەڵقولاوە و وێڕای دۆخی فرەیی و هەمەجۆری، یەکگرتنەوەی راستەقینەی کۆمەڵگا دەنوێنێت.

رۆژئاوای ئەمڕۆ بە فرەڕەنگی نەتەوەیی و نەژادی و ئەتنیکی و بەهەموو زمانەکان و پارتە سیاسیەکان و راگەیاندنەکانیەوە شان بەشانی یەکتر لە دەوری ئەم چەمکە کۆدەبنەوە کە چەمکی نەتەوەی دیموکراتی و دۆخی یەکگرتنەوەیە لە چوارچێوەی فرەڕەنگی و جیاوازیدا کە لە سەر بنەماکانی ژیان و هەبوونێکی هاوبەش بە یەک دەگەن. شێوە بەڕێوەبردنەکەشی لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە گەڵ سەرچاوەی متمانەپێکراوی دارشتنی شێوە و چوارچێوەی بەڕێوەبردنی گونجاو و دەستبەرکردنی دۆخی فرەڕەنگی ناسنامە و هەبوونە. کۆبوونەوەی رۆژی ١٧-١٨ی مانگی ئازاری ئەمساڵ لە شاری رمێلان و گفتوگۆکردنی لایەنە جیاکانی رۆژئاوا و پشتبەستن بەشێوەی بەڕێوەبردنی گونجاو و گەیشتن بە پەسەندکردنی مۆدێلی فیدرالی دیموکراتی بۆ رۆژئاوا-باکوری سوریا، ئەزموونێکی راستەقینەیە بۆ جێبەجێکردنی تیۆری نەتەوەی دیموکراتی لە هەرێمەکە، وەکو چارەسەریەک بۆ دۆخی ئەو کۆمەڵگایەی کە رژێمە سەرکوتکەرەکانی بەرزترین ئاستی چەوسانەوە و زۆرداریان بە سەردا جێبەجێ کردووە. بنەما راستەقینەکەی گەشەسەندنی هەموو کۆمەڵگایەک بڕوایبوونی کۆمەڵگاکەیە بە راستینەی خۆی و تێکۆشانەکەی لە پێناو حەقیقەتدا.

# من كەسێكی دیموكرات و شۆڕشگێڕم، نە تەسلیم بەحكومەت و نە كەسانیتر دەبم

**خوێندنەوەیەک بۆ دواین قسەكانی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجالان كە لەدیداری لەگەڵ براكەی محەمەد ئەنجامدراوە لە ١١ی ئەیلول.**



**شیكاری: سیاوەیش گۆدەرزی**

ئۆجالان لە سەر چوونی محەمەد ئۆجالان و چاوپێكەوتن دەڵێ: « پێویستی نەدەكرد (هاتبای). ئەوە ڕاست نییە كە هەركاتێک حكومەت و تەڤگەرەكەمان تەنگاو دەبن، (ڕوو لە من دەكەن) دێنە لای من، ئۆجالان ٤٠ خولەک دواكەوتووە لە دیدارەكەدا، سەبارەت بەم دواكەوتنەش محەمەدی برای وتویەتی:»پێموایە ڕێبەر ئاپۆ نایەوێت دیدار ئەنجام بدات، بەڵام دوای گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی زیندان قبوڵی كردبوو كە بێتە ژووری دیدارەكە، دوای ئەوەی هاتۆتە شوێنی دیدار؛ گوتویەتی، قسەی توندم هەیە بۆ گوتن و توانای گوێگرتنم نییە و ئەوەش دەبێتە هۆی ڕەنجاندنم. وتویەتی كە ڕاستیەكان دەڵێم و ئەگەر من بوومایە نەدەهاتم بۆ چاوپێكەوتن» بێگومان ئەو چاوپێكەوتنە بەفشار و چالاكیەكانی جەماوەربوون پێكهات لەسەر بنەمای دڵنیابوون لە تەندروستی و ژیانی ئۆجالان، بۆ ئەمەش دەوڵەتی تورك محەمەدی برای ئۆجالانیان نارد بۆ دیدار، ئۆجالان وتویەتی كە» ئاگاداری ڕەوشەكە هەم و تێدەگەم»، ئۆجالان لە درێژەی دیدارەكەیدا وتویەتی: من كەسێكی دیموكرات و شۆڕشگێڕم، نە تەسلیمی حكومەت و نە كەسانیتر دەبم، ئامادەم تا كۆتایی ژیانم بەمشێوەیە بژیم و ئاهێكیش هەڵنەكێشم، هەڵوێستی من ڕوونە و هەموو كەسێک دەبێ ئەوە تێبگات».

بێنە پاراستن و ل سەربنیاتێ پێکڤەژیانەکێ، بێ جوداکاری بێنە برێڤەبرن و خزمەت کرن، هەمی زمان و شێوزێن زمانی بئازادی و خوسەریا خۆ خزمەت بۆ بێتن کرن، هەمی دین و ئاینزایەك ل گورەی بنەما و باوەرێن خۆ، بێی هیچ ماتێکرنەك بێنە برێڤەبرن و ئیدارەدان.

**دووەم**:- دیموکراتیزەکرنا سستەمێ باشورێ کوردستانێ، دەستپێکرن وپێشدابرنا دان و ستاندنێن پێکهاتیەیێن سیاسی و ل سەر بنگەهەکێ ساخلەم و گشگیری، بەرگری کرن ژ ئازادیێن تاك و دەستەجەمعی، دابین کرنا ماف و ئازادیێن ڕسوگەری و ئازادیا کارێ سیاسی و دەربرینا بیروهزرێن ئازاد، رێڤەبرن و ئەنجامدانا هەلبژارتنێن گشتی ل سەربنەمایێکێن ساخلەم و زون و دویرژ هەمی سەختەکاری و مایتێ کرنێن نەدروست، هەلوەشیاندنا وان هەمی یاسا و رێسایێن دویرژ بەرژەوەندی و بنەمایێن نیشتیمانی، ئەو پارتی و کەسان و لایەنێن کەڤتینە ناڤا خەیانەتا نیشتیمانی بێنە هەلوشیان و ژ سیاسەتێ بێنە دویر کرن، دائیخستنا وان هەمی

**ئاسایشا نیشتیمانی، دروست کرنا(لیژنەیا لێکولین و دادپەروەری) یا پێکهاتی ژ دادپەروەر و کەساتیێن نیشتینانی و دادپەروەر**

زیندانێن ڤەشارتی و نەیاسایی یێن هەی، دامەزرایی کرنا دیموکراسی یا سیستەمێ سیاسی پەرلەمانی(ئەنجومەنێ نوینەران، ئەنجومەنێ دیموراسی گەلان) و حکومەتا دادپەروەری، دامەزراندنا سستەمەکێ ئیداری و دویری بیتن ژ روتنێن و بیروکراتیەت و دوئیدارەیی، جوداکاری تێدا نەبیتن بۆ پێکڤەگرێدانا هەرێمان و رێکخستنا سیستەمێ باشور ژێ ل سەر بنەمایێ خوبرێڤەبنا دیموکراسی بێتن ئاڤەدان کرن.

**سێیەم**:- کولتورێ دیموکراسی و دگەلك ژیانا، هەمی پێکهاتەیەکێ ئاینی و نەتەوەیی و ئەتەنی و کولتوری بهەمان ئاست و رادە خودان ماف و ئازادیێن خوبن، هەمی زمان و شێوەیێن زمانی، وەکی ئێك بێنە بکارئینان دن و خودانی لێ بێتن کرن، هەمی دین و باوەری ل سنورێ خودا، دویرژ دەمارگیریێ و خوسەپاندنێ بێنە پیادە و برێڤەبرن، هەر دینەك و مەزهەبەك دسرۆشتێ خودا بێتن پشتەڤانی کرن و تێکەلی دەستهەلات و ئیدارەدانێ نەهێن کرن.

**چارەم**:- سستەمێ کارگێری و برێڤەبرنێ، باشورێ کوردستانێ ژرویێ کاگێری و برێڤەبرنێڤە بۆ چەند هەرێمێن جودا جودا بێتن پارڤەکرن و هەرهەرێمەکێ سستەم و دامودەزگەهێن خوبخویی(پەرلەمانی، حکومەت، دادوەری) هەبیتن وبن خودان دەستورێ خوبخویی و ب سستەمێ کونفیدرالیزما دیموکراسی خۆ برێڤەببەن و دگەلك دا بێنە گرێدان، هەرێم ژ رۆیێ رێڤەبەریانڤە وەکی هەرێما(کەکوك، خانەقین، هەولێر، دهوك، سلێمانی، هەورامان، راپەرین، شەنگال، مویسل....) یان برەنگەکێ دی یێ گونجای پێکڤەبێنە گرێدان و ئیدارەدان، ل گورەی سرۆشتی دیموگرافی و کەلتوری و دیموکراسی و ئەتەنی، سەرژنوی سستەمەکێ نوی بێتن دروست کرن، بۆ ئیدارەدانا وەلاتی و گرێدانا باشورێ دگەل ناوەندی(بەغدایێ).

**پێنجەم**:- ئاسایشا نیشتیمانی، دروست کرنا(لیژنەیا لێکولین و دادپەروەری) یا پێکهاتی ژ دادپەروەر و کەساتیێن نیشتیناتی و دادپەروەر، بۆ لێکوین ل سەرجەمێ وان پێشێلکارێن هاتینە کرن، دبەرئەنجامی سیاسەتەتا دەستهەلاتداریا خیانەتا نیشتیمانی و ل چارچوڤێ وان تالان و بسەرداگرتنا سەرومالێ گشتی و وان هەمی سزادان و پێشێلکارێن نەیاسایی دا دەر حەقێ خەلکی هاتینە کرن و قەرەبو کرنا مادی و مەعنەوی بۆ قوربانیان، لێکولینێن یاسایی بێنە کرن ل سەرجەمێ وان دام و دەزگەهێن دناڤا دام و دوزگەه و تورێن سویخوری دا هاتینە دروست کرن و سزادانا سەرپێچکاران، دەرحەقی ئوپوسزیون و خەلکێ بێگونەهێ دەڤەرێ و وەرگرتنا مافێن وان، سەرجەمێ هێز و تورێن سیخوری یێن دەرەکی بێنە دەرکرن و گونەهبار ل دویڤ یاسایێ بێنە سزاکرن و زولملێکری بێنە قەرەبو کرن....

**شەشەم**:- دیموکراتیزەکرنا کومەلگەهی:

أ- ماف و ئازادیێن ژنێ، دەستور و یاسایاندا بتەمامی ماف و ئازدیێن ژنێ بێنە پاراستن، هەمی ئەو یاسایە بێنە پەژراندن و راستڤەکرن یێن کوجوداکاری و مافان پێشێل دکەن، یاسایەکا گشتی بۆ ژنکوژان بێتن دروست کرن و بکوژێ بونەبیتن ب لێبورینێن تایبەتی و گشتی بێتن لێبورین کرن، بنەجهکرنا بلایێ کێم رێژە یا(٤٠٪) دەستەبەر کری بیتن بۆ ژنان دهەمی دام و دەزگەهێن میری و دەستهەلاتێ دان، دهەمی دام و دەزگەهێن دەستهەلاتێ دا سستەمێ هەڤسەروکاتیێ(جووت رەگەزیێ) بێتن پەیادە کرن.

ب- سیستەمێ پەروەردەو فێرکرنێ، دیموکراتیزەکرنا سستەمێ پەروەردێ و فێرکرنێ و رێکخستنا وی برەنگەکێ زانستینە، مافێ فێرکرن و پەرەردێ بۆ هەمی کەسان و ل هەمی قوناغێن خاندنێ دەستبەر و خورایی بیتن، سستەمێ پەروەرێ بۆ زاروکان ژ داینگەهێ و باغچێن زاروکان و خاندنا سەرەتایی برەنگەکێ نمونەیی و زانستیانە بێتن پیادەو دابین کرن.

ت- رێکخرا و دام و دەزگەهێن مەدەنی و مروڤایەتی، دام و دەزگەهێن مەدەنی و مروڤایەتی ژ پاشکویی و بن دەستەهەلاتا حزبی و شەخصەنکرنێ بێنە قورتال کرن و ل چارچوڤەیێ یاسایەکا دیموکراسی و پێشکەڤتی دا بێتنە رێکخستن و مسوگەرییا ماف و ئازادیان بۆ بێتن دەستەبەر کرن.

ث- چوارەم:- ژیان و گوزەرانیا گەنجان، ژیان پێتڤیاتیێن گەنجان بۆ فێرکرن و خزمەتکرنا هونەری، وەرزشی ، خوشگوزەرانی، خورێکخستنێن جڤاکی، بکارخستنا چالاکیێن مەدەنی دهەمی وارەکی دا بێنە پیادە و دەستەبەر کرن، هەمی دەرچوییێن زانکویی و پەیمانگەه و پلێن زانستی کار و دەرفەتێن کاری بو بێنە دابین کرن، جهگرتنا گەنجان دهەمی کار و دەلیڤێن کاری و خوبرێڤەبرییێن دام و دەزگەهێن دەستهەلاتێ دا.

**حەفتەم:** - دابینکرنا پێتڤیاتیێن خزمەتگوزاری:

أ- پێداویستیێن بنچینەیی، بنەجهکرنا بیمەیا بێکاریێ و بیمەیا کومەلایەتی بۆ سەرجەم هاوولاتیان ل گورەی نۆرمەیێن جیهانی، دابین کرنا پێتڤیاتیێن سوتەمەنیێ(نەفت، گاز، غاز، کارەبا) ل گورە پێتڤیاتیێ و ل دویڤ سستەمەکێ پێشکەڤتی و ستاندار، ل سەر بنیاتێ هاوسەنگیا نیشتیمانی قەیرانێن خوجهکرن و کرێداریێ بێنە دابینکرن، سەرژنوی رێکخستنا سستەمێ رێك و بانان و ل گورەی سستەمێ جیهانی، سەرژنوی رێکخستن وداڕێتنا سستەمێ کاری بۆ کرێکار و رەنجدەرن، ل تەمامیا یەکەیێن ئیداری و خزمەتگوزارییێن جودا جودا هەمی پێتڤیاتیێن وان ل گورەی شوێن و پیتڤیاتیێن زانستی و پەروەردەیی و تەندروستی و خوشگوزاری بێنە دابین کرن.

ب- سستەمێ تەدروستی و ژینگەپارێزی، ل گورینا سستەمێ تەدروستی ل گورەی ستانداری جیهانی و دابین کرنا مسوگەریا تەندروستیا گشتی بۆ هەمیان، بنەجهکرنا ئاسایشا خوراك و داناندنا کونترولا جوری، ل سەر هەمی کەل و پەل و پێتڤیاتیێن ژیانێ ژداهات و دەرچوویان بگشتی، پاراستنا ژینگەها کوردستانێ و دابینکرنا رێژەیا ٢٠٪ ژ رۆبەرێ باژێران، بێتن تەرخانکرن بۆ سەوزایی و دار و باری و چاندنێ، رێژەیا١٠٪ بۆخانوبەران و ٢٠٪بۆ کار و پرۆژەیێن وەکی مەرج دروست بکەن بۆ باغ و سەوزاهیان، ئاڤاکرنا سستەمەکێ پێشکەڤتی و ساخلەم بۆ دابینکرنا ئاڤ و هەواییێن ساخلە و سودوەرگرتن ژئاڤا ئاوەرویان، ژیان و تەندروستیا ، ژیان و پێتڤیاتیێن زاروکان بتەمامی دەستەبەر کری بن و کارکرن بزاروکان بتەمی بێتن قەدغەکرن.

**هەشتەم:**- سستەمێ ئابوری و دارایی:-

أ- بنەبرکرنا گەندەلیا ئیداری و تالانکاری، ل سەر بنەکوکێن ئەڤەژکیڤە بونەهاتیە، لیژنەیەکا تایبەتی ژ دادوەرێن سەربخۆ و شارەزایێن بوارێ ئیداری و دارایی بۆ لێکولین کرن و لێچێچینا یاسایی ل کوما وان کەسێن پوستێن ئیداری یان حزبی وەرگرتین و بەشداری کری ددزین و گەندەلیا سەوەمالێ گشتی دا، ڤەگەراندنا سرجەمێ وان مال و ملکێ گشتییێ دا و نەخاسم یێن بوینە ملکێن تایبەتی، سەرجەمێ وان گرێبەست و پرۆژە و هەڤپەیمانییێن ئابوری، بازرگای، وەبەرهێنانێ، یێن حکومەت و حزبێن دەستهەلاتدار...دێ هێنە هەلوەشاندن و یێن نەیاستینە یان ژێ دبەرژەوەندیا گشتی دا نینن.

ب- ئاڤاکرنا سستەمێ دارایی، پێداچونێن گشتی دموچە و پلێن گشتی دا (وەزیر، پەرلەمان، پلێن تایبەتی....) مەرجەکی کێمترینێ برا موچێ کێمترین و بلندترین بتنێ برەکا کێم بیتن، هەلوەشاندنا برێن خانەشینکرنا وەزیران و پەرلەمانتەر و پلێن دی یێن بلندێن وەزیفی و کێمکرنا موچەیێن وان، دڤێتن موچەیێن ماموستایان، پارێزەران کارگوزارێن تەندروستی شارەوانیێ ل ئاستێ بەرزترینێ موچەی دابن، ژێوەرگرتنا وان هەمی پلێن وەزیفی یێن بلێن(وەزیر، فەرماندە، راوێژکار) و( هەمی بروانامێن ماستەر و دکتورا....) یێن وەزیڤە نەدیتن و نەمستەحق و بروانامێن ساختە و نەیاسایی...دابین کرنا بیمەیا بێکاریێ بۆ هەمی پیرۆپەککەڤتی و خودان پێدا ویستیێن تایبەتی، دارشتنا سسیستەمێ باج و دەرمەتی برەنگەکێ هاوسەنگ لناڤبەرا داهاتی تاکی و داهاتێ نیشتیمانی دا، ئاڤاکرنا سستەمێ بانکا نیشتیمانیا گشتی، رێگری کرن ل وەرگرتنا قەران ژ دەزگەه و بانکێن جیهانی یێن ناڤ دەولەتی.

ت- ئاڤەدانکرنا ژێرخانا ئابوری، ل سەربنەمایکێ خوبژێوی هاوسنگیا بەرهەمئینادنێ ل گەل پێتڤیاتیێن بکار دهێن، بۆساخکرنا بەرهەمێ خومالی بازار دهێتن خومالی کرن، ئاڤاکرنا بنیاتێ کەرتێ کشتوکالی و ئاڤەدان کرنا گوندان، گرنگی دان ب بێشدا چوونێن پیشەسازی، خومالی کرنا هەمی سەروکانیێن وەزەی(پەترول، گاز، کارەبا) و کانزایێن سروشتی، چارەسەرکرنا کێشەیا مشەخوری، گرانی، بێکاری، بەدخوراکی، تاپوکرنا زەڤیان، ڤەگەراندنا مافێن جووتیارن، چارەسەرکرنا هەمی مولکداری و ئارێشەیێن زەڤی و بیستان و مافێن مولکداریا جووتیاران.

**نوهەم:**- پاراستنا رەوا:- هەلوەشیانا بتەمامیا سوپا و هێزێن حزبی و میلیشیاوی و داناندنا سوپایەکێ ئێکگرتیێ نیشتیمانی یێ نوی و خورت و دویرژ هەمی دەستێوەردانێن نەرەوا، ڤەکرنا ئەکادیمیا سەربازی ل سەر هەمی ئاستەکێ فێرکارییێن لەشکەری، ئاڤاکرنا سەرژنوی یا سستەمێ بەرگریا نوی و ئابورێ.

**دەیەیەم:** - مافپەروەری و دادپەروەری:- ئاڤەدان کرنا پرۆژە و



کۆمەڵێک کەسایەتی دیاری باشووری کوردستان لە کاتی ڕاگەیاندنی بەرەی دیموکراسی گەل دا

سستەمێ دەستورێ کونفدرالی دیموکراسی بۆ باشورێ کوردستان و ل سەر بنەمایکێن دیموکراسی و سرۆشتێ تایبەتمەندیێن هەمی رەنگی و کونتورەکرنا کومەلگەهێ کوردستان، هەلوەساندنا وان هەمی یاسو رێسایێن پەرلەمانی یێن کونەگونجن دگەل سرۆشتێ هەرێما کوردستانێ و دگەل بنەمایکێن دیموکراسییا نیشتیمانی و دگەل جارنامەیێ مافێ مروڤ و دگەل نورمێن مروڤایەتی دناکوکن، سەرژنوی دانادن و ئاڤاکرنا سستەمێ دادوەریێ ساخلەم.

٦- دوماهیگ گوتنێن پێتڤی و فەر:-

بەرەیێ دیموکراسی گەل، وەکی پێتڤیەکا دیرۆکی و جهگورکەیەکێ ژیاری و فەر، کەڤتە ناڤا خەباتێ و ل دەم و جهەکێ زورگرنگدا، ل دویڤ پێتڤیاتیێن هەل و مەرجێن ناڤخویی و دەرڤەیی وەکی زەرورەتەك کەڤتیە ناڤا خەبات و تێکوشانەکا دیموکراسی و شورەشگێری و ل دویڤ داخازیێن جەماوەرێ زەحمەتکێش و زولمدیتی هاتە مەیدانێ، بۆچی بەرە و نەحزب، بەرە وەکی زەرورەتەك هاتیە دروست کرن، بۆنا ئێکەتیا گەل و هێزێن کوردستانی لباشور دروست بکەتن و دناڤا خودا پەروەردە و هەمبێزبکەتن و بکاریتن کاودانێ نها بساخلەمی و گشتگیری دەرباز بکەتن، دیموکراسی یانی هەلگر و هزروبیروباوەرێن جودا جودا و دهەمبێزا زەلالی و بزانست کرنا ئازادیێن دەبرینا هزری، کارێ ئازاد، ئابۆرێ ئازاد، جڤاکێ ئازاد، سیاسەتا ئازاد...ل گورەی بەرژەوندی و برێداچونێن گەلی و گەل رێبەر و سەروکە و داهێنەرێ هزروبیر و رێگەچارەسەریێن گەلینە...بەرە هەلگرێ دروشمێ(ئاشتی، ئازادی، دادپەروەری)ییە، ئاشتی، چونکی ژڤەتلازیێن دەستهەتداریا بیست و پێنج سالێن بوری، جڤاك کەڤتە ناڤا دوبەرەکی و شەرولێکدان و ناڤا هەڤرکیێن مشتی نەیارتی و دبەرئەنجامی دا تالانی و وێرانکاریێن مەزن هان دروست کرن، ژبەرهندێ جڤاك و رێکخستنێن جڤاکی و سیاسی پێتڤی ئاشتیەکا گشتینە، ئازادی، چونکی بێ ئازادی( ئازادیا دەربرینێ، ئازادیا کار و ڤەگوهاستن، ئازادیا ئابوری و سیاسی...) وەلات رزگار و جێگیرنابیتن و جڤاك ژی پێش ناکەڤیتن، دادپەرەوری ، ژبەرکو جوداکاری و گەندەلیا مەزن و بن پێ کرنا هەمی یاسا و رێسایێن هەی...وەلات و ژیانا هاوولاتیان کەڤتیە ناڤا خەتەر و لبن بارەکێ زور نائارامدا دژین و باوری و هشیاریا و ساخلەمی د رەوشەکا زورا خرابدانە، لەومانێ جڤاك دهەمی وارەکی دا پێتڤیە بکەڤیتن بن حوکمێ یاسایێ و داد و دادپەروەری، ببنە سەروەری و جهبگرن...بەرە ل رۆژا ئاشتیا جیهانی(٩/١)/٢٠١٦ هاتیە راگەهاندن، چونکی بەرە، بەرەیەکێ ئاشتیخاز و دادپەروەرە و نەسەربچ لایەکێ سیاسیە و نەژی جهگرێ چ لایەکێ سیاسیە، بەلکی جهگر و بەدیلەکە بۆ وێ دەستهەلاتا گەندەل و بێ باك و خوپەرست .... ل کەرکوکا ماکا شارستانیەتا کوردستانیان هاتیە راگەهاندن، وەکی دەربرینە ژ شارستانیە و شوینوار و داینگەها کورد و کورستانی و کەڤنارییێن پێکڤەژیانا مروڤایەتی، دیسانێ ژئالیێ دی کەرکوك ژ بلی گرنگیا خویا ئابۆر و جەماوەری و ژیواری هەیە، وەکی بەرسڤدانەك بو کوردستانیەتا ڤی باژێری و وەکی بنگەهەکێ زور پێشێلکاری و زولم و زورداری دیتن ژ دەست و برێداچوونێن نەیارێن کورد و کورستانیێن ڤی باژێرێ، تاکو نهاژی ژ رۆیێ ئیداری و یاسایی لناڤا چەکوچوو صندانێ ئیراق و دەستهەلاتا بێ وژدانا ناوەند و هەرێمیا باشوردا دهەزقیتن.

# كۆنفیدرالیزمی دیموكراتیك



ڕێبوار ڕەشید
هاوسەرۆكی كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان

سەپاندنی نەزمی نوێی سایكس پیكۆ سەد ساڵ لەمەوبەر جارێكی دیكەش دیزاینی جوگرافیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیی گۆڕی. ئەو دیزاینە نوێیە بە پێی خواست و ئامانجی هێزە ئیمپریالیست و كۆلۆنیالیستەكانی ئەو دەمە بوون. نەتەوەكانی ناوچەكە قسەیەكیان تێدا نەكرد و پرسێكیان پێ نەكردرا.

كۆمەڵێك دەوڵەتی نوێ دروست كران و پادشا و دەستەی بەڕێوەبەریان دەستنیشان كرا. سەرئەنجام، بەتایبەتی پاش ڕێككەوتننامەی لۆزان كە لە ١٩٢٣/٧/٢٤ ئیمزا كرا، تیایدا كوردستان بۆ دواجار دابەش كرا. دەوڵەتانی وەكو ئێران، توركیا، ئێراق، سوریا، لوبنان و ئەوانی دیكە ئەم فۆرمەی ئەوڕۆیان وەرگرت. كورد، ئەرمەن، ئاسوور، جولەكە و كە لە نەتەوە بنەڕەتیی و مێژوویەكانی ناوچەكەن هیچ مافێكی نەتەوەییان وەچنگ نەكەوت، بەڵكو دروست بە پێچەوانەوە، دووچاری خراپترین لە شێوەكانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوون. سەبارەت بەكورد تەنها دەوڵەتی ئێراق جیاواز بوو. ئەگەرچی بە پێی دەستووری پادشایەتی ئێراق دەبا دەوڵەتی ئێراق هی دوو نەتەوەی عەرەب و كورد بووایە، بەڵام لە پراكتیكدا ئێراق بوو بە دەوڵەت نەتەوەیەكی عەرەب كە پاشان بە زنجیرەیەك لە حوكمگەلی ڕەگەزپەرست و مەزهەبییدا تێپەڕی وا كە لە سەرەتای هەشتاكاندا گەیشتە فاشیزم كە خراپترین لە شێوەكانی دەوڵەت نەتەوەیە. كاردانەوەیەكی سرووشتیی لەلایەن ئەو نەتەوانەی كە بە داگیركراویی مانەوە، بۆ دژایەتیكردنی هەژمۆنی باڵادەستیی ڕەگەزپەرستیی تورك و فارس و عەرەب پەیدا بوو بریتی بوو لە سەرهەڵدانی خەباتی ئازادیخوازیی.

خەباتی سەد ساڵەی ڕابردووی كورد لە هەر چوار پارچەی كوردستان بریتییە لە مێژوویەكی بێووچان لە كار و خەبات و لە قوربانییدانی بێوێنە كە دەگاتە نە كەمتر لە یەك ملوێن مرۆڤ. بەڵگە زۆرن كە كوردستانیان لە هەر چوار پارچەی كوردستان دووچاری كۆمەڵكوژیی/ گەلكوژیی هاتوون و داگیركەرانی كوردستان بەرپرسیارن.

هەوڵ و كۆشش و هەڵپەی كورد بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بە دروستكردنی دەوڵەت - نەتەوەوە تا ئەوڕۆیش بێ ئاكام ماوەتەوە. قسەی تێدا نییە كە كورد و كوردستانیان ڕووبەڕووی خراپترین لە شێوەكانی كۆلۆنیالیزم/ داگیركەریی بوون، بەڵام فاكتەری ناوخۆییش، بۆ نموونە ناتوانایی بۆ پێشنەخستنی تیۆریی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانە، بۆ كۆكردنەوەی زۆرترین لە كۆمەڵانی خەڵك، بۆ بە كوردستانیكردن و بە سەرانسەركردنی خەبات، بۆ هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵانی خەڵك و پێشخستنی بیر و هزر، بۆ چەسپاندنی بەهای بەرابەریی و یەكسانییخوازیی، فرە گرنگن و دەبێت بە جیددیی و خۆڕەخنەگرانە لێیان بڕوانرێت.
ئا لێرەدایە كە تیزی تێكۆشەر عەبدوڵڵا ئۆجالان هەم سەبارەت بە خەسڵەتی ئازادیخوازیی و هەم سەبارەت بە فیدرالیزمی دیموكراتیك شایانی باسە.

بۆ ئەوەی لە تیزی تێكۆشەر ئۆجالان سەبارەت فیدرالیزمی دیموكراتیك تێ بگەین، دەبێت بە كورتیی لە تیزی خەسڵەتی ئازادیخوازیی و تاكەكەسی ئازادیخواز و لە تیۆریی ئازادیخوازیی كە هەر پێشی خستووە، تێ بگەین.
لای ئۆجالان تاكەكەسی داگیركراو و چەوساوە دەبێت سەر تا خوار خۆی لەو كەسایەتییە ڕزگار بكات كە بە سەرییدا سەپیندراوە. خۆ ڕزگاركردنیش پرۆسەیەكی دووروردرێژیی هۆشیاربوونەوەیە. تاكەكەسی ئازادیخواز دڵخوازانە و خۆبەخشانە لە خەباتی ئازادیخوازییدا بەشدار دەبێت. مەرج نییە هەموو تاكێك لە تێكۆشانی شۆڕشگێڕییدا بێت، بەڵام مەرجە كە لە تێكۆشانی شۆڕشگێڕییدا بە پێی توانا بەشدار بێت. تاكەكەسی ئازادیخواز دەبێت ناسنامەی كۆمەڵایەتیی و سیاسیی خۆی هۆشیارانە و دڵخوازانە هەڵبژێرێت. لە سەر ئەو بنەمایە مافی خۆپاراستنی ڕەوا بە خۆی دەبەخشێت (پێی نابەخشرێت). بەڵام لە سەر ئەو بنەمایەش مافی ژیان و هەبوون بە ناسنامەكانی دیكەی چواردەوریشی دەدا و لە سەر پاراستن و دیفاع لە مافی ئەوان هاوسەنگەر دەبێت. تاكەكەسی ئازادیخواز، بەتایبەتیی پیاوان، هەروەها ئەوانەن كە خۆیان لە خەسڵەتەكانی پیاوسالاریی و

سێکسیزم رزگار دەکەن و کە ژنان بە هاوتا و هاوشانی خۆیان دادەنێن.

لە مێژووی نزیکەی چل (٤٠) ساڵەی تێکۆشانی پارتی کرێکارانی کوردستان دا دروستبوونی ئەم کەسایەتییە فاکتێکە لە کار و تێکۆشانی ئازادیخوازییدا دەبینرێت.

## ئایا بۆچی کوردیش بۆی نەبێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی وەکو ئەوانەی عەرەب و فارس و تورک دابمەزرێنێت

خەباتی کوردستانیان بۆ رزگاریی لە دەست داگیرکەریی هەمیشە ئاشتیخوازانە بووە. شەڕ بە سەر کورددا سەپێندراوە. دروست لە بەر هۆکاری نیشاندانی ئەو مەبەستباشییە و ئەو ئاشتیخوازیی و خوشک و برایەتییەی کوردستانیان پێیان لە سەر داگرتووە، زۆر جار لە مێژوودا، سەرەڕای حەز و ئارەزووی کورد بۆ وەدەستهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە چارەسەری دیکە، وەکو بەردەباز و پرد، لە شێوەی ئۆتۆنۆمیی/ خودموختاریی/ ڕێککەوتنی کاتیی و شێوەی دیکە لە چارەسەر ڕازی بووە، بەڵام هەر بە ئۆین و پیلان و شەڕ وەڵامی دراوەتەوە.

بە پێی ئەو بەڵگانەی لە مێژوودا دەست دەکەون دەتوانین پێ دابگرین کە خواستی خەڵکی کوردستان لە بناخەدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بووە و ئێستاش ئەو خواست و ئارەزووە هەر هەیە و ئەگەر بەهێزتر نەبووبێت، بێهێزتر نەبووە.

لانی کەم، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ترادیسیونالی/ نەریتیی/ سوننەتیی کورد ئەو پرسیارەی خستووەتە بەردەست کە "ئایا بۆچی کوردیش بۆی نەبێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی وەکو ئەوانەی عەرەب و فارس و تورک دابمەزرێنێت"؟

ئۆجالان لە تیۆریەکانی خۆیدا وەڵامی ئەو پرسیارە و گەلێک پرسیاری دیکە سەبارەت بە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی دەداتەوە.

ئۆجالان، لە دیدی کەسایەتیەکی ئازدیخوازەوە، لە مانای خۆڕزگارکردن لە هەموو ئەو پێبەندانەی دینداریی سوننەتیی/ سێکسیزم/ پیاوسالاریی/ خاوەنداریەتیی تایبەتیی ...هتد، پرسیارێک دەکات و دەڵێت "ئایا بە راستیی دەوڵەتی نەتەوەیی دەتوانێت چارەسەری داگیرکەریی و جۆرەکانی چەوساندنەوە بکات"؟. ئەگەر دەیکات "بە چ نرخێک دەیکات"؟، "کێ ڕزگار دەکات و کێ بە چەوساوەیی دەمێنێتەوە"؟.

پرسیارەکانی ئۆجالان زۆرن و گرانن.

لە سەرئەنجامدا مرۆڤی ئازادیخواز تێ دەگات کە پرۆژەی دەوڵەت نەتەوە ئەگەر چارەسەریش بێت لە راستییدا نیوەی چارەسەریش نییە، و هاوکاتیش ئەوەش نییە کە هەر ڕوو لە قازانج بێت، چوون دوژمن و نەیاری مێژوویی و درێژخایانیش دروست دەکات. بە تایبەتیی سەبارەت بە خودی کورد وەکو نەتەوەیەک، دەتوانێت زەرەر لە پانتایی جوگرافیایی و لە توندوتۆڵیی و هاوئاهەنگیی نەتەوەییشی بدات.

لە پێناوی چارەسەرێکی باشتر، هەمەلایەنتر، فرەگیرتر و درێژخایانتر و خۆڕاگر، ئۆجالان تیۆری کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکی خستووەتە بەر دەست. دیارە خودی تیۆرییەکە داهێنانێکی ئۆجالان نییە، چون هەروەکو ئۆجالان خۆی زوو زوو وەبیرمان دەهێنێتەوە، مۆدێلی کۆنفیدەڕالیزمی دیموکراتیک هەم لە شێوەی ترادیسیۆنال/ نەریتیی/ سوننەتییدا، دیارە بە شێوەی پریمیتیڤ لە مێژوودا هەبووە و هەم لە شێوەی بان - دەوڵەت - نەتەوە دا و هەم لە شێوەی پان- دەوڵەت نەتەوەییدا، بەتایبەتیی وەکو پرۆژەیەکی پان- لیبرالیستیی هەیە. نموونەی یەکەمیان ئیمپراتۆرەکانن، نموونەی دووهەمیان یەکێتیە ویلایەتیی یان فیدەرالیەکانی دەوڵەتانی وەکو ئەڵمان و کەنەدا و ئەمەریکا و نموونەی سێهەم وەکو یەکێتی ئەورووپایە.

ئەوی زۆر شایانی باسە داهێنانی مۆدێلەکە نییە، بەڵکو پێشخستنی مۆدێلی کۆنفێدەراڵیزمی دیموکراتیکە کە داهێنانی ئۆجالانە و دەستکەوتێکی گرنگی تیۆریی سیاسیی و مۆدێلی سیاسییە، نەک هەر بە تەنیا بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا یان ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵکو بۆ نموونە بۆ لاتینی ئەمەریکا، بۆ دەوڵەتانی خوارووی خۆرهەڵاتی ناوەند، وەکو ئەفگانستان و پاکستان و تاجیکستان و بەو شێوەیە.

ئەو فاکتەرەی کە لە هەندێک شوێن تازە دەوڵەتی نەتەوەیی هەن و دامەزراوەی واقیعین، هچ وەڵامێکی نەرێنیی بە تیۆریی کۆنفیدەراڵیزمی دیموکراتیک نادەنەوە، بەڵکو تەنها میتۆدی ڕێکخستن، بە پێی کولتور و نەریت، دەگۆڕدرێت.

تیۆریی کۆنفیدراڵیزمی ئۆجالان لانی کەم لە سەر سێ پایەیە، یەکەمیان هێشتنەوە و پاراستنی ئەو ناسنامەیەیە کە تاکەکەس/گرووپ یان کۆمەڵێکی گەورەتر بە خۆیان داوە (چون ناسنامەکان چەندیش هەڵبەستراو و سەپێندراو و کەلچرالیست بن، تازە هەن)، دووهەمیان دروستکردنی میکانیزمی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕەووشتییە بۆ پێکەوە گرێدان و پێکەوە ژیانکردن و هاوسەنگەریی ئەو پێکهاتانە، و سێهەمیان بردنەسەرەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکەکەسە کە کەسایەتییەکی ئازادیخواز بێت، چون کۆنفێدراڵیزمی دیموکراتیک لە بناخەدا دڵخوازانەیە.

ڕاستییەک کە داگیرکەران بە سەر کوردستاندا سەپاندوویانە و بوون بە فاکتەری گرنگ کە چارەسەری جیددیان پێویستە لانی کەم ئەمانەن:

١. کوردستان کراوە بە چوار بەش کەلانی کەم بەمانای کێشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دێن.
٢. نەتەوەکانی دیکە کە لە کوردستان دەژین، بەتایبەتیی ئەرمەن و ئاشووریی و ئاسوورکلدان، زەرەی گەورەیان پێ گەیاندراوە و لە ناو خودی کوردستانیشدا یەکە و پێکهاتەی زۆر ڕوون نیین.
٣. خاکی کوردستان بێ لە داگیرکردنەکەی، لێی بردراوە، لانی کەم لە مانای نیشتەجێکردنی گیرفانی بە فارسکردن و بە عەرەبکردن و بە تورککردندا.
٤. باڵادەستییەکی مەزهەبیی ناسرووشتیی بە سەر تەواوی خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە.
٥. بە دەستی ئەنقەست و ئاگاهانە، کوردستان لە هەموو پێشکەوتنێکی پیشەسازیی و مۆدێرن، تەنانەت لە ڕووی خوێندن و زانستەوە، دوا خراوە.

ڕاستییەکی دیکە کە فاکتەری ناوخۆیی پێک دەهێنن و ناچاریین و دەبێت چارەسەری جیددیان بۆ بدۆزینەوە، پرسی هەمەڕەنگیی زمان و دیالێکت و هەمەکولتوریی و هەمەمەزهەبیی و هەمەئایینیی کوردستانیانە.

ئەگەر چەند سەد ساڵێک لەمەوبەر، یان لانی کەم سەد ساڵێک لەمەوبەر، دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانای داسەپاندنی یەک زاراوەی نەتەوەیەک بووە، ئێستا چارەسەری وا ئەگەر سەد دەرسەد نەشیاو نەبێت نزیکەی نەشیاوە. ئەگەر سەد ساڵ لەمەوبەر لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت نەتەوەدا، پرۆسەی داسەپاندنی یەک زمانیی چەندیش بە ئێش و بە ئازاربوویە، ئێستا فاکتەرێک بوو. کورد بە یەکێک لەو دیالێکتانەی ئێستا هەن، دەدوا و زمانی ڕەسمیی دەبوو. دروست یان نا، ئەو شەمەندەفەر ڕۆیوە.

**دەتوانیین پێ دابگرین کە هەبوونی دەوڵەت - نەتەوەیەک بۆ کورد، بە ئاماژە بەو فاکتەرانەی سەرێ و بەو ئەزموونە سیاسییەی دەیبینین و لە هەندێک حاڵەتدا بڕیاردەر بووە و بڕیاردەرە، نەک هیچ گەرەنتییەک نییە کە دەوڵەت - نەتەوەیەک بۆ کورد، ئەو کێشانە چارەسەر بکات، بەڵکو ڕەنگە کێشەی گەورەتریش بنێتەوە**

کوردستان وەکو زۆر وڵاتی دیکە لە هەرێمی سرووشتیی پێکهاتووە. هەورامان و سۆران و بادینان و بۆتان و گەرمیان و شکاک و چەندەهای تر لە باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەم وەکو هەرێمی سرووشتیی پێکهاتوون، هەم هەندێک جار خاوەنی یەک زاراوەی تایبەت بە خۆیان و هەم لە ڕووی ئایینیشەوە دەتوانن پێکهاتەی تێکەڵیان هەبێت.

لە کوردستان ئایینی ئیسلام، زەردەشتیی، مەسیحیی، جوو، ئێزیدیی و کاکەی و شەبەک و هی دیکە هەن. بەڵام هەروەها ئایینزاگەلی وەکو سوننە و شیعە و عەلەوی و جۆرەکانی دیکەی ئیسلام هەن. هیچ قسەی تێدا نییە کە کولتوری مەزهەب و ئایین، هاوکات شێوەیەک لە خەسڵەتی کولتوری نەتەوەیی جیاوازیشی دروست کردووە.

بێ لە هەبوونی کەمایەتیی سرووشتیی کە بە مێژوو لە ناوچەی کوردستاندا هەبوون، سەد ساڵی رابردوو، بەتایبەتیی پاش شەستەکانی سەدەی رابردوو، تورکەمان، تورک و عەرەب و فارسی هاوردە هەن و جێنشین کراون.

لە چواردەوری کوردستان لانی کەم نەتەوەی وەکو عەرەبی ئەهواز، بەلوچ، ئازەر هەن کە ئەوانیش خوازیاری ئازادیین. وەکو هەموو ئەمانە گرنگ عەرەب و فارس و تورک، ئەگەر زۆر گشتگیر بدوێین، کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیین، لە راستییدا بە دەست چەندین کێشەی گەورەوە دەناڵیێنن. لانی کەم لە کەمهێنانی دیموکراسییەوە هەتا فاشیزم، لە خۆسەپاندنی ئایدیۆلۆژییەوە هەتا هەژمۆنی داسەپاندنی مەزهەب، تا بە کۆیلەکردنی ژنان، سێکسیزم، پیاوسالاریی، فۆبیای کولتوریی و ئەتنیکیی و ئایینیی و ...هتد. بێ لەو راستییەی کە مێژووی دەوڵەت - نەتەوەی ئەم سێ نەتەوەیە بێ لە مێژووی کوشتن و برینی ئەوانی دیکە، مێژووی زەرەری گەورەی گیانی و ماڵییە بە خودی خۆیان. زەرەری گیانیی و ماڵیی ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان داگیرکردووە، زۆر زیاتر لەوەی کە دەبا قبوڵیان بکردایە.

**کە دێتە سەر کوردستان و دەوروبەری، مۆدێلی کۆنفێدرالیزمی دیموکراتیک دەتوانێت زۆر سەرکەوتوو بێت. هۆی یەکەم ئەوەیە کە کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا کوانووی خەباتی ئازادیخوازیی هەموو ناوچەکە بووە**

دەتوانیین پێ دابگرین کە هەبوونی دەوڵەت - نەتەوەیەک بۆ کورد، بە ئاماژە بەو فاکتەرانەی سەرێ و بەو ئەزموونە سیاسییەی دەیبینین و لە هەندێک حاڵەتدا بڕیاردەر بووە و بڕیاردەرە، نەک هیچ گەرەنتییەک نییە کە دەوڵەت - نەتەوەیەک بۆ کورد، ئەو کێشانە چارەسەر بکات، بەڵکو ڕەنگە کێشەی گەورەتریش بنێتەوە. ئەگەر تا ئێستا ئەوەی پێی دەگوترێت نەتەوەی کورد، سەرەڕای هەموو پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ و دەستدرێژیی و زەرەر و زیانێک کە لە ناوخۆدا و بە دەستی کورد خۆی و سەرئەنجامی سیاسەتی ناوخۆ پێی گەیێت، هەر خۆی بە کورد دادەنێت، سبەینێ لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەت - نەتەوەیەکدا کە بۆ نموونە نەتوانێت دڵی هەموو پێکهاتەکان ڕابگرێت و مافەکانیان دەستەبەر بکات، لە مەترسی ئەوەدا دەبێت کە ئەو هەستە نەتەوەییە کە رەنگە تەنها فاکتەری پێکەوەمانەوە بێت، ئەویش نەمێنێت یان بە توندیی زیانی بەر بکەوێت.

لە تیۆری ئۆجالاندا کە بەشێکی دیارە نیشاندانی ئەگەری رووداندی ئەو زیانانەیە، راستیەکەی بەشی سەرەکیی تیۆرییەکە نیشاندانی قازانجەکان و خۆراگریی مۆدێلەکە و بە هزرویێزیی مۆدێلەکەیە. کێشەی دەوڵەتی نەتەوەیی/ نەیشن ستەیت/ هەر ئەوە نییە کە مۆنۆپۆڵی تەواوی لە هەموو بار و بوارێکدا هەیە، کە عادەتەن لە سەر بناخەی یەک زاراوە، یەک مەزهەب و کولتورێکی دروستکراودا خۆی دەنووێنێت، بەڵکو ئەوەیشە کە دەکرێت بە بەشێک لە ئایدیۆلۆژیی رەسمیی دەوڵەت و لە راستیی رەها. هەموو ئەوەکانی دیکە ئۆتۆماتیک دەکەونە ناو ئەوی لە سیاسەتدا پێی دەگوترێت "پریفەری" یان کەنار. بەو شێوەیە راستیی رەها ناوەندە و ئەوانی دیکەیش کەنارگیرەکانن کە لە راستییدا ئەوانەن کە کەنارگیر دەکرێن. لەو پێواژۆیەدایە کە چەمکی "ئێمە" و "ئەوان" دروست دەبێت. واتە لە ڕاستییدا نوێنەرایەتیی نەتەوەیەک نییە، بەڵکو نەتەوەیەکی دروستکراوە لەوی کە ئاگادارانە هەڵبژێردراوە و لای چەند کەسانێکەوە پەسەند کراون.

لە زانستی سیاسەتدا، سەبارەت بە دەوڵەتداریی دوو جۆر لە پێکهاتە هەیە، یەکەمیان دەوڵەتە بە مانای هەبوونی سنووری جوگرافیای دیار، سوپا و هێزی سەربازیی، دامەزراوەگەلی جیاواز، واتە ئینستیتیوشن و قەوارەکانی دیکەی بڕیاردان، جێبەجێکردن و دادوەریی. پێکهاتەکەی دیکە حکومەتە کە دەتوانێت خەسڵەتی جیاوازی هەبێت، هەر لە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەوە بەرەو فاشیزم، تا شێوەکانی دیموکراسیی.

لە مۆدێلی نەتەوە - دەوڵەتدا کە لە راستییدا بەرهەمی پاش شەڕی سی ساڵەی ئەوروپایە کە لە ماوەی سی ساڵدا دەسەڵاتەکانی ئەوروپا شەڕی یەکتریان دەکرد وماڵوێرانیی گەورەی بەدواداهات، سەرئەنجامەکەی ڕێککەوتننامەی ئاشتی

ویستفالیا بوو. ڕێککەوتننامەی ئاشتیی وێستفالیا ساڵی ١٦٤٨ (١٦٤٨/١٠/٢٤). دەوڵەتگەلی نەتەوەیی لە ئەوروپا کە دیارە هەموویان پادشایی بوون و هی دیکەیش پاشان دروست بوون، دەسەڵاتەکان، سەرەڕای کۆمەڵێک ریفۆرمی گەورە و پرۆسەی دیموکراسیی، بە تایبەتی لەلایەن بزووتنەوەی لیبرالیزم و سۆسیال دیموکراتیی و هەروەها بەشداریی رەخنەگرانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و مەسیحیەتی ریفۆرمخواز، هێشتا ساختاری دەوڵەت - نەتەوە هەر لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.

هەموو ئەو بیرازانەی/ ریفۆرمانەی بۆ خاتری دیموکراسیی و بەشداریی خەڵک و مافی تاکەکەس و پێکهاتە جیاوازەکان کراون، هەمیشە هەر لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕکراوەتەوە و بەخشراوە. بە روونیی دیارە کە سەرمایەداریی کاریگەریی جیددیی لە سەر مافەکانی تاکەکەس، توێژ و مەزهەب و مافەکانی هاوڵاتیبوون داناوە و توانای دارایی، هەروەها بووە بە توانای سیاسیی و کولتوریی بۆ بەشداریی لە دەسەڵاتدا. هەموو ئەمانە لە کەرتەکانی تەندروستیی و چاودێریی، خوێندن و خزمەتگوزاریی گشتییدا دەردەکەون.

ئەمە ئەو کێشەیەی سازکردووە کە سەرەڕای ریفۆرمی گەورەوگران و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردن و پاراستنی مافی تاکەکەس هێشتا کەمهێنانێکی گەورەی دیموکراسیی و ئازادیی هەیە. لە پێکهاتەی یەکێتی ئەوروپادا کە هەر دروست لە سەر مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە دروست کراوە و راستەوخۆ شێوەیەکی بان – دەوڵەت - نەتەوەیی دراوەتێ (نەک پان – دەوڵەت)، ئەم کەمهێنانە دیموکراسییە دیارە و رەنگ لە بڕیارەکاندا دەداتەوە و بووە بە هۆی ململانێ و تەنانەت کێشەش. تیۆری کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک کە ئۆجالان پێشی خستووە ئەم کێشانە لە بنەڕەتدا چارەسەر دەکات و مۆدێلێکی ئیونیڤێرسالە، واتە گێتی ئامێزە، چون وەکو مۆدێلێکی سیاسیی قابیلی تاقیکردنەوە یە. قسەی تێدا نییە کە چەندین هەنگاو لە پێش ئەو دیموکراسییە لیبرالییەوەیە کە لە باشترین و تەندروستترین دۆخی خۆیدا هێشتا هەر ناتوانێت دادوەرانە و خەمخۆرانە بە دەربەست هەموو تاکەکەس و پێکهاتەیەکەوە بێت.

یەکێک لە خاڵە گرنگە جیاوازەکانی نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک ئەوەیە کە نوێنەرایەتیی یەکەمیان زۆر کەموکورت و کەمهێن و پەڵەئامێزە. ئەم رەخنانە لە ئەدەبی سۆسیالیستیی و سۆسیال دیموکراتیی و جۆرەکانی دیکەی ئایدیۆلۆژیی ئازادیخوازانەدا بۆ نمونە وەکو فێمێنیزم و بزووتنەوە ئەنتی فۆبیەکان هەمیشە بە شێوەی جیاواز و لە سەر ئاستی جیاواز باس کراون. لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکدا کێشەی نوێنەرایەتیی بە راستیی چارەسەر دەکرێت، چون مۆدێلی ساختاری ڕێکخستن هیرارشیی نییە، بەڵکو لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە.

رەنگە لە رووی خەرجیی و تێچوونی بیرۆکراسیی سپی بەڕێوەبردندا ئەوا کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک زیاتر بکەوێت، بەڵام قسە هەڵناگرێت کە خەرجیەکی زۆری ناکۆکی و ململانێ و کێشە لە کۆڵ خەزێنەی دەوڵەت دەکاتەوە کە عادەتەن سیستەمی لیبرال دیموکرات بە گرانیی بار دەکات.

کە دێتە سەر کوردستان و دەوروبەری، مۆدێلی کۆنفێدرالیزمی دیموکراتیک دەتوانێت زۆر سەرکەوتوو بێت. هۆی یەکەم ئەوەیە کە کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا کوانووی خەباتی ئازادیخوازیی هەموو ناوچەکە بووە. کورد بە ئارەق و رەنج و خوێنی باشترین لە ڕۆڵەکانی خۆی ئاڵای ئازادیخوازیی بە پێوە راگرتووە. ئەگەرچی لەبەر هۆی جیاواز تا ئێستا بە مەبەستیش نەگەیشتبێت، کاریگەریی گەورەی لە سەر گۆڕینی دەسەڵاتی حوکم لە دەوڵەتانی ناوەند، لە سەر بیری پێشکەوتووخوازیی و ریفۆرمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و مەزهەیی هەبووە. هەروەها بووە بەهۆی ئەوەی کە قسەوباس و دیالۆگی سیاسیی لە ناو نەتەوەی سەردەستیشدا بە پێوە بووەستێت، و هاوکاتیش هەمیشە، لانی کەم، بۆ نەتەوەکانی دیکە کە مۆری کەمایەتیان لێ دراوە، ترووسکەی هیوای لەو شەوەزەنگی وەحشیگەریی و دڕندەییەدا بە زیندوویی راگرتووە.
زێدەڕۆیی سیاسیی نییە بگوترێت کە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان، کۆنفیسیۆس گوتەنی کە پاشان مایکۆفیسکی و سەدانی دیکە دووپاتیان کردووەتەوە، ئەو مۆمەیە کە لە جیاتی نەفرەت کردن لە شەوەزەنگ، داگیرسێندراوە.

ئۆجالان پێی وایە کە کارێکی هەڵە و گوناهێکی گەورەیە کە لە کورد دەکرێت ئەگەر ئەم خەباتە ئازادیخوازییە تەنها و تەنها

بخرێتە خزمەت دروستکردنی کیانێکی دەوڵەت - نەتەوەیی کە لە باشترین حاڵەتدا هەر زۆر کورت دەهێنێت. دروستەکەی ئەوەیە کە لە ڕێگای مۆدێلێکی باشترەوە پێکەوە دەتوانین خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بکەین بە چەق و بە ناوەندی ڕزگارکردنی پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە کوردیش، بەوانەوە کە لە ناو کوردستاندان و ئەوانەیش کە دەراوسێی کوردستانن. بە واتایەکی دیکە کۆنفێدرالیزمی دیموکراتیک پرۆژەیەکی بان – کوردستانییە و سرووشتیانە دەتوانێت ئەوانی دیکەیش لە چواردەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

**هەر ئێستا لە بەشێکی کوردستان، لە ڕۆژئاوا، ئەو مۆدێلە لە ژیاندا دەبینرێت. لە باشووری وڵات هێشتا درەنگ نییە و دەتوانین و دەبێت سوود لە ئەزموونی خراپی ڕابردوو وەربگرین**

ئۆجالان متمانەیەکی تەواوی بە خەڵکی کوردستان و بە خەباتە ئازادیخوازەکەی هەیە و پێی وایە ئەو ئینێرژی و گەرمیی و ویست و ئارەزووەی کە هەیەتی بە زۆرەوە دەتوانێت نەک هەر کوردستان بەڵکو تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان لانی کەم دەراوسێیانی کوردستانیش ڕزگار بکات.

تیۆریی کۆنفێدرالیزمی سیاسیی دەبێت بە مۆدێلێکی کار کە ساختارێکی ڕوونی هەیە.

ڕێکخستنەکان لە خوارەوە، واتە لە پێگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە بەرەو سەرەوە، دەبێت دابمەزرێن. هەموو پێکهاتەیەک جۆرێکە لە پێکهاتە کە دەتوانێت ئێتنیکیی مەزهەبیی کولتوریی یان دووان یان سیاسین لەو تێکەڵاویە بن، ژمارەیان کەم یان زۆر بێت. هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. هەموو پێکهاتەیەک دەبێت لە سەر بناخەی شورا/ ئەنجوومەن خۆی ڕێک بخات. ڕێکخستنەکان دەتوانن لە سەر ئاستی گەڕەک یان گەورەتربن. هەموو ئەوانە نوێنەری خۆیان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا هەڵدەبژێرن و کە پاشان لە کۆمیونەکان/ شوراکاندا نوێنەرایەتییەکە بەڕێوە دەبەن. میتۆدی ڕێکخستنەکان دەتوانن جیاوازبن و تەنانەت لە سەر ئاستی کچان/ ژنان/ کوڕان/ پیاوان/ کچان و کوڕان/ ژنان و پیاوان/ کەمئەندامان/ گەورەساڵان/ هەموو خەڵک پێکەوە ...هتد جیاواز بن.

پاشان ئەو ڕێکخستنانە لە سەر ئاستی ناوچەیی (بە هۆکاری جیاواز) لە شێوەی هەرێم یان کانتۆن یان ویلایەت دا نوێنەرایەتی فیدەراڵیی و حکومەتیی خۆیان دەبێت و پاشان دڵخوازانە پێکەوە لە کۆنفێدرالیزمێکدا کۆدەبنەوە و لە سەر ئەو ئاستە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیی و بڕیاردانی سەرانسەریی و ...هتد دادەمەزرێنن. بۆ نمونە سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتیکی کوردستان دەتوانێت لە دەیان هەرێم یان کانتۆنی سەربەخۆ پێک بێت کە هەر یەکەیان ئازادیی زمان و مەزهەب و ئەتنیک و کولتوری جیاوازی خۆیان بپارێزن و لەگەڵ یەک و لە ناو یەکدا هاوکاریی بکەن و پێکیشەوە لە کۆنفێدرالیزمێکی دیموکراتیکدا هاوبودجەی سوپا، قەیرانی سەرتاسەریی و پاکەتی هاوکاریی بۆ کاتی تەنگانە و نەهامەتی سرووشتیی و ...هتد بن.

بەو شێوەیە لە سیستەمی سەروەریی و سەربەخۆی پێکهاتەیی ناوچەییدا هەریەکە و هاوکات ڕۆڵێکی ئۆرگانیکیان دەبێت کە یەکتر تەواو دەکەن و بەهێز دەکەن.

لایەنی باشی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بەشدارییکردنی هەرچی زیاتری خەڵکە لە سیاسەت، واتە سیاسەت دەبێت بۆ هەمووان بێت. هەروەها بەشداری دڵخوازانە و خۆبەخشانەیە لە سیاسەت و لە بەڕێوەبردندا. دیارە لایەنی باش فرەن، هەر بۆ نمونە لە مافی بڕیاردان و سەروەریی بڕیاردان بۆ پێداویستییەکانی ناوخۆ لە شێوەی بەرهەمی کشتوکاڵیی، پیشەسازیی و کەرەستە و ئامرازی پێویست تا ئازادیەکانی تاکەکەس لە هەرە خوارەوەدا بۆ سەرێ، واتە بە پێچەوانەی ساختاری هیرارشی دەبێتە هۆی دروستبوون و پێکهاتنی بیروڕا و تێگەیشتنی سیاسیی جیاواز.

شایانی باسە کە زۆربەی بیروڕا و تێگەیشتنە سیاسییەکانی ئێستای مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی کاردانەوەی کار و میتۆد و مۆدێلەکانی خودی سەرمایەداریی خۆیەتی. بە واتایەکی دیکە، کاتێک کە کۆمەڵانی خەڵک لە ئاستی خوارەوەدا خۆیان ڕێک بخەن، شایەد زۆرێک لەو پرسانەی بۆ نمونە لە مەڕ ژنان ئەوڕۆ کێشەی

زۆر گەورەن، ئەو کاتە هەر نەشمێنن. ئەوە دەسەڵاتە سیاسییە باوەکەیە کە بووە بە هۆی هاتنەئارا و سەرهەڵدانی گەلێک کێشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی جیاواز.

لە حاڵەتی پێکهاتەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک لە کوردستان یاخود هاوکات لەگەڵ دروستبوونیدا، ئەوا پێکهاتەی نەتەوەیی دیکە یان بەشێک لە پێکهاتەی بچووکتر لە دەرەوەی ئەو مەرزانە، دەتوانن دڵخوازانە، بە پێرەوکردنی هەمان بنەما، بن بە بەشێک لە کۆنفیدرالیزمێکی دیموکراتیکی گەورەتر.

هەر لەو تێگەیشتنەدایە کە مرۆڤ و بەها و مافەکانی مرۆڤ ناوەندن، نەک ناسنامەگەلی دروستکراو لە دۆخی خراپدا دەبێت بە هۆ و بیانوو بۆ لەناوبردنی مرۆڤ. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەتوانێت لە سەر ئاستی کوردستان بێت بە نەتەوەکانی ناویەوە، بەڵام هەروەها دەتوانێت بە کۆی دەراوسێیەکانیش بێت وەکو لە باشوورەوە عەرەبی ئەهواز، بەلوچ، لە سەرەوە ئەرمەن و ئازەر، لە ڕۆژئاواوە ئەو سوننە و عەلەوییە عەرەبانەی خوازیاری کۆنفیدراسیۆنێکی لەو جۆرە بن.

لەبەرئەوەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک لە سەر بناخەی بەشداریکردنی دڵخوازانە و خۆبەخشانەیە ئەوا ڕێگا بە هەبوون و بە بەشداریی هەبوونە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی دیکە دەدات/ لاستیکییە/ فرەکولتورییە/ دژ بە مۆنۆپلۆلیزمە و کۆنسیسوس ئامێزە/ ڕێککەوتن ئامێزە/ ڕێککەوتن پەروەرە. لە چوارچێوەی ئەم خۆبەڕێوەبردنەدا دەبێت مۆدێلێکی ئابووریی جیاواز/ ئەڵتەرناتیڤ هەبێت. لێرەدا کەرەستە و سامان دەکەونە بەردەست، بە پێچەوانەی ئەوە کە دابدۆشرێن و بەتاڵان ببردرێن. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەرفەت بۆ پێکەوەژیانێکی هاوبەش و بەرابەر دەخەملێنێت، چون ناوەندگیر نییە، بەڵکو ڕوو بە کەنارەکان دەڕەوێتەوە و هەر لە بەر ئەوە ناتوانێت دەسەڵاتخواز و قۆرخکار مامەڵە بکات.

ئۆجالان بە ڕۆشنی باس دەکات کە خۆبەغەریبدانانی کۆمەڵگایەک لە بەرامبەر هەبوونی خۆیدا هانی دەدا کە لە بەشداربوونی چالاکانەی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا، دوور بکەوێتەوە/ خۆی دوور بگرێت. ئەو کاردانەوەیە کاردانەوەیەکە کە عادەتەن پێی دەگوترێت نارێککەوتن لەگەڵ سیاسەت. بارەکانی مۆنۆپۆلی ئابووریی، سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی، سەربازیی جۆرگەلێکن لە ساختار کە لەگەڵ دۆخی سرووشتیی کۆمەڵگادا نایەنەوە.، کە بە تایبەتیی سەرنجیان لە سەر مەڵۆکردن یان خەرمانەکردنی زێدە قازانجە. ئۆجالان، هەروەها تیزی شۆڕش، لە مانای قڵپکردنەوەی دەسەڵاتدا یان لە بانەوە دانانی سیستەمێکی دیموکراسیی، بۆ گۆڕانکاریی ڕەت دەکاتەوە. چون پێی وایە کە "شۆڕشیش کۆمەڵگایەکی نوێ دروست ناکات". لەو مانایەدا کە شۆڕیش هەر توێژێک و دووان دەگرێتەوە و عادەتەن پاشان کۆمەڵانی خەڵکی لە بیر دەچێتەوە و پشتگوێ دەخرێن. لەو جۆرە سیستەمانەدا کە دەوڵەتی نەتەوەیی نەریتیی یەکێکە لێیان نرخ بە ئازادییەکان و گەورەکردنەوەیان نادرێت. بەڵکو ملکەچبوونی تاکەکەس و وەفاداریی هاوڵاتیی بۆ دەوڵەت و بۆ دامودەستگاکانی بە باشترین ڕەفتاری چاک لە قەڵەم دەدرێت.

لە ڕوانگەی ڕێزگرتن لە مرۆڤ و لە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها لە جەسووریی و پێداگریی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاریی لە دەست داگیرکەریی و کۆلۆنیالیزم، جێی خۆیەتی هەروەها ئەو مایەیە لە سەر مافەکانی تاکەکەس، ئازادیی ژنان، بەرابەریی و یەکسانیی کۆمەڵگا، سیکولاریزم یان ئازادیی مەزهەبیی و ئایینیی، ئازادیی کولتوریی و زارەوەیی و هتد. دابنێین.
ئامانجی کوردستانیان لە بێ دەوڵەتییەوە دەبێت بەرەو کۆنفیدرالێزمێکی دیموکراتیکی وا بەرفراوان بێت کە کۆتایی بە شێوەکانی ڕەگەزپەرستیی و شۆڤێنیزم، بە مشەخۆریی سەرمایەداریی، بە باڵادەستیی تاک - مەزهەبیی، بە سێکسیزم و پیاوسالاریی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە و سووکایەتییپێکردن و هەڵاواردن بهێنێت.

هەر ئێستا لە بەشێکی کوردستان، لە ڕۆژئاوا، ئەو مۆدێلە لە ژیاندا دەبینرێت. لە باشووری وڵات هێشتا درەنگ نییە و دەتوانین و دەبێت سوود لە ئەزموونی خراپی ڕابردوو وەربگرین. کاتێک ئێمەی کوردستانیی بتوانین لە سەر بناخەی سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێکهاتەکان ڕێک بخەین، نەک هەر لە بەر مەترسیی و هەڕەشەدا نابیین، بەڵکو نموونەیەک لە بەڕێوەبەریی دەخەینە بەردەست کە بە دڵنیاییەوە سەرنجی ئەوانی دیکەیش ڕادەکێشێت.

# پانۆڕامای نەوت



د. محەمەد گەناوی

نەوت وەکو سەرەکیترین سەرچاوەی وزەی جیهان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئابوری جیهان و ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان هەیە. ئەم گرنگیەئابوریەجیهانیەی کەنەوت هەیەتی وا دەکات کەئابوری نەوت لەچاو کەرتەکانی تری ئابوری ئەم تایبەتمەندیەیی هەبێ کەجگەلەمانا ئابوریەکەی کەلەدۆزینەوە، دەرهێنان، گواستنەوە، پارەی کاشی

**پارەی نەختینەی نەوت کە لە زۆر وەڵاتانی بەرهەم هێنەر وەک بەلاش سەیر ئەکرێ، چونکە بێ ماندوبوون دێتە دەستیان**

سەرمایەگوزاری و باج پێك دێت،کە هەموو ئەمانەش لەقازانج وەبەدەستهێنانی پارەی خێرادا بەرجەستەدەبێ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسیاسەتی جیۆپۆلیتیك و گەشەی ئابوری جیهانی، هەروەها جوڵەو هاوسەنگی هێزە ناوچەیی و جیهانیەکانەوە هەیە، واتا پەیوەندی بەشەڕ و ئاشتی نێونەتەوەیی هەیە لەڕووی مێژوویی، سیاسی، ئابوری و سەربازیەوە.

هەر کاڵایەك وەك نەوت کە گرنگی جیهانی هەبێ ، لە هەمان کاتا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێ لەسەر کایەکانی ژیان لەسەر ئاستی جیهان، ئیتر لەمانا ئابوریەکەی زیاتر ڕەهەندی سیاسی وەردەگرێ، نەك وەك کاڵایەك کەتەنها ڕەهەندە ئابوریەکەی لەسەر خستنەڕوو داوا واتا supply and demand بێ.

ئەگەر لەدیدی ئابوری/کۆمەڵایەتی سەیری نەوت / وزە بکەین، لەمێژووی ئابوری/ کۆمەڵایەتی ئەمە ئاشکرایە کە پێشکەوتنی بەکارهێنانی وزە کاریگەری سەرەکی هەبووەو هەیە لە سەر زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان. بەهۆی زۆربوونی وزەو بەکارهێنانی وزە لەئاستێکی فراوانا لەبوارەکانی پیشەسازیدا ڕێگەخۆشکەربوو بۆ دروستبوونی زەمینەی گونجاو بۆ گەشەو پەرەپێدانی هەموو بوارەکانی وە کەرتەکانی ئابوری، هەر لەپیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەت گوزاری و تەندروستی و گەشتو گوزار، تا دەگاتەبواری بازرگانی و گواستنەوە.

لەگەڵ بەکارهێنانی نەوت وەك وزەی جێگرەوە بۆ خەڵووز لەهەموو بوارەکانی پیشەسازی و گواستنەوەو بەرهەم هێنانی شۆڕشێکی ئابوری دروست کرد بەزیادبوونی داهاتی وەڵات

**ئەگەر شۆڕشی سەوز نەبوایە وەکو ئاماژەمان پێدا نەوت وەبەکار هینانی وزە رۆڵی سەرەکی تیا بینی**

و تاك، بەمەش پێشکەوتنی بوارەکانی تری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، هەروەها بە شێوەیەکی ڕێژەیی فەراهەمبوونی ژیان و گوزەرانی باش بۆ وەڵاتانی بەکاربەر و بەرهەمهێنەر بوە هۆی پێشکەوتنی کەرتەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

لەڕووی پیشەسازیەوە، نەوت توانی کەرتەکانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی بەشێوەیەکی زۆر دیار/SIGNIFICANT زیاد بکات، بەمەش کەرتەکانی بە رهە م هێنان بوون بەشوێنی کارو داهات بۆ خەڵکانێکی زۆر، هەر بۆیە دەبیین لەگەڵ بەکارهێنانی نەوت بەتایبەت لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە لە بوارەکانی پیشەسازیدا ژمارەی بێکاران لەوەڵاتانی پیشەسازی بەشێوەیەکی زۆر دیار و بەرچاو نزم بووە بۆ کەمترین ئاست بەمەش هەم داهاتی تاك هەم دەوڵەت گۆڕانی گەورەی بەسەرهات، بەم زیادبوونەی داهاتە توانرا زۆرلایەنی تری ژیانی شارستانی و کۆمەڵایەتی و تە ندروستی بەرەوی پێبدرێ، هەر لەئاستی خوێندن و پەروەردەو فەرهەنگ تا ئەگاتە لایەنی وەرزش و چالاکیەکانی تری کۆمەڵایەتی.

بەهەمان شێوە لەبواری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ، بەتایبەت ئەوەی کەبەشۆڕشی سەوز ناسراوە، بەکارهێنانی وزەی نەوت لەبواری بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و کەرستە خۆراکیەکانە، ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری هەبووە کە بە هۆیەوە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە خۆراکی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو زیاد بکات،

تابتوانرێت بەئەندازەی پێویست خۆراك بۆ دانیشتوانی سەر زەوی بەرهەم بهێنرێت.

لەگەڵ پەیدابوونی پیشەسازی و کۆچکردنی زۆری خەڵکی گوندەکان لەوەڵاتانی پیشەسازی بۆ ناو شارەکان بەمەبەستی کارکردن لەکارگەکان بۆ پەیداکردنی داهاتی زیاتر، ئەگەر شۆرشی سەوز نەبوایە وەکو ئاماژەمان پێدا نەوت وەبەکار هینانی وزە رۆڵی سەرەکی تیا بینی، نەك لەوەڵاتانی جیهانی سێیەم، بەڵکو لەوەڵاتانی پیشەسازیشا خەڵك تووشی کەمی خۆراك و برسیەتی ئەبوونەوە.

لەرووی کۆمەڵایەتی و تەندروستی وە دروستبوونی دیاردەی دەوڵەتی خۆشگوزەران لەوەڵاتانی رۆژئاواو جیهان هەمووو بەهۆی زیادبوونی داهاتەوە بوو کەلەرێگەی وزەی نەوتەوە فەراهەم کرا. بۆیەئەتوانین هەموو ئەو پێشکەوتنەی لەدوای جەنگی جیهانیەوە جیهان بەخۆیەوەبینی ناوی بنێین شۆرشی نەوت.

کالای نەوت تەنها کالایەکە ئەوەندەی بۆ بەکاربەران بۆتە مایەی خۆشگوزەرانی و فەراهەم بوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەهیچ جۆرێك بە چارەگی ئەم ئەندازەیەش بۆ بەمیللەتان و وەڵاتانی بەرهەم هێنەر سوودی نەبووە هەڵبەتە جگە لە نەرویج، هەروەها کالای نەوت دووبارەتەنها کالایەکەه هەتائێستاش سیاسەت و ئابوریەکەی لەدەست زۆربەی هەرەزۆری وەڵاتانی بەرهەم هێنەردا نیە، بەڵکو ولاتانی تر خاوەنی سیاسەتی نەوتن و نەوت بەکاردێنن لەهەموو هاوکێشەسیاسی و جیۆپۆلیتك وهاو سەنگی هێزدا هەم لەسەر ئاستی ناوچەیی وهەم لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانیدا. وەکو لەسەرەوەئاماژەمان پێدا نەوت بۆ وەڵاتانی بەکاربەری پیشەسازی بووەتەرێگەی کارا بۆ خۆشگوزەرانی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوونی هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دروستبوونی سیستەم و دەوڵەتی خۆشگوزەران“wilferd state” بەپلەی جیاواز . بەلام نەوت بۆ زۆربەی هەرەزۆری وەڵاتانی بەرهەم هێنەر، نەك هەر نەبۆتە مایەی خۆشگوزەرانی و ئاشتی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەزۆر کاتدا وەکو لەوتارێکی پێشووترا باسم لێوەکردبوو، نەوت لەبری ئەوەی ببێتە روناکی بووەتە ئاگر بۆ ژیان و گوزەرانی زۆری خەڵکانی وە وەڵاتانی بەرهەم هێنەر. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆچی ئەم جیاوازیە هەیە لەنێوان وەڵاتانی بەکاربەر و بەرهەم هێنەری نەوت لەسەر ئاستی سوود وەرگرتن لەئابوری نەوت، پێویست ئەکات ئاماژە بە گرنگترین کاریگەریە خراپەکانی نەوت بکەین لەسەر گەلان و وەڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت بەتایبەت لەوەڵاتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەکوردستانیشەوە.

١- نەوت وەك تەنها سەرچاوەی ئابوری و داهاتی کاش سودی لێ وە رگیرا وە بێ بەکارهێنانی هیچ هێزێکی عەقلی و زانستی و تەکنەلۆژی لە لایەن ولاتانی بەرهەم هێنەری نەوت دوبارە جگە لە نەرویج بووە بە هۆی ئەوەی کە: A

- کەرتەکانی تری ئابوری بۆ ژیان تەواو پشت گوێ بخرێن یان زۆر گرنگیان پێنەدرێ کە ئەمە لە زۆربەی هەرە زۆری وەڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت بەئاشکرا ئەبینرێت بەکوردستانیشەوە، وەکو ئەمرۆ هەموومان شایەد حاڵی کوردستانین کەپارەی نەوت نەبێ هەتا نیوە مووچەو چارەگە مووچەش نابێ، بەمەش هەموو کایەکانی ژیان وەستاوە. کاتێ بەندە لە بەرنامەیەکی تیڤی باسی گرنگی کەرتەکانی تری ئابووری ئەکرد یەکێ لەبەلاش خۆرەکانی میلیشیا بەناو رۆژنامەنووس بەئاشکرا ئەمەی دەگووت کە”ئێمە وەڵاتی نەوتین پێویستمان بەکەرتەکانی تری ئابوری نیە”.

**بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەوت رۆڵی گرنگ و بڕیاردەری هەبووە لە نەخشەی جیۆپۆلۆتیک لەهەموو ناوچەنەوتیەکانی جیهان**

B ئەم پشت بەستنە رهایە بە نەوت لە زۆری وە لاتانی نەوتی بۆ ژیان و خۆش گوزەرانیەکی ساختە وەك وە لاتانی کەنداو بۆ نمونە هەموو کایەکانی کاری فکری پەك خست لەسەر ئاستی مەعریفە، زانستی و فەرهەنگی کە دووبارە هەموو ئەو دواکەوتوییە فکری وزانستی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیە لەوەڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە . نەوت لەبری ئەوەی تاك، کۆمەڵ و هەموو

رەهەندەكانی ژیانی سیاسی فكری، فەرهەنگی، شارستانی، هەروەها هەموو بوارەكانی كەرتەكانی تری ئابوری چالاك بكات، لەراستیدا هەموویانی سڕو بێ كاریگەر كرد لە وەلا تانی نەوتی.

B - پارەی نەختینەی نەوت كە لە زۆر وەلاتانی بەرهەم هێنەر وەك بەلاش سەیر ئەكرێ، چونكە بێ ماندوبوون دێتە دەستیان، فەرهەنگی كار و بەهای كاریش نەبۆتە كاراكتەری پەروەردەیی لەسەر ئاستی كۆمەڵگە، بۆیە بەشی هەرەزۆری تاكەكانی ناو

## نەوت خاوەنەكەی ئەو وڵات و گەلانەیە كە نەوتی تیایە لە رووی جیۆگرافیە وە

كۆمەڵگە وە هە تا لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسیش لەم شوێنانەی كەنەوت هەیەهێنەدەی فەرەنگی بەلاش خۆری و سەرفكردنی گەمژانە باوە، نیو ئەوەندەش فەرهەنگی كار و بەرهەم هێنان و خۆماندوكردن بوونی نیە، بێ گومان ئەمەش كاریگەری خراپی هەبووەو ئەبێ لەسەر بواری پەروەردەی فكری و خۆ رێكخستن و متمانەبەتواناكانی خۆ.

٢- لەزۆربەی وەلاتانی بەرهەم هێنەری نەوت داهات و كەرتی نەوت لەلایەن چەند یان چەندەها كۆمپانیای جۆراوجۆری بواری وزە وە بەهاوكاری نوخبەیەكی بەناو سیاسی یان هەندێ جار لەلایەن خێلێك یان خێزانێكەوە كۆنترۆڵ و مۆنۆپۆل/قۆرخ كراوە بێ بە شداری خە لك لە بریاری سیا سە ت و ئا بووری نە وتا. ئەم قۆرخكارانەهەموو داهات و سودەكانی نەوت بۆ خۆش گوزەرانی سوڵتانانەی خۆ و بەرژەوەندی مانەوەی خۆیان بەكار ئەهێنن بێگوێدانەهیچ بەهایەك و بەرژەوەندیەكی میللی و نیشتمانی.

٣- لەرووی كۆمەڵایەتیەوە، بەهۆی گل بوونەوەی سامانی نەوت لەدەستی كەمینەكی دەسەڵاتدار وە قۆرخ كردنی هەموو داهات و بەكارەێنانی نەوت بۆ بەرژەوەندی خۆیان حاڵەتێكی كۆمەڵایەتی ناسرووشتی خوڵقاندوە بەوەی كەوا كەمینەیەك لەپڕا بەدەست بەسەراگرتنی نەوت ئەبنەخاوەن سەدان ملیارد دۆلار و سامانێك كەلەخەویش نەیان بیناوە، واتە ئەم نوخبە تازە بەسەرا كەوتووەبەهۆی قۆرخكاری تەواوی داهاتی نەوتەوە كۆمەڵگەكانی وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوتیان دوو لەت كردوە نەك بەمانا سیاسی و ئابوری و چینایەتیەكەی، بەڵكو بەمانای یاسای هەرە سەرتایە جەنگەلیەكان، واتا دروستبوونی چینێكی دڕندەو فاسد پشت بەستوو بەسامانی نەوت و قۆرخكردنی نەوت، زۆرینەی خەڵكی بێ ماف و بێ دەنگ و بێ راو و بێ بڕیار و بێ ئازادی كەنمونەی ئەمە لە هەموو وەلاتانی نەوتی جیهانی سێیەم كەم یان زۆر بەدی ئەكرێ، دەسەڵاتی "ئال السعود" نمونەی هەرەزەقی ئەو دوو لەت كرنی كۆمەڵگەیەبۆ چینێكی زۆردار و دەوڵەمەندو نەوتدار و چینێكی شێلدراو كەبەشی هەرەزۆری هاوڵاتیان لەخۆ ئەگرێ.

ئەم دوو لەت بوونی كۆمەڵگە بۆ دوو چینی تەواو جیاواز لەژیان، گوزەران، بەرژەوەندی و ئامانج بۆتە هۆی نەبوونی هیچ سەرنەوشتێكی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو چینەدا، بەڵكو لەمەش زیاتر هەمیشە شەڕێكی نهێنی و سارد هەیە لە نێوانیان كەدرەنگ یان زوو ئەم شەڕە نهێنیە ئەبێتە شەڕێكی گەرم كەئەوكات نەتەنها ئاشتی كۆمەڵایەتی كەلەبنەمادا لەم كۆمەڵگە نەوتیەدە اگیركراوانەدا نیە بەتەواوی بوونی نامێنێ، بەڵكو هەموو وەلات و كایەكانی ژیان هەرەشەی لەناوچوون و وێران بوونیان لێ ئەكرێ كەلێرەدا عێراق و لیبیا نمونەی زیندون بۆ ئەمە كە ئەشێ هەمان نمونەی عێراق و لیبیا لەزۆربەی وڵاتانی نەوتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دووبارەببێتەوە، ئەگەر هەرچی زووتر سامان و ئابوری نەوت نە گە رێتەوە بۆ خە لك وە كۆتایی بەخاوەنداریەتی نەوت نەهێنرێ لەلایەن كەمینەیەكی دەسەڵاتداری گەندەڵ و چاوچنۆك و ستەمكار. دوو كەرت بوون یان دوو لەت بوونی كۆمەڵگەنەوتیەكان لەوەلاتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی تەواوی ئابوری نەوت لەلایەن كەمینەیەك و بێ بەش بوونی زۆرینەش لەهەموو خێرێكی نەوت بوەتە هۆی بە فیرۆدانی سا مانێكی گە ورەی گشتی بێ وێنە. ئەگەر تەنها ئەم ١٠ ساڵەی دوایی وەربگرین وە تەنها ئەگەر وڵاتانی كەنداو عێراق و ئێران وەربگرین بەهەزاران ملیار دۆلار لە فرۆشتنی نەوت دەست كە وتیان هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەبینین هیچ پێشكەوتنێكی بەرچاو لەم شوێنانە رووی نەداوە لە رووی

گەشەو پەرەپێدانی کەرتەکانی تری ئابوری لەسەر بنەمای زانستی و تەکنەلۆژی و بازاڕ.

هەڵبەتە هەندێك وڵات وەك عێراقی سەردەمی سەدام و شای ئێران و لەگەڵ لیبیای قەزافی بەپاڵنەری ڕۆحی نەتەوەپەرستی لەهەوڵی ئەوەدابوون کە سامانی نەوت بەکاربێنن بۆ پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری و پیشەسازی و هەتا تەکنەلۆژیای ناوکی و سەربازی، بەڵام بەئامانجی باڵادەست بوونی نەتەوەکەی خۆیان وەلەسەر ژیان و حسابی ئازادی و دیموکراسی کەئەنجامەکەی وەکو بینیمان خراپتربوو لەچاو ئەو شوێنانەی کەنەوت تەنها بۆ ئارەزووی خۆشگوزەرانی کەمینەیەکی فاسدی ستەمکار بەکاردێ وەك وڵاتانی کەنداو و هەندێك وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیا.
بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەوت ڕۆڵی گرنگ و بڕیاردەری هەبووە لە نەخشەی جیۆپۆلۆتیك لەهەموو ناوچەنەوتیەکانی جیهان، هەروەها ڕۆڵی هەبووەلەهاوسەنگی هێز و شێوازی جۆری فەرمانڕەوای دەسەڵاتەدەستنیشان کراوەکانی وڵاتانی نەوت هەروەکو لەوتارێکی تردا گووتومە جیۆپۆلۆتیکی جیهان بەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بەبوونی نەوتەوە هەیە بەهەموو ڕەگەزەکانیەوە وەك شوێنی بەرهەم هێنان، گواستنەوە، بەبازاڕ کردن. هەروەها خاوەنداریەتی نەوتیش بەهەمان جۆر پەیوەندی بەسیاسەتی جیۆپۆلۆتیکەوە هەیە هەروەکو لەسەرەوەئاماژەم پێکرد کەراستە نەوت خاوەنەکەی ئەو وڵات و گەلانەیە کە نەوتی تیایە لە ڕووی جیۆگرافیە وە، بەڵام سیاسەت و بەهای نەوت وڵاتانی تر و کەسانی تر خاوەنداریەتی ئەکەن. هەتا ئەوانەی بەناو دەسەڵاتداران و بەناو سەرۆك و خاوەن نە وتن لە زۆربە ی وڵاتانی نە وتی لەڕاستیدا تەنها ئەرکی ئاسایش و ئیدارەکردنی نەوت ئەبینن لەناو خۆی وڵاتەکانیان، کەخۆشیان خاوەنی هیچ توانا و دەسەڵاتێك نین، بەڵکو پێیان بەخشراوەیان پێیان سپێردراوەئەویش تا ئەوکاتەی کەتوانای ئەوەیان هەیەئەرك بەشێوەیەکی قبوڵ کراو بەئەنجام بگەێنن. هەرکات توانای ئەنجامدانی کارو فەرمانیان نەما خۆیان هیوا بەوەئەخوازن نەك سەرۆك بان، بەڵکو شوان و گاوانی چەند مانگا و بزنێك بان. واتا خاوەنی ڕاستەقینەی نەوت هێزەگەورەکانی جیهانن، وەئەوە هێزە گەورەکانی جیهانن کەخاوەنداریەتی ڕاستەقینەی نەوت و وزەئەکەن، نەك ئەمانەی کەلەبەشێکی ئەم نەوتەی کەبۆ گەل و وڵاتەکانیان دیاری کراوەبەزۆر و ستەم و ساختەبۆ خۆیان دەستیان بەسە ردا گرتووە و خۆیان کرد کردۆتەخاوەنداری هەموو شتێك بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ بەهاو بەرپرسیاریەکی میللی و نیشتمانی و مرۆڤی و ئەخلاقی.

ئەوەی جێگای کۆمێدیە هەموو ئەوانە کە لەڕێگەی سامان و داهاتی نەوتەوە لافی سەرۆکی و پاشایی لێ ئەدەن ئەکەونە ئەو وهەمەوە کە بەراستی خۆیان بەسەرۆك و دەسەڵاتداری

**لەبەرئەمەشە زۆرێ لە خا وەن تواناکان لەگەڵ پەیدابوونی هەر هەلێ بێ دوو دلی کۆچ دەکەن**

راستەقینە ئەزانن بەسەر خەڵکەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمانەبێباك و بێ هەستی بەرپرسیاریەتین وهەیچ کاراکتەری بەرپرسیاریان نییە. وەهەمی دەسەڵاتداری بەرپرسانی وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، ئەو راسیەیان لاونە کە ئا بووری و سیاسە تی نە وت کە لە دەرهێنانی نەوت، گواستنەوەی نەوت بۆ بازاڕە کان و فرۆشتنی و دیاری کردنی بەهای نەوت کەسانی تر و وڵاتانی تر بڕیاری لەسەر ئەدەن. واتا خاوەنداریەتی نەوت بەمەنیەکەبەحوکمی شوێنی جوگرافیا لەم شوێنانەیە کە ئامانەی تیا بەدەسەڵاتدار کراون.

ئەمڕۆ وهەمی سامان و دەسەڵاتی نەوت بۆتەگرفت بۆ گەلانی ئەو شوێنانەی کەنەوتی تیایە، هەتا بۆتەگرفت بۆ جیهانیش، چونکەدەسەڵاتدارانی ناوچە نەوتیەکان لەبنەڕەتدا وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا خەڵکانی ناشێ، بێباك و تازەبەسەردا کەوتوون تووشی ئەو وەهمە بوون کەبەڕاست خۆیان بە شایستەو بەدیەێنەری سامانی نەختینەی نەوت ئە زانن ، بۆیە زۆر جار نا ئاگا زیاتر لەوەی کەهە ن هەنگاو ئەنێن تا لەشوێنێکدا گیر ئەکەن و سەری خۆیان لەبەربەستە ئاسنینەکانی دنیای ڕاستی و سیاسەت ئەدەن، ئینجا ڕاستی بوونی خۆیان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام کاتێك ڕاستی بوون و کێشی خۆیان بۆ دەردەکەوێت کات تێپەڕیوە، نمونەی ئەمانەلەدوای شۆڕشی

نـەوت زۆرە. هـە مـوو ئەمانـەی کەلەناوچەنەوتیـەکان بـێ پاڵپشـتی ڕاستەقینەی جەماوەر لەچوارچێوەی یاسا و دەستوردا دەسـەڵاتیان هەیەئەگـەر یەقینیـش نەبـێ، لەبێباکـی و ەیـچ و پووچیـان ئەبـێ گومانـی جـدی بکـرێ کەئەمانـە ماڵـی بەرپرسـیاریەتی نیـن. هەرکاتێـک دەسـەڵاتدارنی وەڵاتانـی نەوتـی ڕاسـتی و توانا و پێگـەی خۆیـان بـۆ دەرکـەوت ئەوکاتەزۆربەیـان لەجیاتـی سەرکەشـی وەك سـەدام و قەزافـی پەنـا بـۆ سـامان و ئابـوری نـەوت ئەبـە ن بـۆ دابـن کردنـی ئاسایشـی ژیـان و مانـەوەی خۆیـان بـەوەی کەئامادەن هەرچـی هەیـەوەك بـاج بیـدەن بەهێزەناوچـەی و جیهانیـەکان تەنـها لەبـری ئـەوەی لەدەسەڵاتەسـاختەکەیان بمێنـەوە ،کەدیسـان بـۆ ئـەم حاڵـەش نمونـەی کـۆن و تازەمـان زۆرە. کاتێـك دەسـەڵاتداران بـاج ئـەدەن بـۆ کرینـی ڕۆژانـی تەمەنـی دەسـەڵاتیان لەسـەر حیسـابی ژیـان و گـوزەران و ئاینـدەی گەلەکانیـان ئەبـێ چاوەڕێـی کرانـەوەی هەمـوو دەرگاکانـی تراژیدیـا بیـن بـەڕووی خەڵکـەوە ، لەگـەڵ هەڵوەشـانەوەی هەمـوو بەهاکانـی ژیـان و ئابـوری و کۆمەڵایەتـی .

پانۆڕامـای نـەوت هـەر لەسـەرەتایی سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا تـا ئێسـتاش چەندەهـا درمـای سیاسـی، جیۆپۆلۆتیـك، ئابـوری لەگـەڵ چەندەهـا دەرهاویشـتەی کۆمەڵایەتـی و نەخشـەی نوێـی هێـزو مەیدانـی ململانێـی ناوچەیـی و جیهانـی لەخۆگرتـووە، بەجۆرێـك ئەتوانیـن بڵێیـن کەهیـچ کێشـەو ململانەیـەك و قەیرانێـك لـەم ٨٠ سـاڵەی دوایـدا نەبـووە کـە وەکـو درامـای نـەوت ڕۆڵـی سـەرەکی ڕاستەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆ تیـا نەبینیبـێ، بەجۆرێـك لەهەندێـك حاڵەتـدا نـەوت خـۆی بۆتەسیاسـەت و چـەك لەکێشـە وپەیوەندیـە ناوچەیـی و نێودەوڵەتیـەکان، بـۆ نمونـە هەرچـی هێـزە گەورەکانـی جیهـان و ناوچەیـەکان هـەن نـەوت سیاسـەتیانەبۆ دەسـکەوتن و دەستبەسـەردا گرتـن و بڕیاردانیـان لەسـەری، لەزۆر حاڵەتیشـدا ئـەم نەوتـە بـەکاردێ وەك چەکێـك لەسیاسـەتی ئابـوری و جیۆپۆلۆتیـك و دابەشـبوونی هاوسـەنگی هێـزەکان ئەویـش لـە ڕێـگای کاریگـەری خستنەسـەر بەهـای نـەوت لەبـازاڕەکان، هەروەهـا لـە ڕێـگای ڕێگاکانـی گواسـتنەوەی بـۆ بازاڕەکانـی جیهـان. هەرکاتـەو هەرجـارەی لەشـوێنی درامـای نـەوت لەسـەر پشـت و شـانی هێزەکاریگەریەکانـی ناوچـەو جیهانیـەکان کەنـەوت و ئابـوری نـەوت جوڵێنـەری سـەرەکی هەمـوو هێزەکانە بەجـۆر و شـێوازی جیـاواز نیشـان ئەدرێـت، کـە بـۆ هەندێـك گـەل و شـوێن مـژدەی خێـر، بـۆ هەندێکـی تـر هەواڵـی تراژیدیـا ئـەدات. تـا نـەوت و گاز وەك تەنهـا سـەرەچاوەی سـەرەکی وزە بوونیـان هەبـێ شـاهیدی گەلێـك پانۆڕامـای درامـای نـەوت ئەبیـن کەبێگومـان ژیـان و داهاتـووی نەوەکانـی جیهانـی لەسـەربەندە بـە فـۆڕم و ئەنـدازەی جیـاواز لەشـوێن و کاتـی جیـاوازدا. ئـەوەی گرنـگ بـێ بـۆ هـەر گـەل و وڵاتێـك بوونـی سیاسـەتێکی ڕوون، نیشـتیمانی، مـرۆڤ وە ژینگـە دۆسـتانەیە تـا بتوانـن لانـی کەمـی ژیـان و داهاتوویەکـی سـەربەرزانە بـۆ خەڵـك و گەلـی خۆیـان فەراهـەم بکـەن، لەدرامـای نەوتـدا بەتـەواوی نەبنەقوربانـی یاریکەرانـی سـەرەکی دراماکانـی نـەوت چ لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی یـان نێودەوڵەتـی . بەشـداری چالاکانـەو ڕاسـتەقینەی خەڵـك لەبڕیـارە سیاسـی و ئابوریەکانـدا لەهەمـوو ئاسـتەکاندا مەرجـی بنەڕتیـە بـۆ قوربانـی نەبوونـی ڕۆڵـەو نەوەکانـی گـەل بـۆ ژیـان و گوزەرانـی هێـزە تەماحـکارەکان.

لەگـەڵ دیاریـدەی گلۆبالیـزم و بـازاڕی ئـازاد گـەلان و وڵاتانـی بەرهـەم هێنـەری نـەوت ڕووبـەڕووی سـەخترین قەیرانـی دارای و ئابـوری ئەبنـەوە کـە ئەشـێ ئاکامەکانـی لەهەمـوو ڕووێکـەوە تراژیدیابێـت، چونکـە ئـەو وڵاتانـە وەکـو لەسـەرتاوە ئاماژەمـان پێـدا چەنـد دەیـەك بـە پاڵپشـت بەسـامان و داهاتـی نەختینـەی نـەوت هەمـوو بـوار و کەرتەکانـی تـری ئابوریـان پشـت گـوێ خسـت، هەروەهـا سـامانی مرۆیـان لـەڕووی زانسـتی، تەکنەلـۆژی و مەعریفـی و فەرهەنگیـەوە بەتـەواوی لەچوارچێوەیەکـی ناچـالاك و نـاکارادا سـڕکرد. ژێرخانـی توانـا مرۆییەکانیـان هـەر لەبنەڕەتـەوە نەبـوون، دەسـەڵاتدارانی بێبـاك و بەسـەرکەوتوی نەوتیـش هیـچ زەمینەیەکیـان دروسـت نەکـرد بـۆ گەشـەپێدان و پێگەیانـدنی تواناکان، هەروەهـا زەمینەشـیان دروسـت نەکـرد کـە توانـا مرۆییـەکان تێیـدا بەکاربێـت و بەرهـەم هێنەربێـت هـە ر لەبەرئەمەشـە زۆرێ لـە خـا وەن تواناکان لەگـەڵ پەیدابوونی هـەر هەلـێ بـێ دوو دلی کـۆچ ئەکـەن. ئێسـتاش ئـەم وڵاتانـە هەریەکـەو بەجۆرێـك ناچارکـراون کەرۆڵـی ئابـوری دەوڵەتـی کـەم بکرێتـەوە، واتـا کەرتەکانـی دەوڵەتـی تایبـەت بکرێـن وەکـو چـۆن ئێسـتا سعویەخەریکی فرۆشـتنی کۆمپانیایـی نیشـتیمانی ئارامکـۆی نەوتـە بەکەرتـی تایبەتـی و سـەرمایەگوزەرانی بیانـی، لەهەمانکاتـدا نزمبوونـەوەی بەهـای نـەوت لەبازاڕەکانـی جیهانـدا ناچاربـوون بـۆ پڕکردنـەوەی بودجـەی پێویسـت بـاج و گومـرگ و ڕسـومات لەسـەر هاوڵاتیـان ڕۆژبـەڕۆژ زیـاد بکرێـت، هەروەهـا کـەم کردنـەوەی مووچـەی فەرمانبـەرانی کـەرتی گشـتی. بـێ گومـان ئەمـەش کاریگـەری




سـەختی ئەبـێ لەسـەر ژیـان و گـوزەران و داهاتـووی ئابـووری تـاك و کۆمـەڵ کەئەنجامەکـەی لـەزۆر وڵاتـدا ئاسـان نییـە کەپێشـبینی بکـرێ، بـەڵام هەمـوو قەرینـەکان نیشـانەی هەواڵـی خـۆش نـادەن ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانی وە بەبەشـداری راسـتەقینەی خەڵـك چاکسـازی ریشـەیی نەکـرێ لەبـواری کارگێـڕی، دەسـەڵات، چاکسـازی لەبەرنامـەی خوێنـدن و پـەروەردە لەقۆناخـی هـەرە سـەرەتاییەوە تـا زانکـۆکان بەئاراسـتەی کارابوونیـان لەهەمـوو بوارەکانـی ئابـوری و بەرهـەم هێنـان لـە گـەڵ دروسـت کردنـی زەمینـەی تەندروسـت و ئامانجـدار بـۆ سـەرمایەگوزاری مـاددی و مرۆیـی لەچوارچێـوەی یاسـایی و دەسـتوریدا لەگـەڵ فەراهەمکردنـی هـەل و شانسـی یەکسـان بـۆ هەمـووان بـە یاسـا.

پانۆڕامـای نـەوت لەکوردستانیشـدا بەهەمـان جـۆرە، بـەڵام دژوارتـر ئەبیـنرێ لەچـاو ئـەو ناوچـەو وڵاتانـەی تـر کـە نەوتیـان هەیـە لەبـەر زۆر هـۆکار کـە گرنگترینیـان نەبوونـی دامـەزراوە دەوڵەتـی و نیشـتیمانیەکانە کەلەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی نیشـتمانی و میللـی مامڵـە لـە گـەڵ نەوتـدا بکـەن.

لـەم شـوێنانەی کەدەوڵەتـن کـەم یـان زۆر دەوڵەتـدارن ناچـارن هەنـدێ هەسـتی بەرپرسـیاریەتیان هەبـێ بەرامبـە ر ژیـان و گوزەرانـی خەڵـك هیـچ نەبـێ لەبـەر هەنـدێ بەرپرسـیاریەتی جیهانـی وە پەیوەدیـان بەدامـەزراوە جیهانیەکانـەوە، بـەڵام لەکوردسـتان لەبـری دەوڵەتێکـی یەکێتـی نیشـتمانی چەنـد گـرووپ و دەسـتەی چەکـدار بەگوێـرەی بەرژەوەنـدی گرووپـی حیزبـی مامەڵـە لەگـەڵ نەوتـدا دەکـەن، هەروەکـو لەمیدیاکانـەوە دەبینیـن و دەبیسـتین کـەس نازانـێ گرێبەسـت چـۆن کـراوە بەرهـەم و داهـات چەنـدە. هـەر ئەمـەش هۆیـە کـە ئەمـڕۆ کوردسـتان رووبـەڕووی قەیرانێکـی دارایـی جددیـی بۆتـەوە کەدەربازبـوون لێـی ئەگـەر مەحاڵیـش نەبـێ زۆر سـەختە ئەمـەش بەڕاسـتی جێـی داخـە کـە ئەکـراو ئەشـیا وانەبـێ.

# ژنۆلۆژی چیە و بۆچی؟



نەجیبە قەرەداخی

گۆڕانکاریەکانی جیهان لەسەرەتای سەدەی ١٩ لە ڕووی پیشەسازی، تەکنیکی، سیاسی و ئابوری، ڕاستتر لە سەردەمی هەڵکشانی سەرمایەداری دا، زیاترین کاریگەری لە بواری کۆمەڵایەتی کرد. مۆدێرنیتە کە خۆی لە سێ پێگەی سەرمایەداری، دەوڵەت نەتەوە و پیشەسازگەرایی دا بەهێزکرد، کێشە و قەیرانی گەورەی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دا دروستکرد، هەر لە تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان تاک و کۆمەڵگە تا دابڕانی تاک لە یەک و نامۆبوونی نەوەکان لە یەکتر و هتد. ئەڵبەتە " ڕزان و لێکترازانی کۆمەڵایەتی " مەبەستەکەمان بۆ کورت و پوخت دەکاتەوە. سۆسیۆلۆژی "کۆمەڵناسی" وەک زانستێک کە کاری تیۆری و ئاکادیمی دەکات، وەک پێویستیەک بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی پەیوەندی و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان سەریهەڵدا. زۆر لقی وەک مێژووناسی، زانستی سیاسی، مرۆڤناسی، دەروونناسی ، ئاخیرەتناسی و زۆر بواری تر لێ بۆوە و لە ژمارە نەهاتووش تیز و بەرهەمی هزری گەلاڵەکرا. بەو پێیەش سۆسیۆلۆژی وەک جۆرێک لە ئالەنگاری مۆدێرنیتە و خوێندنەوە و چارەسەرکردنی ئەو داڕزان ولێکترازانە کۆمەڵایەتیانەی کە تاک و کۆمەڵگەی ڕووبەڕووی دەبویەوە، هاتە مەیدان.

ئەگەر بێ ژمارە لقەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بەرهەمهات، ئەدی ئەو هەموو کێشە، ئالۆزی، داڕزان و لێکترازانە کۆمەڵایەتی، توند وتیژی و نەخۆشیە کۆمەڵایەتیانە چیە کە هەر ڕۆژ قوڵتر دەبێتەوە و هی نوێی لێ زیاد دەبێت. ئەدی ئەو شەڕە ٥ هەزار ساڵەیە بۆ یەکلانەبۆتەوە کە دەوڵەت، دەسەڵاتداری و پیاوسالاری لەبەرامبەر هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتی ژن بەڕێوەی بردووە.

بێ گومان هەموو هزرەکان لە مێژووی مرۆڤایەتی دا چ میتۆلۆژی، ئایین، فەلسەفە و دواترینیان زانستە کۆمەڵایەتیەکان بۆ چارەسەری پرسەکانی کۆمەڵگە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مرۆڤ سەریهەڵداوە، بەڵام بەبەکارهێنانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ مسۆگەرکردنی هەبوونی خۆیان، ئەو جۆرانەی هزر لە ئامانجە سەرەکیەکانیان لایاندا. تەنانەت پەیامەکانیان لە سەردەستی

زۆرێک لە فەیلەسوف و زاناکان پێچەوانەی سروشتی کۆمەڵگە و مرۆڤ بۆوە و ڕەواییان بە پێگەی دەسەڵات بەخشی. تۆماس هۆبز دەڵێ " مرۆڤ بۆتە گورگی مرۆڤ"، بانگەشەی ڕێگرتن لەوە، میکانیزمانی دەوڵەت و دەسەڵاتداری ڕەوادەکرد.. تۆماس هۆبز و فرانسیس باکۆنیش بە ئۆگۆست کۆنت کاریگەر بوون. ئۆگۆست کۆنت کە بە داڕێژەری زانستی پۆزەتیفیست دادەنرێت مێژوو دابەش دەکات بۆ سێ قۆناخ ١.قۆناخی ئاینی (لاهوت) ٢. قۆناخی میتافیزیک ٣. قۆناخی زانستی . لە قۆناخی ئایینی دا پێی وابووە کە بتپەرستی، فرەخودایی و پاشان تاکخودایی هەبووە و بۆ بەشی یەکەم کە بتپەرستیە پێی وایە کە مرۆڤ بیرکردنەوەی نەبووە. ئەم نکوڵی کردنە لە مێژووی هزر لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتی نکوڵی لە سەردەمی ژنە خوداوەندەکان و ئەو بەرهەمە یەکەمانەی کە هەر یەکەیان سەمبولی داهێنانێکن، بناغەی دیدی پۆزەتیفیزمە لەسەر مێژووناسی و زاڵکردنی دیدی ئۆرینتالستیە لەسەر دەستپێکردنی مێژووی کۆمەڵگەبوون لە میزۆپۆتامیادا. ناکۆکیەکی تری زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە کە زانستی بۆ هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان تەرخان کردووە، بەڵام نادیدەیە

**سۆسیۆلۆژیەکی کە لە ئارادایە زانستێکە کە زهنیەتی پیاوسالاری کاریگەری گەورەی لەسەر کردووە**

لە ئاست هەبوونێکی وەک ژن " ژن نەک وەک هەبوونێکی بایۆلۆژی" بەڵکو وەک هەبوونێکی کۆمەڵایەتی و بەرپاکەری یەکەم شۆڕشی گوند و کشتوکاڵ لە مێژووی مرۆڤایەتی دا و نەک تەنیا نیوەی کۆمەڵگە، بەڵکو بناخە و خولقێنەری کۆمەڵگەیە. لە کاتێکدا کە هۆکاری سەرەکی قەیران و گێژاوی مرۆڤایەتی سەرچاوەکەی لە دەسەڵاتداریەوەیە و دەسەڵاتداریش بەپێی هزری پیاوسالاری و لەسەر بنەمای تێکشکاندنی سیستەماتیکانەی پێگەی ژن لە مێژوویی مرۆڤایەتی دا شکڵی گرتووە. لە خودی ژن دا کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەبوون خراوە. ڕێبەر ئۆجالان دەڵێ" هەبوونێکی لەناوبراوە، بەڵام زانستی بۆ دادەڕێژرێت". لە سەر بنەمای ئەو دیدە تێدەگەین کە ئەوەی سەرەتا دەبێ بکرێت ڕاستکردنەوەی ئەو لنگەوقوچیەیە کە دۆخی مێژوو و کۆمەڵگە تێکەوتووە لە

ڕووی پێناسەکردن و مەعریفەتناسیەوە. سۆسیۆلۆژیەکی کە لە ئارادایە زانستێکە کە زهنیەتی پیاوسالاری کاریگەری گەورەی لەسەر کردووە.
زانستە کۆمەڵایەتیەکان هێندە پارچەکراوە و لەیەک دابڕێنراوە کە تەنیا بۆتە تێزگەلێکی ئەبستراکت و لە ڕاستینەی کۆمەڵگە دوورخراوەتەوە و بۆتە مەیدانێکی چەلەحانێی "ڕۆشەنبیران و کۆمەڵناسان" و لە تێز و بەرهەمی سەرکاغەزدا ماوەتەوە. زانستە کۆمەڵایەتیەکان نەیتوانیوە بێ لایەنانە و سەربەخۆبێت لەئاست دیاردەکان دا، بەڵکو لە ژێر کاریگەری دەوڵەت - نەتەوە و بەرژەوەندیەکانی دەستەبژێری دەسەڵات دا بەکاردەهێنرێت.

ئەوەی لە ڕووی کردییەوە لە ژیانی کۆمەڵگەدا دەیبینین کە فەلسەفە ، ئایین و زانست بە گشتی و زانستی کۆمەلایەتی بە تایبەتی لە پاوانی پیاوسالاریدایە و دژ بە کۆمەڵگە بەکاردەهێنرێت و تەنانەت بەشێک لە کۆمەڵگە کراوەتە ئامرازی ناکۆکی و ململانێ دوایی نەهاتووەکان. ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەستە بەو ئەپستمۆلۆژی و مەعریفەتناسیەوە کە دەسەلاتداران لە چوارچێوەی مێژوویەکی نوسراو دا بەرهەمیان هێناوە و زۆر جاریش مێژووی کۆمەڵگە و ڕەوتە چاکسازی و ڕۆشنگەرییەکانیان لە ناوبردووە.
ژنۆلۆژی لەلایەن بزووتنەوەی ئازادی ژنی کوردەوە لەسەر بنەمای ڕەخنەی ڕیشەیی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەستی پێکرد. وەک وشە ژنۆلۆژی لە دوو وشەی ژن و لۆژی پێکدێت واتە زانستی ژن یان ژنناسی. لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ڕێبەر ئۆجالان پێشنیاری بۆ بزووتنەوەی ئازادی ژنی کورد کرد کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئازادی ژن، پرسی ئازادی پیاو و کۆمەڵگە بە گشتی لەسەر زانستی ژن-ژنۆلۆژی قاڵ ببنەوە و لەسەر ناوەڕۆکی ئەو زانستەش پێشنیارەکانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و کار خستە ڕوو. ماوەی حەوت ساڵیشە بزووتنەوەی ژن لێکۆڵینەوە لەو زانستە دەکات و دەیەوێ بە پێهەڵگرتنێکی نوێ لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دا دەروازە لەسەر سەردەمێکی نوێی مەعریفی بکاتەوە هەم لەسەر بنەمای مەعریفی مێژوویی و هەم تێکۆشانی ٤٠ ساڵەی بزووتنەوەی ئازادی کوردستان لە بەرهەمهێنانی چەمک و زاراوەی نوێ لە بواری تێکۆشانی کۆمەڵایەتیەوە.

لەڕوانگەی ژنۆلۆژییەوە ئەو کاتەی کە زانست و مەعریفە تەنیا لە چوارچێوی ژیری ئەنالتیکی"شیکاری"دا گەشەی کرد لە ژێری هەستیاری و بەها ڕۆحیەکان دابڕا کارەساتی گەوری لێکەوتەوە بۆ ئەوەش پێی وایە کە " ڕۆحی مەعریفە بە بەها واتادار و جوانەکانی کۆمەڵگەبوونەوە بە دەست دێت".

هۆکاری ئەرێنی و نەرێنی هەیە لە هێنانە ئارای ژنۆلۆژی، لە هۆکارە ئەرێنیەکان ئەو جیهانەی ژنە کە تا دواڕادە سەرکوت کراوە و وزەکەی بە ئەقلیەتی پیاوسالاری لە میکانیزمای خێزان و دەوڵەت قەتیس کراوە، ژنە نوسەری فێمینست ماری دالی دەڵێ " ژن لە درکی ئەوەدا نیە کە هەبوونێکی هەڵگری وزەی سروشتی -ژنەرژی- یە" ، ژنۆلۆژی زانستی دەرخستنی ئەو وزەیە و کەنالیزەکردنێتی بە ئاراستەی کۆمەڵگەیەکی دادوەر، یەکسان و ئازاد دا. سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی خێزان و بە ڕۆح و ئەقلی ژن دەستبردنە بۆ دیموکراتیزەکردنی خێزان لەچوارچێوەی تیۆری هاوژیانی ئازاد دا. لەو واتایەی کە هاوژیانی ئازاد تەنیا بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ژن و پیاو دەست پێناکات، بەڵکو بە پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی سۆسیالیست فەراهەم دەبێت. کەی هاوسەری یان هاوژیانی دەبێتە هاوسەرێتی

**ژنۆلۆژی پێی وایە کە دەبێ سەرلەنوێ فێمینیستەکان پێناسەی دۆست و دوژمن بکەنەوە**

ئازاد، کاتێ پەیوەندیەکان لەسەربنەمای موڵک و زۆربوون نەبێ. لە هۆکارە نەرێنیەکان کە پاڵنەری هاتنە ئارای ژنۆلۆژی، بەرەنگاربوونەوەی ئەو وێرانکاری و خراپەکاریانەیە کە بە درێژایی مێژوویی دەسەڵاتداری بە تایبەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەسەر کۆمەڵگە و ژن دروستی کردووە، هەروەها توێژینەوە و تیۆریزەکردنی تێکۆشان لە بەرامبەر ئەو وێنە و پێگەیەیە کە ئاینە تاکخوداییەکان بۆ ژنیان داتاشیوە، بێ خزانە ناو" نکوڵیکاری پۆزەتیڤیزم و مامەڵەی پیرۆزکاریانەی ئایدیالیزم لە ئایین". واتە ڕووناکردنەوەی ئەو تاریکیە کەلەسەر مێژووی نەنوسراو هەیە. ژنۆلۆژی تەنیا تیۆری و ئاکادیمی نیە، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەم لە ڕووی ئاکادیمی و تیۆریەوە، پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگە و ژنانەوە تێز بەرهەم دێنێت. ئەگەر ئابوری یەک لەو بوارانە بێ، لە جیهان دا ئێستا ئابوری تەنیا مەیدانێکی ململانێ دەستبەسەرداگرتن، زەوتکردن، تاڵانکاری، گەندەڵی و مافیاگەریە و پەیوەندی بە

کۆمەڵگـە نەمـاوە و بـۆ وەڵامدانـەوەی پێویسـتیەکانی کۆمەڵگـە نیـە، تەنانـەت بەرهەمـە ئابوریەکانیـش بـۆ پێویسـتیە سـەرەکیەکانی کۆمەڵگـە نیـە. بەرهـەم هێنانی بۆمبـی ئەتۆمـی و خستەبازاڕی ٢٥٠٠ جـۆری پەنیر لـە هۆڵەندا جیاوازیەکـی ئەوتۆیان لەگـەڵ یـەک نیە لـە کاتێکـدا کـە لـە زۆرێـک لـە هەرێمەکانـی ئـەم سـەر زەمینـە مـرۆڤ لـە برسـان دا دەمـرن، نمونەیەکـی تـر ژیانـی ئـەو ژنەیـە کـە خـۆی داهێنـەری ئابوری بـووە لـە سـەردەمی نیۆلۆتیک دا، بـەڵام ئێستا بۆ ناچار دەکرێـت بـۆ قوتـی ڕۆژانـەی ببێتـە لەشـفرۆش و سـواڵکەر یان ناچار ببـێ بـۆ بژێـوی ژیانـی مل بـۆ هەمـوو سیاسـەتێکی قۆرخـکاری ئابـوری لـە نێـو خێـزان بگـرە تـا شـوێنی کار کـە چ بـکات و زۆربـەی کاتیـش هاوتەریبـە لەگـەڵ خراپتریـن جـۆری توندوتیـژی جەسـتەیی و دەروونـی. ژنۆلـۆژی بـۆ نمونـە لـە بـواری ئابـوری دا پـەردە لەسـەر ئـەو ڕاسـتیە سـەپێنراوە هەڵدەداتـەوە و بـە تیـژی ئابـوری کۆمینـاڵ و بەشـداری ڕاسـتەوخۆی ژن و هەمـوو بەشـەکانی کۆمەڵگـە ئابـوری دەخاتـەوە سـەر سـکەی ڕاسـتەقینەی خـۆی کـە یەکـەم جار بە شێوەی هەروەزیانـە بـۆ خزمەتـی کۆمەڵگـە بـووە و ژن تێـدا ناوەنـد بـووە. لـە ڕووی مێژووییـەوە لێکۆڵینـەوە لەسـەر مێژووی نەنوسراو دەکات و لـە دیدێکـی بابەتیانـە و پشـت بـە ڕاسـتیە مێژووییـە داپۆشراوەکان لـە کاروبـارە ئەرکۆلۆژییـەکان و نـوسراوەکان دا لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە لـە میتۆلـۆژی، ئاییـن، فەلسـەفە، داسـتان، چیـرۆک، پەنـد و بەرهەمـە ئەدەبـی و مێژوویـیەکان دەکات بـۆ دڕاندنـی ئـەوەی وەک قەدەرێـک بـە سـەر ژن دا سـەپێنراوە.

## یەکێکیتر لەو بوارانەی کە زۆر گرنگە لە ژنۆلۆژی دا ڕەخنەگرتنی ڕیشەییە لە فێمینیزم

ژنۆلـۆژی لێکۆڵینـەوە لـە ٩ هـەزار سـاڵی شـێوەگرتنی ژن و پیـاو و پێگەکانیـان دەکات، لـە نـۆ قات"چیـن یـان تەبەقـە"دا بـە وردی لـەوە دەکۆڵێتـەوە کـە لـە ژن چـۆن بـە میتۆلـۆژی، دواتـر ئاییـن، هەروەهـا بـە فەلسـەفە و دواییـنیشیان لـە سـەردەمی سیسـتەمی سـەرمایەداری گەیشـت بـەم دۆخـەی ئێسـتای. ئەگـەر بمـەوێ بـە سادەیی گـوزارەی لێبکـەم، ژنۆلـۆژی لـە کاروانـی ٩ هـەزار سـاڵی ژن دەکۆڵێتـەوە و سـیحری دەوڵـەت و دەسـەڵاتداری بەتـاڵ دەکاتـەوە و درۆکانیـان ئاشـکرا دەکات و هـەم بـە کاروبـاری ئەرکۆلۆژی ڕاسـتیەکان هەڵدەکۆڵـێ و شـکۆ بـۆ ئـەو ژنانـە دەگێڕێتـەوە کـە بـوون بـە ژێـر کاولاشـی دەوڵـەت، ئیمپراتۆریـەکان، هـەم کـۆدی دەقـە میتۆلۆژییەکان کـە دواتـر دەبنـە بناخـەی سـەرەکی ئاینـەکان دەکاتـەوە.

یەکێکیـتر لـەو بوارانـەی کـە زۆر گرنگـە لـە ژنۆلـۆژی دا ڕەخنەگرتنـی ڕیشـەییە لـە فێمینیـزم، چونکـە زۆرێـک لـە ڕەوتـە فێمینیسـتەکان پێیـان وایـە کـە فێمینیـزم هەبـێ ژنۆلـۆژی بۆچیـە؟ لـە تیـۆری و پراکتیکـی ژنۆلـۆژی دا بـە فراوانـی ئـەوە دەخرێتـە ڕوو کـە نکوڵیکار مامەڵـە لەگـەل فێمێنیـزم نـاکات، بەڵکـو بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەو چەقبەسـتووییە کـە فێمینیـزم ڕووبـەڕووی بۆتـەوە. ژنۆلـۆژی پێـی وایە کە ڕەوت و بزووتنەوەکانـی فێمێنسـت ڕاسـتە کە پرسـی ژنیان زەق کردۆتـەوە، ڕەخنەیـان لـە نێرسـالاری و سێکسـیزم گرتـووە و زەمینـەی بەشـداری ژنانیـان لـە زۆر بـواردا کـردەوە، بـەڵام ژنۆلـۆژی ڕەخنـە لـە دیـدی ئۆرێنتالیسـتانەی فێمینیـزم دەگرێـت کـە هێشـتا لـە ژێـر کاریگـەری مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری دایە. ژنۆلـۆژی دەکرێت دەروازە و میکانیزمایـەک بێـت بـۆ فێمینسـتەکان کـە لەگـەڵ کۆمەڵگـە یەکیـان بخاتـەوە، چونکـە فێمینسـتەکان بوونەتـە توێژێکـی دابـڕاو لـە کۆمەڵگـە، وادەزانـن کـە تەنیـا کاری ئـەوان قسـەکردنەو بەرهەمهێنانی تیـزە. ژنۆلـۆژی تەنیـا ڕەخنـە ناگرێـت، بەڵکـو ئەلتەرناتیڤی پێویسـتیش دەخاتـەڕوو بـۆ کۆمەڵگـە و زەمینـەی گـۆڕانـکاری ڕیشـەیی- ڕادیـکاڵ دەکاتـەوە.

ڕەخنـەی ئـەو ڕێکخـراو و سیسـتەمانەی کـە لـە چوارچێـوەی ژنۆلـۆژی دا خۆیـان ڕێکخسـتن دەکـەن لـە ڕەوتـە فێمینیسـتیەکان ئەوەیـە کـە لەئاسـت ئـەو شـەڕەی لـە جیهـان دا بەرپاکـراوە، پەرتـەوازە، بـێ ڕێکخسـتن و نـە ڕەخنەیـان هەیـە و نـە چالاکـی. لـەو دەوڵەتانـەی کە کاریگەریـان لـەو شـەڕەدا هەیـە، فێمینیسـتەکان بێدەنگـن بـۆ ئـەوەش ژنۆلـۆژی پێـی وایـە کـە دەبـێ سـەرلەنوێ فێمینیسـتەکان پێناسـەی دۆسـت و دوژمـن بکەنـەوە. لـە تیـۆری و ڕوانگـەی ژنۆلۆژیـەوە گەورەتریـن دوژمـن هەژمـون و سیسـتەمە باڵادەسـتەکانی دەوڵـەت و دەسـەڵاتداری و زهنیەتـی پیاوسـالاری و زهنیەتـی کلاسـیکانەی ژن لـە هەمـوو جێیـەک دوژمنـی هاوبەشـن. دوژمـن بـەو واتایـەی کـە تێکۆشـان لەبەرامبـەری دەکات کـە ئـەو ئاسـتەی کـە گۆڕانـکاری ڕیشـەیی تێـدا دەکات یـان ڕەتـی دەکاتـەوە تـا ئاسـتی خۆلێدابـڕان بـۆ نمونـە لەبەرامبـەر سیسـتەمی سـەرمایەداری و و هەمـوو چەمـک و دەزگاکانـی. لـەم قۆناخـەی ئێسـتاش دا ژنۆلـۆژی بۆتـە مایـەی

سەرنجی زۆرێک لە بزووتنەوەکانی ژنان لە جیهان دا و دەیانەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و لێی تێبگەن.

ژنۆلۆژی زانستێک نیە کە تەنیا سنوردار بێ بە ژن، بەڵکو لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر دەوڵەت، دەسەڵاتداری و مێژوویی سەرهەڵدانی باوکسالاری هەیە نەک بەو ڕێباز و ئامرازانەی کە کۆمەڵناسی باو کاری لەسەر کردووە، بەڵکو لە ڕێباز دا چەمکی حەقیقەتی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی سۆبژە-ئوبژە نیە و ڕەهای ناکات، چونکە پێی وایە کە جیاکاری سۆبژە-ئۆبژە بەرهەمی عەقلیەتی باڵادەستی "زهنیەتی هەژموونی" یە. ژنۆلۆژی لێکۆڵینەوە و زەمینەسازی پراکتیکی دیدی ژن بۆ مێژوو و ئەمرۆی کۆمەڵگە چ لە بواری سیاسی، ژینگەیی، دیمۆگرافی ، تەندروستی، پەروەردە و ئابوری و زۆر بواری دیکە کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڕووکەشیانە بایەخی پێداوە.

ژنۆلۆژی لە چاکسازی لە سیستەمێکی بنبەست و دارِماو زیاتر کار لەسەر تێزی گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکات بۆ ئەوەش لە گۆڕینی یاسایی و چاکسازی یاسایی و دەزگاکان دا کار لە سەر گۆڕانکاری زهنی لە کۆمەڵگە و تاکەکانی دا دەکات. بە واتایەکی تر ژنۆلۆژی پاکردنەوەی زهنیەتی کۆمەڵگەیە لە هەموو کاریگەری و خەوشەکانی دەسەڵاتداری، لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتداری لە شێوەی ٤٠٠ ساڵی دوایی دا کە قۆناخی هەڵکشانی سەرمایەداری بوو، گەورەترین وێرانکاری لە زهنیەتی کۆمەڵگەدا دروستکردووە. دابڕان لە کۆمەڵگە و تاکرەوێتی و بوونە توێژی "ڕۆشەنبیر، دەسەڵاتدار، سەرمایەدار، ... هتد" وەک مۆدێرنبوون وێنە دەکا. کام یەکێک لە ئێمە باوک و دایکمان وەک کەسی دواکەوتوو نەبینیوە؟ یان بە ڕێکردن لەگەڵیان لە جێگا گشتیەکان دا هەستمان بە شەرم نەکردبێ؟ یان خۆنیشاندانمان وەک کەسی مۆدێرن هەزاران دروەمان نەکردبێ؟ ئەمانە هەموو نەخۆشی مۆدێرنیتەن، دوورکەتنەوە لە کۆک، دوورکەوتنەوەن لە کۆمەڵگەبوون.

لەوانەیە گرنگترین پرس لەمەسەلەی ژنۆلۆژی دا ئەوە بێ کە داخۆ لە کوێ ئەم زانستە و بەچ ڕێ و ڕێبازێک بگاتە کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بە تایبەتی؟ یان تەنیا ژنان دەگرێتەوە یان پیاوانیش؟. دەبێ بزانرێ کە دامەزراندنی ئاکادیمیاکان و ناوەندەکانی پەروەردەی ئەلتەرناتیڤ گرنگترین میکانیزمان، بەڵام ئەگەر ئەمانە نەبن، بەو واتایە نایەت کە پەروەردە و دەستڕاگەیشتن بە مەعریفەی نوێ لەچوارچێوەی ژنۆلۆژی دا هەر چاوەڕیی ئەو میکانیزمانە بێ، بەڵکو لە هەرکوێیەک دەرفەت بڕەخسێ دەکرێت جێی پەروەردە بێ. لە ماڵێک دەبێ یان کونجی دەزگایەک، لە باخچەیەک دا دەبێ یان بن تاشەبەردێکی چیاکان، لە هەر جێیەک دەکرێت بێ درەنگ کەوتن بکرێتە جێی پەروەردە کردن لەسەر زانستی ژن-ژنۆلۆژی، بەڵام بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگە دەبێ ئاکادیمیای ئەلتەرناتیڤی خۆی بونیاد بنێت لەبەرامبەر بە دەزگا پەروەردەییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتداری کە ئامانجیان هێشتنەوەی ئەو کۆیلایەتیە کە هەزاران ساڵە بە سەر ژن دا سەپێنراوە و ڕەوایی دانە بە مانەوەی پاوانی دەوڵەت لەبەرامبەر کۆمەڵگە. ئامانجی سەرەکی ژنۆلۆژیش ئەوەیە ژن و کۆمەڵگە ببێتە خاوەنی زانیاری لەسەر خۆی، چونکە ژنۆلۆژی زانستی ژن،ژیان و کۆمەڵگەیە. ژنۆلۆژی دارشتنی زانستێک نیە کە لە سفرەوە دەست پێبکات، بەڵکو هەڵگر و درێژپێدەری هەموو ئەو بەهایانەی کۆمەڵگەیە کە بە درێژایی ٥-٦ هەزار ساڵی ڕابردوو دەسەڵاتدارەکان هەوڵی لەناوبردنیان دا، ژنۆلۆژی ئەو بەهایانە زیندوو دەکاتەوە و دەرفەتی ژیان و گەشەکردنیان بۆ فەراهەم دەکات. ژنۆلۆژی گەیشتنەوەی ژنە بەو حەقیقەتەی کە هەزاران ساڵە ئاوەژوو کراوەتەوە و ون کراوە. بۆ ئەوەش ئاکادیمیا و ناوەندەکانی پەروەردە لەهەموو بوارەکانی ئابوری، دیمۆگرافی، ئەکۆلۆژی، مێژوو، تەندروستی ، پەروەردە ، سیاسەت و ئەتیک-ئەستاتیک دەبێت لە هەموو جێیەک و بەپێی پێویستی هەر جێیەکی بایەخی پێبدرێت، دەکرێت بەپێی هەر جێیەک ئەولەویەت لە بوارێک دابێت. بە کورتی ژنۆلۆژی زانست و پارادایمی مۆدێرنیتەی دیموکراتیە، هەر ئێستاش لە سەروبەندی شۆڕشی ڕۆژئاڤای کوردستان ئەم زانستە زیاترین زەمینەی پەرەسەندن و پراکتیک کردنی هەیە. هەر ئەوەشە کە هاندەر و پاڵنەری ژنانە و کۆمەڵگەیە لەو بەشەی کوردستان دا. ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت و ژنۆلۆژیش دەروازیەکی نوێیە، جێی مشتومڕێکی زۆر قوڵ، لە زۆرێک لەو وڵاتانی جیهان لەگەڵ فێمینیستەکان کۆنفرانس و کۆنگرەی گەورە بەستراوە بۆ نمونە لە هەولێر، چیاکانی کوردستان، ڕۆژئاڤا و باکوری کوردستان ، کۆڵن، پاریس، زۆرێک لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین ، لە ئیسپانیا، هندستان و زۆر جێی تری جیهان. ئەم بابەتە بۆ خوێنەری کورد سەرەتایە و بەردەوامی دەبێت.

# ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکرات لەتەنگەژەی خۆرهەڵاتی ناویندا

وتاری ڕێبەر ئاپۆ پێشکەش بە کۆنفرانسی ئاشتی و سەقامگیری لە هزری عەبدوڵلا ئۆجالاندا، لە ڕۆژانی ١٩—٢١/٧/٢٠١٦.

دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نەرمن. ئەوەندە نەرم و کراوەن بۆ گۆڕانکاری هەتا لەو دیاردانەشدا کە زۆر تەنگەژەیان هەیە هەمیشە ئەگەری زۆر شێوازی چارەسەری بۆ تەنگژەکان لەئارادا هەیە. ئەمەش سەرچاوەی خۆی لەپەیوەستبوونی کۆڵەکە وێناکراوەکانی چارەسەری بەحەقیقەتی کۆمەڵگەوە وەرناگرێت. بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەک هیچ دیاردەیەکی فیزیایی و کیمیایی ناپێورێن و بەیاساکانەوە نابەسترێنەوە. ئەو کۆمەڵگەیە کەتاکی خاوەن حەقیقەت دەستنیشان دەکات. هەر ئەمەش هۆکارە کە هیچ تاکێک یان خاوەن حەقیقەتێک مایەی تێگەیشتن نابێت ئەگەرکۆمەڵگەکە پیشت گوێ بخرێت. لەوسۆنگەیەوە؛ وەک چۆن سۆسیۆلۆژیا دواترین زانستەو وەك هەرزانستێکی تر پەرەدەستێنێ و بەردەوام پێوستی بە گەشەکردن و پێگەیشتن هەیە، بۆ ئەوەی لەحەقیقەتی کۆمەڵگە تێبگەین، سۆسیۆلۆژیا لەهەموو زانستەکان بەردەوام پێوستی بە کامڵبوون و پێگەیشتن هەیە. ئەگەر لەکۆمەڵگەکان تێنەگەین، ناتوانین ڕێگە چارەیەک سەبارەت بە کێشەکانیان پێشبخەین کەهەڵگری پشکێکی زۆری حەقیقەتبێت. لەپێناو تێگەیشتنی تەنگەژە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە زیاتر پەی بەحەقیقەتی کۆمەڵگەکان ببەین. دەبێت ئەوە بزانین کە ساتەکانی تەنگەژە ئەوساتانەن کەکۆمەڵگەکان هەڵدەوەشێنەوە، واتە تەنگژە ساتی گۆڕانی حەقیقەتەکانە. هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە لەمیانی ئەو زانیارییانەی هەمانە دەربارەی کۆمەڵگەی کۆن، تەنگەژەکان شیکار ناکرێت - کەئەو زانیارییانە زیاتر لەجۆری میتۆلۆژی، ئایین و داناییە - ئەگەر شیکاریش نەکرێت ئەو ئەلتەرناتیڤانەی چارەسەریش پێشناخرێن کەپشکی ڕاستییان هەیە. لەئەنجامدا ئەوەی چارەسەری دیاری دەکات پشکی ئەوحەقیەقەتەیە کەلەخۆیەوە دەگرێت. بەگووتەیەکیترئەوەی لەچالاکی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتن دیاری دەکات هێزی ئەوحەقیقەتەیە کەلە ناخی خۆیدا هەڵیگرتووە. هەرچی خودی حەقیقەتە پشکەکانی گوزارشتکردنی هێزەکانی ژیان ومانای دیاردەی کۆمەڵگەیە. واتە ئەوگوزارشتانەی هەڵگری پشکێکی بەرزی حەقیقەتن گرێدراوی نوێنەرایەتیکردنی هێزی ژیان ومانایە کەدیاردەی کۆمەڵگە لەخۆوەی دەگرێت.



تەنیا لە میانی هێڵکاری و پلانەکانی مۆدێرنیتەیەکی ئەلتەرناتیڤ کە لە بانگەشەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەهێزتربێت، مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەربازدەکرێت. ئەوەش شانبەشانی ڕەخنەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی سەبارەت بەفاکتەرە سەرەکیەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، بەیەکانگیرکردنی ڕەخنەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو، کولتووری نەریتی، بزووتنەوە فێمینستی و ئیکۆلۆژییەکان سەبارەت بەمۆدێرنیتەی سەرمایەداری- بەڵام توانای دەربازکردنیان نەبوو- بەمجۆرە دەتوانین هێزی چارەسەری فاکتەرە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی بخەینەڕوو. کاتێک سەرجەم ئەمباسانە لەسەر تەنگەژەی کۆمەڵایەتی خۆرهەڵاتی ناوین جێبەجێ بکەین ئەوادەتوانین پێشبینی ئەگەرەکانی چارەسەری بەمشێوەیە بکەین:

آ) تیۆری نەتەوەی دیموکرات: فاکتەرە سەرەکیەکەی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە بۆ چارەسەری. لەدەرەوەی تیۆری

نەتەوەی دیموکرات تیۆرێکی دیکەنییە سەرلەنوێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کۆبکاتەوە - کەتیۆری دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری وەک قەساب لەت و پەتیکردووە - و لەناوئازادیدا بیانژێنێت. بەرلەهەمووشتێک تیۆری نەتەوەی دیموکرات هێڵکاری و پلانی دونیای زهنیەتێکە کە بزاوتی لەت و پەتکردنی قەساب ئاسای یەکێتی کولتوور دەوەستێنێت؛ واتە ڕاوەستاندنی دەوڵەت ـ نەتەوە و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی هەمووێتی و یەکپارچەییە. تیۆری نەتەوەی دیموکرات لەژێر دەستەواژەی یەکێتی نەتەوە دیموکراتەکاندا وەک پرەنسیپێک بەهاو لەپێشینەیی بەیەکخستنەوەی دونیای کولتووری خۆرهەڵاتی ناوین دەدات. ئەوتیۆرییە چەمکێکی نەتەوە بەبنەما دەگرێت کەبۆبوون بەنەتەوە خاوەن چەمکی سنوورێکی سیاسی وشک نییە، لەهەمانشوێن و تەنانەت شارەکانیشدا دەرفەت بەنەتەوە جیاوازەکان دەدات لەمیانی یەکێتییە هەمەڕەنگەکانەوە بەشێوەی جڤاتە نەتەوەییە باڵاترەکان بژین خۆیان بونیادبنێن. تەنیا لە ڕێگەی نەتەوەی دیموکراتەوە دەکرێت پێش لە میللیگەرایی دەوڵەت نەتەوە بگیرێت کە زۆر سەرپەڕگر و تاکڕەوە. نەتەوەی دیموکرات تیۆری و پرەنسیپێکە کە تەنیا بۆ عەرەب نا، بەڵکو بۆ تورک و نەتەوەکانی تریش کە ڕووبەڕووی پەرتەوازەبوون بوونەتەوە، گونجاوترین تیۆری و پرەنسیپە بۆ چارەسەری.

دەکرێ لەوروانگەیەوە سەیرێکی کولتووری ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا بکرێت. تەنیا زهنیەتی نەتەوەی دیموکرات دەتوانێت سەرجەم کولتووره مێژووییەکان لەناو ئاشتی، یەکسانی، ئازادی و دیموکراسیدا کۆبکاتەوە. لەکاتێکدا هەرکولتوورێک خۆی وەک گروپێکی نەتەوەی دیموکرات بونیاد دەنێت، لەلایەکی دیکەشەوە لە میانی یەکێتییە باڵاترەکانی نەتەوەی دیموکراتەوە دەتوانێت لەگەڵ کولتووره کانی دیکە دابژی. دوای دەربازکردنی چەمکی یەک نەتەوە لە ناو دەوڵەتێکدا، پێویستی بەتواندنەوەی یەکتری نامێنێت. لەجیاتی ئەوە وەک چۆن بەدرێژایی مێژوو ڕوویداوە بەشێوەی یەک پارچەیی کولتووری دە توانن بژین. ئیتر بەگوێرەی ئەو ڕاستییەی کە ئەرمەنی، هێلینی و سیانییەکان سنووری دەوڵەتی نەتەوە بۆخۆیان ناکێشن، بەڵام ناچاریشن بوونی خۆیان بپارێزن، ئاشکرایە کە زهنیەتی یەکێتی نەتەوەیی ـ نیشتمانی دیموکراتیک و بونیادی خۆسەری دیموکراتیانە گونجاوترین بژارە. ئەگەر درەنگیش بێت مۆدێرنیتەی دیموکراتی بەڵگەی زهنیەتی ئەوگەل و گرووپە کولتووریانەیە کە لە هەرچوارلای ناوچەکەوە دووچاری هەمانکردەوە هاتوون، هەرچی خۆسەری دیموکراتیانەیە مۆدێلێکی گونجاوی دووبارە بەجەستەبوونە. لێرەدا ئەوەی گرنگە دەرکی پێ بکەین ئەوەیە کە تەنیا پێکهاتە نەتەوەیی و ئەتنیکیەکان میراتی دەوڵەمەند پێکناهێنن.

**بە شێوەیەکی ئاسان و سەرکەوتووانە دەتوانن ڕووبەڕووی دەستوەردانەکانی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ببنەوەو کێشەکانیشیان چارەسەر بکەن**

بەڵکو ئایین ومەزهەبەکانیش چەترێکی بەرفراوانی گروپەکان پێکدێنن. نوێنەرایەتیکردنی ئەو ڕووخسارە نوێیانە کێشەیەکی بەهەندە کەئایین و مەزهەبەکان بەشێوە باو و مۆدێرنەکانیان پێی گەیشتوون. دەوڵەت ـ نەتەوە بەشێکی زۆری ئەوانەشی لەناوبرد. بەڵام ئێترلەبەرئەوەی خۆی بەسەرچووە، تەنیا دەشێت لەچوارچێوەی دەستەواژە و تیۆریەکانی نەتەوە و خۆسەری دیموکراتیکەوە ئەو میراتە دەوڵەمەندانەی کولتووری مێژوویی گوزارشت لەخۆیان بکەن. هەم سەبارەت بە پەیپێبردنی زهنیەت هەمیش بۆ بونیادەکانیان خۆسەری دیموکراتیک گونجاوترین مۆدێلە. سەبارەت بەسەرجەم بوارەکانی هاوشێوەی کۆمەڵگەی مێژوویی کۆمەڵگەی نەتەوەیی دیموکراتیک گەرەنتی یان زامنی ئاشتی، یەکسانی، ئازادی و ژیانی دیموکراتی کە لە بەرامبەر کارەساتی دەوڵەت ـ نەتەوەدا.

KCK لە پێناوی چارەسەرکردنی دۆزی کورد و کێشەی نەتەوەکاندا مۆدێلێکی نوێیە، مۆدێلی نەتەوەی دیموکراتە کە داماڵراوە لە تێگەی دەوڵەتگەرایی. KCK گوزارشتی پێشنیازکردن و جێبەجێکردنی مۆدێلی چارەسەری نەتەوەی دیموکراتە کە سەبارەت بەکێشەی کورد لە دەوڵەت - نەتەوە پاککراوەتەوە، ئەم مۆدێلە نەک تەنیا بۆ کوردان، بەڵکو بۆ سەرجەم جڤاتە نەتەوەییەکان گونجاوە و لەجێگای خۆیدایە. ڕێگە چارەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە بەدرێژایی مێژووی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری وەکو تاکە ڕێگای چارەسەری سەپێنراوە بەسەر کێشە نەتەوەییەکاندا و مێژووی کردووە بەدەریای خوێن. بە

دڵنیاییەوە مۆدێلی دەوڵەت ـ نەتەوە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، بەڵکو ڕێگای قووڵکردنەوەی کێشەکان و توندوتیژی و برەو پێدانی شەڕە. مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە ڕێگای بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج و ئیندوستریالیزم و هەمیشەیی کردنیانە. ڕێگەچارەی KCK دەستبەرداری ئەوکۆڵەکە سێیانەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری (دەوڵەت ـ نەتەوە، زۆرترین قازانج و ئیندوستریالیزم) بووە و لەبەرامبەریشدا فاکتەرەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی دەکات بەئەلتەرناتیڤ. چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەمیانەی ڕێگەچارەی ئاشتی و دیموکراتیانەوە لەگەڵ دەوڵەت ـ نەتەوە کانی تورک، ئێران، ئێراق، سوریا و بگرە لە گەڵ دەوڵەتی فیدراڵی کوردیش تەنیا لەرێگای پەسەندکردنی مافی نەتەوەیی دیموکراتی گەلی کورد و ستاتۆی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەوە بەدیدێت کەئەنجامێکی سروشتی ئەومافەیە (بێگومان ئەم مافە بە هەمان شێوە مافی گەلانی تریشە).

**دیجلە - فورات یەکەمین هەنگاوی هاوبەشی چارەسەرکردنی ئەو جینۆساید، کۆمەڵکوژی، پێکدادان و قەیرانە هەنووکەیی و ئەو کێشانە بێت کە میراسی دەوڵەمەندی مێژووی شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناوین کەڵەکەی کردوون**

پرۆژە، سیاسەت و کردەوەکانی کۆمەڵکوژی شاراوەی کولتووری کەئەو دەوڵەتانە بەسەر کوردیدا دەسەپێنن کۆسپی بەردەم ئاشتی و ڕێگەچارەی دیموکراتیین. لەحاڵەتێکدا دەستبەرداری ئەومامەڵەو سیاسەتانە ببن و شانبەشانی نەتەوەی دیموکرات ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی سنووردارکردنی قازانج و پیشەسازی ئیکۆلۆژی فاکتەرە سەرەکیەکانی دیکەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک پەسەند بکەن، لەناوسیستەمدا جێبکەنەوە و بەپێکەیەکی (دەستووری دیموکراتیک)ی بگەیەنن، ئەوا ڕێگای ئاشتی هەمیشەیی و ڕێگەچارەی دیموکراتیانە دەکرێتەوە. دەبێت ئەومان لە بیربێت کە لەڕابردوویەکی نزیکدا ئەو ڕاستیەمان بینی هاوپەیمانێتیەکانی (بەغداد، سەنتۆ، ڕێکخراوەکانی هاوکاری هەرێمی بۆ گەشەپێدان) نەیانتوانی ببنە چارەسەری بۆ ئەو قەیران و کێشانەی کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دروستی کردوون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشە بونیادیەکانی دەوڵەت - نەتەوە. هەروەها ئەوەتا دەبینین ڕێکخراوەکانی کۆمکاری عەرەب و کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی کە هەتا ئێستا هەوڵدەدرێت لەسەر پێ ڕابگیرێن، نەیانتوانیوە چارەسەری بۆ یەک کێشەی گرنگ بدۆزنەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر دەوڵەتێکی نەتەوە وابەستەی ناوەندێکی سەرمایەی جیهانیەو خاوەنی تێگەو ئیرادەیەکی وەها نین کە بتوانن خۆیان لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەو ناوەندانە دەربهێنن، ئەمەش تووشی گۆتبوون و نەزۆکی کردوون. ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەمیشە لەناو کۆبوونەوەدان و لوتکە لەدوای لوتکە کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن، بەڵام هەر بێ کاریگەر و بێ چارەن، ئەوەش وابەستەی ئەو واقیعەیانە کە باسمان کرد. لەسەربنەمای ئەو هەڵسەنگاندنانە دەکرێت پێشنیاری گونجاو و بەرجەستە سەبارەت بەیەکپارچەیی، پێکەوە ژیان و پەیوەندی نەتەوە دیموکراتەکان بکەین.

هێزی چارەسەری تازەگەری دیموکراتی سەبارەت بە یەکپارچەیی سیاسی ناوچەیی، گرێدراوی توانستی چارەسەری ئەو فاکتەرانەیە کە بەبنەمای گرتوون. هیچ فاکتەرێکی ناوخۆ جێگای باس نیە کە وەک کۆسپێک لەپێش یەکپارچەیی سیاسیدا بوەستێتەوە. بە پێچەوانەوە تەواوی فاکتەرە ئیکۆلۆژی، ئەخلاقی و سیاسیەکان لە چوارچێوەی یەکپارچەیی سیاسیدا دەتوانن کۆمەڵگەی دیموکراتی بونیاد بنێن کە زۆر بە حەسرەتیەوە بوون. سەرجەم ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی لە ناوچەکەدا لەناو یەکگرتنێکی سیاسیدان، بە شێوەیەکی ئاسان و سەرکەوتووانە دەتوانن ڕووبەڕووی دەستوەردانەکانی هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ببنەوەو کێشەکانیشیان چارەسەر بکەن. لەو سۆنگەیەوە دەشێت کۆمۆنەی دیموکراتی خۆرهەڵاتی ناوین وەک پێکهاتەی سیاسی کۆمینی کۆمینەکانی سەرجەم بوارەکان پێشنیار بکرێت. هەڵبەتە کێشەکانی ئێراق، ئیسرائیل - فەلەستین و ئەفغانستان کە لەژێر گەمارۆی زهنیەتی دەوڵەت - نەتەوەدان، لە میانەی زهنیەتێکەوە چارەسەر ناکرێن کە خۆی سەرچاوەی کێشەکانە. ئەو زیان و خراپەکاریانەی تاوتوێکردنی کێشە سیاسی- کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە لەو دوو سەدەیەی دوایی لە میانەی ئەو زهنیەتەوە لەگەڵ خۆیدا هێناونی، فێرکەر و ئەزموون بەخشن. بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوون بۆتەوە کە هەم هەڵوێستی عەلمانی هەم ئایینگەرا لە جیاتی دۆزینەوەو

پەرەپێدانی چارەسەری، جگە لە قووڵکردنەوەی بێچارەیی هیچ ڕۆڵێکی دیکەیان نەبینیوە.

پێویستە جیۆکولتووری خۆرهەڵاتی ناوین لە جیۆپۆلیتیکاکەیدا ڕەنگبداتەوە. ئاشکرایە کە گونجاوترین چوارچێوەش بونیادێکی کۆمینالی دیموکرتیک و کۆنفیدراڵە(باسی فیدراسیۆن و کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەت ناکەم). چونکە چەندە کۆمۆن یاخود یەکینەی جیاواز جێگای باس بێت لە چوارچێوەی کۆنفیدراسیۆن یاخود کۆمۆنی سەرەکیدا جێگای هەموویان دەبێتەوە. لە چوارچێوەی ئەو هەڵوێستەدا زۆر بە ئاسانی دەرک بەوە دەکرێت کە دەوڵەت- نەتەوە چەندە ناتەواو و گۆشەگیرە. بەڕێوەچوون بەبێ گیرۆدەبوون بە کۆسپەکانی دەوڵەت - نەتەوەوە کە بەزارەکی خۆی بە سەربەخۆخواز دادەنێت و لە ناوەڕۆکیشدا بە هەزارو یەک داوەوە بەستراوەتەوە بە ناوەندەکانی هەژموونگەرایی سەمایەداریەوە؛ ئەمە پێویستی بە هەڵوەستەکردنە. لەهەر بوار و شوێنێکدا لە ناوچەکەدا دەرفەت و پێویستی بە تۆڕی بەرفراوان و بونیادی پێکهاتەی سیاسی، کۆمۆنەی ئیکۆلۆژیک، ئیکۆنۆمیک و جڤاتە دیموکرات - سڤیلەکان هەیە کە لەسادەکانەوە بەرەو ئاڵۆزەکان دەچن و هەرگیز گیرۆدەی ناسنامەی وشک و داخراوناین، خۆیان بە سەربەخۆخوازی نانوێنن و پرەنسیپی سەرەکی فەلسەفەی گەردوونی- یەکانەیی بەبنەما دەگرن.

کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی کە وەک ناوەندی کەمەندکێشی ناوچە پەرەی پێدەدرێت، لەبەر ئەوەی کۆمۆنە ئیکۆنۆمیک و ئیکۆلۆژیکەکان بەبنەما دەگرێت (چونکە بەشێوەیەکی دیکە خاک - ئاو- زەوی بەپیت نابێت) نمونەییترین و مێژوویترین وەڵام دەبێت بەرامبەر دۆخی شەڕ و پێکدادان، ڕەوشی گێژاو و قەیرانی بونیادی کە سێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری (قازانجگەرایی سەرمایەداری، ئیندوستریالیزم و دەوڵەت - نەتەوە) ڕێگایان بۆ خستۆتە سەرپشت. وەکو بڵێی جیۆکلتوور و جیۆپۆلیتیکای (شوێنگەکەی لەناوەڕاستی عەرەب، تورک و فارسەکان، خاڵی بەیەکگەیشتنی کلتوورەکانە) کوردستان ناچاری یەکێتیەکی سیاسی بەمجۆرە دەکرێت. ئەو سیاسەتە هەژموونگەراییەی لەسەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەریتانیا لەسەر هیندستان و خۆرهەڵاتی ناوینی بەڕێوەبردووە، بەردەوام کوردستانی لە دۆخی وڵاتێکی بێ چارەدا هێڵاوەتەوەو خواستویانە بیکەن بە ئامرازی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە. بەمجۆرە کراوە بەئامرازێکی زۆر گونجاو و بەکاریگەری کۆنترۆڵکردنی عەرەب، تورک و فارسەکان. لەڕۆژی ئەمڕۆماندا لە میانەی ئاواکردنی دەوڵەت- نەتەوەیەکی بچوکی درەنگ وەختەوە، لەسەر بەشێکی باشووری کوردستان کە باکووری ئێراقی پێ دەڵێن، لەگەڵ ئەمریکادا نیازی بەردەوامیدان بە هەمان ڕۆڵی(ئەرمەنستان و یۆنانستان) یان هەیە. وەک بڵێی مێژوو، کوردستان و دۆزی کوردی کردووە بە دووەم دۆزی یەهوودی. ئەوەی دیارە، کورد ئەمڕۆ لە دۆخێکی وەهادا دەژی. بێگومان سیاسەتی نایەکسانانەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بۆ ئاواکردنی دەوڵەت- نەتەوە لە خۆرهەڵاتی ناویدا ڕۆڵێکی دیاریکەر لەو ڕەوشەدا دەبینێت. دەوڵەت - نەتەوەکانی تورک، عەرەب و فارسیش سڕینەوەی کوردستان لە سەر جوگرافیاو لەناوبردنی کورد دەسەپێنن. لەڕێگای وردە دەوڵەت- نەتەوەیەکی کوردەوە بەرەنگاربوونەوەی گەماڕۆیەکی سێیانەی قڕکردنی بەمجۆرە جێگای باس نابێت. تەنانەت ئەگەر بەرپەرچیش بدرێتەوە وەک چۆن ئێستاش بەردەوامە ئەنجامەکەی کۆمەڵکوژی و جینۆساید دەبێت. ئەو وانەو ئەزموونە مێژووییەی پێویستە لەو پارادۆکسە دیرۆکییە وەربگیرێت ئەوەیە لەڕێگای چارەسەری تازەگەری

**لاسایی نەریت ناکرێتەوە. بەڵام بەبێ پشت بەستن بە نەریتیش ژیان نابێت. تەنیا کاتێک نەریت لەمیانی بەهاگەلێکی ئافرێنەرانەوە تێرخۆراک بوو**

دیموکراتیەوە بەهاوبەشێتی و پشکداربوونی سەرجەم گەلانی ناوچەکە، لەسەروو هەمووشیانەوە بە بەشداربوونی نەتەوە دراوسێکان پێکهاتەی سیاسی و دیموکراتی بونیاد بنێین. دەشێت بیرۆکەی یان پرۆژەی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیانەی دیجلە - فورات یەکەمین هەنگاوی هاوبەشی چارەسەرکردنی ئەو جینۆساید، کۆمەڵکوژی، پێکدادان و قەیرانە هەنووکەیی و ئەو کێشانە بێت کە میراسی دەوڵەمەندی مێژووی شارستانی لە خۆرهەڵاتی ناوین کەڵەکەی کردوون. پرۆژەیەکی بەو جۆرە دۆخی ئاسیملاسیۆن و پێکدادانی نێوان نەتەوە زۆرینەکانی عەرەب، تورک، کورد و فارس لەگەڵ کلتوور و نەتەوە کەمینەکان پێچەوانەوە دەکاتەوە. لەمیانەی ئەو پێکهاتە سیاسیە دیموکراتییە کۆمینالانەی کە هاوکاری بەبنەما دەگرن، ڕێگا لە پێش

هاوبەشیەکی ئەودیو دەوڵەت- نەتەوە دەکرێتەوە. پرۆژەی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیانەی دیجلە - فورات دەبێتە مانادارترین و یەکەمین هەنگاوی بە ئاراستەی ئەو مێژووەدا دەهاوێژێت. هیچ گومانێکم نییە کە لەرێگای ئەو پرۆژەوە هەنگاو بەهەنگاو دەستپێکی چاخی خۆرهەڵاتی ناوینی دیموکراتیک مەیسەر دەبێت کە زۆر بەهادارەو شایستەی مێژوو و کلتووری کۆمۆنەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئیکۆنۆمیک و ئیکۆلۆژیکەو بە شێوەیەکی هەمەلایەنە هەڵدەکشێت. سەردەمی خۆرهەڵاتی ناوینی دیموکراتی هەم ژیانەوەی مێژووی کۆن، هەم دەبێتە هاوار و خۆشی ژیانێکی نوێ و مێژوویەکی نوێ.

**شۆرشی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا: ئەو سیستەمەی پیاو ئافراندویەتی لە مێژە ئەو چانسەی لە دەستداوە کە لەمیانەی ڕیفۆرمەوە خۆی ڕاست بکاتەوە**

ب) ئابووری کۆمۆنەی دیموکراتیک: ڕێگای سەرلەنوێ بەدەستهێنانەوەی ژیانی مرۆییانەیە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی مەیلی زۆرترین قازانجی سەرمایەداری کردوویەتی بەکۆیلە کرێکارو بێکارەکان. بەدرێژایی مێژوو ئابووری دیاردەیەکە لە ڕێگای کۆمۆن (هەرەوەزی) ەوە ئەنجامدراوە. ناشێت بەبێ کۆمۆن بیر لەئابووری بکرێتەوە. تەنانەت ریشەی خودی وشەی ئابووری (ئۆکۆنۆمی) یش مانای "یاسای کۆمۆنی خێزان " ـە. واتە کارە هەرەوەزیەکانی بژێوی خێزانە. شێوازی پەیدابوون و ژیانی کۆمەڵگە بەتەواوی بەشێوەی کۆمۆنە. مێژوو نەبووە بەشاهێدی ئابوورییەک بەتاک دەستپێکردبێت. ئابووری تایبەت جانەوەرێکە کۆمەڵگە و مێژوو جانەوەری وایان بەخۆیانەوە نەدیوەو دانیانپێدانەناوەو وەک دەوڵەت ـ نەتەوە ئەویش زادەی سەرمایەدارییە. لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو ئابووری تایبەت و ئەوانەی بەدوای کۆکردنەوەی سەرمایەوە بوون بە دز دانراون و بێکاریگەرکراون، بەهۆی سزادانەوە خۆیان شاردۆتەوە. لە گەڵ هەڵکشانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا وەک پۆلێنێکی نوێ کەوتۆتە بازاڕەوە. بەمشکێک دەچێت کەماوەیەکی درێژ لەژێر خاکدا شاراوەبووو دواتر وەک پشیلەیەک بکەوێتە بازاڕەوە. ئەوانەی بەدوای ئابووری تایبەت یاخود سەرمایەوە بوون بەدرێژایی مێژوو وەک دز دادگایی کراون و لەبەرچاو ونکراون. ئەو مشکە ـ پشیلەییانەی لەگەڵ هەڵکشانی هەژموونگەرایی سەرمایەداریدا دەستیان بەسەر بازاڕداگرت، بەراستیش بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤ بوون بەکارەسات.

"براودەل"ی مێژووناس شتێکی زۆر راست و گونجاوی گوتووە کە دەڵێت؛ سەرمایەداری ئابووری نییە؛ قۆرخکاریەکە بەئامانجی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج دەستبەسەر بازاڕدا دەگرێت. ئەوانەی دەستبەسەر ئابووریدا دەگرن، جا ئەوانە قۆرخکاریەکانی دەوڵەتبن یان کەرتە تایبەتەکان، دەرک بەو راستییە دەکەن کە بەو رادەیەی کۆمۆن واتای یەکەمین رێکخستن بروخێنن کە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان، مرۆڤ پەنای بۆ بردووە، دەتوانن دزیەکەی خۆیان ئەنجامبدەن. قۆرخکاری دەوڵەت یاخود تایبەت مانای تاڵانکارییە بەسەر ئابووری هەرەوەزییەوە. ئەو تاڵانکارییەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەژێر هەزار و یەک دەمامکدا ئەنجامی دەدات، مانای پووکاندنەوەی بناخەی کۆمۆن و کۆمەڵگەیە. سەرجەم نەخۆشی و قەیرانە ئابوورییەکان بەهەڵوەشاندنەوەو رووخاندنی ئابووری هەرەوەزی دەستپێدەکات کەبناخەی کۆمەڵگەیە. مێژووی سەرمایەداری مێژووی رووخاندنی ئابووری هەرەوەزییە. ئەنجام رووداوی گەورەترین کارەساتی کۆمەڵایەتی مێژووە. هەڵوەشانەوەو داڕووخانەکەی ئابووری هۆکاری راستەقینەی هەڵوشانەوەو داڕووخانی تەواوی بواری کۆمەڵایەتی، ئەخلاق و سیاسەتە. هەڵوەشانەوەی ئابووری خودی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتییە. لەدۆخێکی وەهادا تەنیا پاشماوە بێکار، بێئەخلاق و بێ سیاسەتەکانی کۆمەڵگە دەمێننەوە. ئەوەیە قۆرخکاری سەرمایەداری دەوڵەتی و تایبەتی.

کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوینی رۆژی ئەمڕۆمان بەورادەی لەهەر بوارێکدا کۆمۆن ئاوابکەن، لەسەرووی هەمووشیانەوە کۆمۆنە ئابوورییەکان، دەتوانن لەوتەنگەژە قورسانە رزگاربن کەدووچاری بوونەتەوە. رزگاربوون بەبێ کۆمۆن نابێت. نەریتە مێژوویی و کولتوورییەکان تەنیا لەمیانی ژیانی کۆمۆنەوە دەتوانن جێگای خۆیان لەهەنووکەدا بگرن و بەردەوامی بەبوونی خۆیانبدەن. لاسایی نەریت ناکرێتەوە، بەڵام بەبێ پشت بەستن بە نەریتیش ژیان نابێت. تەنیا کاتێک نەریت لەمیانی بەهاگەلێکی ئافرێنەرانەوە تێرخۆراک بوو کەپشت بەنکوڵی

و لاساییکردنەوەی نەریت نابەستێت، ئەوا ژیانی کۆمەڵگەی مێژوویی بەواتا راستەقینەکەی خۆی دەگات. نەریتی ئابووری کۆمیناڵ رۆڵی سەرەکی لەوەدا دەبینێت. کۆمۆنە ئابوورییەکان بۆ سەرجەم وڵاتان پێویستە. رێگای بەربەستکردنی بێکاری و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی گوزەرکردنە بۆ سەردەمی خەباتی کۆمیناڵ. بەتایبەتیش لەسەربنەمای زهنیەت و رێکخستنی نۆژەنی کۆمۆن گەڕانەوە بۆ گوندو کشتوکاڵ هێژاترین خەباتی شۆرشگێرییە. شۆرشگێری راستەقینە جێگیرکردنی ئافرێنەری بوونی مێژووییمان، واتە جێگیرکردنی ژیانی کۆمیناڵە لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگەدا، لەسەرووی هەمووشیانەوە بواری ئابووری. وەک چۆن فیدراسیۆن و خۆسەری دیموکراتیک رێکخستن و دامەزراوە بوونی ژیانی سیاسی نەتەوەی دیموکراتە، ئەوا فیدراسیۆنی یەکینەکانی ئابووری کۆمیناڵیش رێکخستن و دامەزراوەبوونی ژیانی ئابوورییە.

فیدراسیۆنی یەکێتیەکانی ئابووری کۆمیناڵ لەئاستی خۆجێیی، نیشتیمانی و هەرێمی گوزارشت لەبناخەی ئابووری یەکێتی نەتەوە دیموکراتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین دەکات. یەکینە ئابوورییەکانی ئیسرائیل ناوکی هێزی هەژموونگەراییەکە بە کیبوتز ناودەبرێت لێکچوونی لەگەڵ ئابووری کۆمۆن، بالابوونی ئابووری کۆمیناڵ دەسەلمێنێت. ئەگەرنیازی دەربازکردنی هەژموونگەرایی دەولەت - نەتەوەی ئیسرائیل لەئارادابێت، ئەوا جگە لەگوزەرکردن بۆ ئابووری کۆمیناڵ دا هیچ رێگایەکی دیکە نییە. هەروەها رێگای رزگاربوون لەهەژموونگەرایی سەرمایەداری جیهان و هەرجۆرە چەوسانەوەیەکی قۆرخکارانە بەئاواکردنی ئابووری کۆمیناڵی نوێدا دەربازدەبێت کە بناخەی ماددی یەکسانی و ئازادی و دیموکراسییە.

ج) سێیەمین فاکتەری رێگەچارەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک پیشەسازی ژینگەدۆستە لەبەرامبەر ئیندوستریالیزمی سەرمایەداریدا: دەکرێت ئیندوستریالیزم بەشێوەی بەکارهێنانی سنوورنەناسانەی تەکنۆلۆژیا لەپێناو سەرخستنی مەیلی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج لەلایەن سەرمایەدارییەوە پێناسەبکرێت. هەرچەندە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوین تائێستا دووچاری هەمان ئەو وێرانکاریانە نەهاتبن کەوڵاتی شارە گەورەکان (مەترەپۆڵەکان) لەلایەن ئیندوستریالیزمی سەرمایەدارییەوە تووشیهاتوون، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندیەکانی وێرانکردنی ژینگەیی سیستەمی شارستانیەتی ناوەندی و کۆمەڵگەی نیولیتیکی پێشووتر، لەولایەنەوە دووچاری وێرانکاریەکی درێژخایەن بوونەتەوە. پێگەی لانکەی پێنج هەزارساڵەی شارستانیەتی ناوەندی، رێگای بۆوێرانکاریەکی زۆر خۆشکردووە. نەهێشتنی دارستانوبێ دارستانکردن لەئاستێکیزۆردا ئەنجامدراوە. ئەو دەڤەرەی سەردەمانێک بەهەشتیر و وەکو ئاژەڵانبوو، ئێستا بووە بەدۆزەخ بۆیان. ناوچەکە لەدۆخێکدا یەکە لە بەرزترین ئاستدا پێویستی بەژیانی ئیکۆلۆژیهیە. پیشەسازیەکی ئیکۆلۆژی سەرتاسەری لەوانەیە سەرلەنوێ ناوچەکە بۆ بە پیتیەکەی جارانی بگەڕێنێتەوە.

**تا ئاشتەوایی پیاو لەگەڵ ژیان و ژن بەدی نەیەت، ئەوا بەختەوەریش خەیاڵێکی پووچە**

کێشەکۆمەڵایەتییەکان خەسڵەتێکی بەوجۆرەیان هەیە کەلەکوێ کێشەکان سەختبوون، رێگاکانی چارەسەریش لەوێدابەوڕادەیە پێگەیشتووە. ناشێ کێشە بێچارەسەری هەبێت. هەلومەرجەکانی شوێن و کاتی دەرکەوتنی کێشەکان لەگەڵ خۆیدا هەڵگری هەلومەرجەکانی چارەسەریشە. هەروەک تەواوی جیهان لەخۆرهەڵاتی ناوینیشدا پرەنسیپی چارەسەری ئیکۆلۆژی بەدۆخێک گەیشتووەکە بە لایکەمەوە هێنەدەی شۆرشەسیاسیەکان گرنگییان بۆچارەسەریهیە.

د ) شۆرشی ژن لە رۆژهەڵاتی ناویندا: ئەو سیستەمەی پیاو ئافراندویەتی لە مێژە ئەو چانسەی لە دەستداوە کە لەمیانەی ریفۆرمەوە خۆی راست بکاتەوە. ئەوەی پێویستە(شۆرشی ژن) ە کە گشت بوارەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە. وەک چۆن کۆیلایەتی ژن قولترین جۆری کۆیلایەتیە، پێویستە شۆرشی ژنیش قولترین شۆرشی ئازادی و یەکسانی بێت. هەم لەبواری تیۆری هەم لە بواری کرداریدا شۆرشی ژن پێویستی بە پێهەڵگرتنی ریشەیی هەیە. بەر لە هەموو شتێک شەڕێکی بەردەوام بەرامبەر بە ئایدیۆلۆژیای رەگەزگەرایی پێویستە. هەروەها شۆرشی ژن پێویستی بە قولکردنەوەی شەڕی سیاسی و ئەخلاقی هەیە بەرامبەر بە زهنیەتی دەستدرێژی کە رۆژانە بیست وچوار کاتژمێر لەسەر پێیە. هەروەکا شۆرشی ژن پێویستی بە قبولنەکردن و ریسواکردنی ئەو دیاردەیەی وەچەخستنەوەیە

کە ئامانجی پەرەپێدانی دەسەڵات و چەوسانەوەیە لەسەر ژن و کۆمەڵگە. پێویستە ئیرادەی منداڵبوونیش بۆژنی ئازاد جێ بهێڵدرێت. لە بواری ئایدیۆلۆژیاوەپێویستیبەشۆرشە لە خێزان و خانەدانێتیدا. بە هەر حاڵ گرنگترینیشیان پێویستی بەبەلاوەنانی ئەو فەلسەفەی ژیانە هەیە کە لەگەڵ ژن جێگای باسە، بە مانایەکی تر بەلاوەنانی ئەو بێ فەلسەفەییەی لە ئارادا هەیە. پێویستە هێزی بەیەکەوە ژیان لەگەڵ ژندا گرێدراو بە چەمکی خاوەندارێتیکردنی منداڵ و تێرکردنی ئارەزووی زایەندی نەبینرێت، بەڵکو وەک قوڵترین پەیوەندی دۆستایەتی، هەڤاڵێتی و کۆمەڵگەبوون ببینرێت کە جوانی، دڵسۆزی و ڕەسەنایەتی لێ دەکەوێتەوەو هاوبەشێتی یەکسان و ئازاد بەبنەما دەگرێت.

**ئەگەر شۆڕشێکی ڕیشەیی ژن ئەنجام نەدرێت، واتا گۆڕانکاری لە زهنیەت و ژیانی پیاودا ڕوونەدات ڕزگاری ژیان جێگای باس نابێت**

بێگومان هاوبەشێتیەکی ئازادو یەکسانانەی ژیان لەگەڵ ژندا مسۆگەر سەبارەت بە حەقیقەتی کۆمەڵگە پێویستی بە دانایی هەردووکیان هەیە. ئەشقی ڕاستەقینە تەنیا لە دۆخی هاوسەنگی هێزی حەقیقەتی کۆمەڵگەدا جێگای باس دەبێت. ئەو کەسایەتیانەی لە کۆیلایەتی، دەستدرێژی و دەسەڵاتەوە گلاون هەرگیز ئەشق لای ئەوان جێگای باس نابێت. ئەو ئەزموونە فاشیلانەی بەردەوام دووبارە دەبنەوەو ئیفلاسکردنی خێزانیش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن. لە دۆخێکدا ژنیش بە لای کەمەوە هێندەی پیاو خاوەن دانایی و هێزی کۆمەڵایەتی بێت؛ ئەو کاتە دەشێت خۆشەویستی و جوانی لە چوارچێوەی ئاشتی و بێ دەسەڵاتیدا بە شێوەیەکی ئازادو یەکسان پەرەی پێبدرێت و هاوبەشێتی تێدا بکرێت. هەلومەرجی ڕۆژی ئەمڕۆمان ئەولەویەتدان بە شۆڕشی ژنی سەدەی بیست و یەکەم وەک مەرجێک بەسەرماندا دەسەپێنێت. دروشمی"یان ژیان یان هۆڤێتی"ئەو شۆڕشە دەسەپێنێت.

هەروەک چۆن کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی ناوین پێویستی بە دووەمین شۆڕشی گوند- کشتوکاڵ هەیە، ئەوهاش پێویستی بە دووەمین شۆڕشی ژنیش هەیە. دایکسالاری شۆڕشی ژنە لە چاخی نیۆلۆتیکدا. بەمانایەکی تر شۆڕشە شکۆدارەکەی نیۆلۆتیک شۆڕشێکی ژن بوو. شۆڕشی نیۆلۆتیک شۆڕشێک بوو هەتا ئێستاش مرۆڤایەتی لەسەر میراسەکەی دەژی. ئەو دژە شۆڕشە گەورەی پیاوسالاری کەلەسەر بنەمای شۆڕشی چەواشەی شارستانی و مۆدێرنیتە کۆمەڵگەی سروشتی دواخست و قووڵترین چەوسانەوەو کۆیلایەتی ژنانی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو لەناو هەموو کۆمەڵگەدا بڵاوی کردۆتەوە، لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگەدا دووچاری قەیرانی سیستەماتیک و ڕەوشی کائیوس بۆتەوەو لەهەڵوەشندنەوەدایە. ئیتر ڕوون بۆتەوە ئەوەی بەسەر ژندا سەپێندراوە ناپاکی و خیانەتکردنە لە ژیان. ئەگەر داخوازی ژیانێکی مانادار جێگای باس بێت؛ بەر لە هەموو شتێک پێویستە لە چوارچێوەی هاوسەنگی هێزی دانایی لەگەڵ ژندا هەستەکانی جوانی و شکۆداری بئافرێنێت و هاوبەشێتی تێدا بکرێت. بونیادنانی ئەو ڕاستیەو گەیشتن بە حەقیقەتەکەی پێویستە. لەم بارەیەوە پێویستە تاکێتی و گەردوونی بەیەکەوە لە ئارادا بن، واتا پێویستە ژن و پیاوی بەرجەستەو پیاو و ژنێتی نموونەیی دەرهەست بە شێوەیەکی ئاوێتە بژین. لە پێناو بەدیهاتنی ئەو دۆخەش پێویستی بە پێکهاتنی مەعریفەو ئیرادەکەی هەیە. پێویستە بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەک موڵک و خاوەنی یەکتری دەستبەرداری یەکتر بن. لە جیاتی چەمکی ناموسی نەریتی باو، پێویستە سەرنجڕاکێشی کەسایەتی ڕەسەن و جوانیەکەی پەسند بکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر شۆڕشێکی ڕیشەیی ژن ئەنجام نەدرێت، واتا گۆڕانکاری لە زهنیەت و ژیانی پیاودا ڕوونەدات ڕزگاری ژیان جێگای باس نابێت. چونکە تا ژن ڕزگاری نەبێت کە خودی ژیانە، ئەوا بەردەوام ژیان وەک سەرابێک بەسەر دەبرێت. تا ئاشتەوایی پیاو لەگەڵ ژیان و ژن بەدی نەیەت، ئەوا بەختەوەریش خەیاڵێکی پووچە، کۆمەڵگەو ژنانی خۆرهەڵاتی ناوین لە ئاکامی ئەو شارستانی وفەتحکاریەی لەلایەن مۆدێرنیتەوە دووچاری هاتووە هێندەی توانویانە لەپەلو پۆیان خستووەو لە ناوەڕۆکی خۆی خاڵیان کردۆتەوەو بە دۆخی ئۆبژە گەیشتووە. شیکارکردنی کێشەی کۆمەڵگە لەڕێگای ژنەوەو لە

میانەی هەمان دیاردەشەوەهەنگاوان بۆ چارەسەرکردنی پەیڕەو و میتۆدێکی ڕاستە. تەنیا کاتێک شۆڕشی ژن- دایکی ڕێگا چارەکان- بە سەر دایکی کێشەکاندا بسەپێندرێت، ئەو کاتە لەمیانەی هەنگاوی ڕاستەوە دەتوانین بە حەقیقەت بگەین.

ز) شۆڕشی زهنی لەڕۆژهەڵاتی ناویندا: لەکاتێکداکلتووری خۆرهەڵاتی ناوین نوژەدەبێتەوە، پێویستە بزانێت کە ڕێگاکەی بە شۆڕشی حەقیقەتدا تێپەڕ دەبێت. شۆڕشی حقیقەتیش شۆڕشی زهنیەت و شێوازی ژیانە؛ شۆڕشی ڕزگاربوونە لە هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و شێوازی ژیانەکەی. پێویستە فریو بەو شۆڤێنیستە نەژاد گەراو ئایینگەرا ساختان نەخۆینکە خۆیان لە نەریتەوە پێچاوە. ئەوان شەڕ لەدژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ناکەن. بەرامبەر بە بینینی ڕۆڵی سەگی زێرەڤانی تۆزێک پشک دەخوازن. هەرگیز ئەوان بیر لە ئەنجامدانی شەڕی حەقیقەت ناکەنەوە. چونکە بەرامبەر بە مۆدێرنیتە تەنیا ژێر نەکەوتوون، بەڵکو ماستاوساردکەرەوەشن. ئەگەر بزوتنەوەکانی چەپڕەوی کۆن، فێمینیست، ئیکۆلۆژیک و کلتووریەکان خوازیارن بین بە دژە- مۆدێرنیستێکی بە پرەنسیپ، پێویستە بزانن شەڕی حەقیقەت لە چوارچێوەی یەکپارچەییەکەی و شێوازی ژیانی خۆیاندا بەڕێوە ببەن.

شەڕی حەقیقەت ئەو کاتە مانادار دەبێت کە لەهەر ساتێکی ژیان، سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگە، یەکینە ئیکۆنۆمیک و ئیکۆلۆژییە کۆمیناڵیستەکان، لەشارە دیموکراتیەکان، شوێنە خۆجێیی، هەرێمی، نەتەوەیی و بان نەتەوەییەکان بەڕێوە ببرێت؛ بەمجۆرەش سەرکەوتوو دەبێت. ئەگەر وەک پەیامبەر و حەوارییەکانی سەردەمی دەرکەوتنی ئایینەکان نەژیت و بەدوای حەقیقەتدا نەگەڕییت، ناشێت شەڕی حەقیقەت بەڕێوە ببرێت، تەنانەت ئەگەر شەڕێکی لەمجۆرە جێگای باسیش بێت، بەڵام سەر ناکەوێت. پێویستی بە دانایی مێخوداوەندە نوژەنەکان، زەردەشت، موسا، عیساو محەمەد، ساینت پاول، مانی، وەیسی قەرەنی، مەنسووری حەلاج، سوهرەوەردی، یونسەمرەو برۆنۆکانی خۆرهەڵاتی ناوین هەیە.لە شۆڕشی حەقیقەتدا سەرناکەوێت تا نەبێتە خاوەنی میراسە بەسەر نەچوو و نوژەنبووەکەی جاران. چونکە شۆڕش و شۆڕشگێران نەمرن و لە میانەی خاوەندارێتیکردن لە میراسەکانیان دەژێندرێن. کلتووری خۆرهەڵاتی ناوین کلتووری ئاوێتەکردنی فیکر- گوتە- کردارەو لە لایەنەوە زۆر دەوڵەمەندە. تازەگەری دیموکراتی ڕەخنەکانی خۆی سەبارەت بە شارستانی و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەخاتە سەر ئەو کلتوورەو کۆمەکی خۆی پێشکەش دەکات و بەمجۆرەش ڕۆڵی مێژوویی خۆی دەبینێت.

**(کۆمەڵگەی ئیکۆلۆژیک، کۆمەڵگەی ئیکۆنۆمیک و کۆمەڵگەی دیموکراتیک) تێکۆشانێکی بەردەوامی فیکری- زارەکی- کردەیی ژیان بەڕێوە نەبات ناتوانێت خۆی بونیاد بنێت**

بە ڕادەیەی پێویستە تازەگەری دیموکراتی لە بەرامبەر سێ ئەسپسوارە مەحشەریەکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری(سەرمایەداری، ئیندوستریالیزم و دەوڵەت - نەتەوە) تاک لەناو یەکپارچەیی تێکۆشانی فیکری- گوتە- کرداری بژێنێت، ئەگەر بە یەکەوە لەگەڵ سێ فریشتە فریادڕەسەکەی تازەگەری دیموکراتی (کۆمەڵگەی ئیکۆلۆژیک، کۆمەڵگەی ئیکۆنۆمیک و کۆمەڵگەی دیموکراتیک) تێکۆشانێکی بەردەوامی فیکری- زارەکی- کردەیی ژیان بەڕێوە نەبات ناتوانێت خۆی بونیاد بنێت؛ ناتوانێت خۆی لە دۆخی ڕێبەری حەقیقەتدا بونیاد بنێت؛ بەقەدەر ئاواکردنی یەکینەی ئەکادیمیا ئەگەر لە یەکینەی کۆمینی کۆمەڵایەتیدا درێژە بە یەکێتی تێکۆشان و ژیان نەدات، ئەوا نابێت بە ڕێبەرو ڕێزانی ئافرێنەری دونیای عەدالەت، ئازادی و دیموکراسی. کاتێک ڕەخنەکانی پەرتووکی پیرۆز و دانایی مێخوداوەندەکان سەبارەت بە ئامرازەکردنیان بێت لەلایەن مۆدێرنیتەو شارستانی زۆردارەوە؛ ڕەخنەگەلێکی بەنرخ و بەهادارە. ئەوەی دەمێنێتەوە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و میراسی ژیانانە کە کۆن نابێت. ملیتان یان شۆڕشگێری چاخی دیموکراتیک ئەو کەسەیە کە ئەو ناسنامەیەی لەکەسایەتی خۆیدا هەڵقوڵاوە، بە شێوەیەکی ئازادانە میراسی ژیان دەژی و دەژێنێت.

# کوردستان و گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



د.کامەران مەننک

گرنگی بابەت: تەنیا بەر لە پێنج سەدە، ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵات بوو، خاوەنی هێزی خۆی، خاوەنی مێژووی خۆی، خاوەنی کەلتوورو شارستانیەتی خۆی، لەدوای سەدەی شازدەهەمەوە بالادەستی ڕۆژئاوا، دەبێتە هۆی ئەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاواو پیشەسازی ڕۆژئاوا بالادەست بێت بە سەر ڕۆژهەڵات، ئامێرەکانی ئەورووپاو زیادکردنی بەرهەم و گەڕان بەدوای بازاڕو سەرچاوەی کەرەستەی خاو، ڕۆژهەڵاتی کرد بە زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕکابەری و ململانێی نێوان هێزە ئەورپاییەکان، ئەو هێزانەی ڕۆژهەڵات بەگشتی، ئیمپراتۆریای عوسمانی، ئیمپراتۆریای سەفەوی، ئیمپراتۆریای ڕووسی، بەناچاری ملیان بۆ ئامێری ڕۆژئاوا کەچ کرد، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەورووپا هەوڵیدا هەموو مۆدێلەکانی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵات بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی بسەپێنێت، دەوڵەت نەتەوە یەکێک بوو لەو مۆدیلانەی حوکمڕانی،کەلەگەڵ ئەویشدا ڕاسیزم و ناسیونالیستی توندڕەو و کوێرانە گوێزرانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرهەمی ئەمانەش یەک سەدە لە توندو تیژی بوو، کە بەداخەوە نەتەوەی کورد لەو قوربانیدانە پشکی شێری بەرکەوت، ئێستاش دوای رووخانی جەمسەربەندی جیهانی ودەسپێکی شۆڕشی گەیاندن وجیهان گەرایی، ناوچەکە بە قۆناخێکی تری دارشتنەوە تێدەپەڕێتەوە، بۆیە بۆ گەلانی ئەو ناوچەیە زۆر گرنگە کە لەرەوتی گۆڕانکاریەکان تێبگەن و هەوڵبدەن تا ئەوپەڕی توانا ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەو گۆڕانکاریانە بسەپێنن.

ئامانجی ئاخاوتن: ئاشکرایە کە لەکاتی ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە فەوزاو قەیرانێکی گەورەدا دەژی، لە پاڵ ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو ئاسیای ناوەڕاست بۆتە پێگەیەکی گرنگ بۆ شەڕو ململانێ لەسەر هەژموون و بالا دەستی جیهانی، هەوڵدان بۆ شرۆڤەکردن ڕوونکردنەوەی ئاراستەی گۆڕانکاریەکان یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ئەم شیکردنەوەیەمان، تاوەکو ئێمە لەچاوی ڕۆژئاواوە سەیری ڕووداوەکانی ناوچەکەمان بکەین، دەکەوینە ژێر کاریگەری سۆفت پاوەرو دیوجامەی ڕۆژئاواو ئەمریکا، بەشێوەیەک کە نەتوانین وەکو خۆمان بیر بکەینەوەو نوێنەرایەتی ئیرادەی خۆمان بکەین...

پرسیاری سەرەکی: لەژێر کاریگەری جیهانگەرایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیمای دوو گۆڕانکاری جیاوازو دژ بەیەکی پێوە دیارە،دۆخی بەیەکەوە گرێدان و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئیمپراتۆریاکانی ڕۆژهەڵات، هاوکات لەیەکتر ترازانی سنوورەکان و سەرلەنوێ دابەش بوونەوەی دەوڵەتەکان، ئایا لەو پاردۆکسەدا نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو چ ئاقارێکدا دەڕوات؟ ئیمپراتۆریاکان بەسوود وەرگرتن لە شۆڕی گەیاندن سەرکەوتن بە دەست دێنن وشسەرلەنوێ خۆیان پێناسەو فۆرمۆلە دەکەنەوە؟ یاخود گۆمەڵێک دەوڵەتی بچووکتر( لە شێوەی دەوڵەتە شارەکانی یۆنانی کۆن) دروست دەبێت؟ ئەگەر ڕەوتی دووەمی گۆڕانکاریەکان باڵا دەست بێت، ئایا ئەو قەوارە سیاسیانەی کە دروست دەبن لەسەر هەمان ستایلی دەوڵەت - نەتەوەی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا دەبێت؟

**جەنگی جیهانی یەکەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکان و مۆدیلی قەوارەی سیاسی ئەورووپی (دەوڵەت – نەتەوە) دادەڕێژنەوە**

**گریمانەی سەرەکی:**

١- وەک حالەتی دیفاکتۆ قۆناخی ئێستا قۆناخی سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریاکانە، ئیمپراتۆریای سەفەوی نوێ کۆنترۆڵی بەشێکی گرنگی شوێنە هەستیارو گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە، یاخود بەلایەنی کەمەوە بالادەستی خۆی بەسەردا سەپاندووە،ئیمپراتۆریای عوسمانی ،توانیویەتی ئاین و ڕاسیزمی تورک و مێژوو تێکەڵ بەیەکتر بکات، ئەگەرچی لەقەیرانێکی قووڵی سیاسی و ستراتیژیدایە،بەڵام تاوەکو ئێستا گەمەی سیاسی لەسەر هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی دەکات، ڕووسیا خەریکە دەبێتەوە ئیمپراتۆریایەکی تەزاری نوێی بنەما لەسەر کەلتوورو پێگەی یەکێتی سۆڤیەت ،ئەڵمانیا بۆتەوە گەورەترین ئیمپراتۆریای ئابوری لە ئەورووپا، چین دەیەوێت وەکو (ئیمپراتۆریای مەملەکەتی ناوەند) خۆی دابڕێژێتەوەو بە هەنگاوونانێکی کیسەڵی هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت.

٢- ئەوەی ئێستادەگوزەرێت وەدەکەوێتە بەرچاو پێچەوانەی ڕەوتی گەشەسەندن و گۆڕانکاریەکانی جیهان گەرایی و شۆڕشی گەیاندنە، ئەگەر مۆدێرنیتەو شۆڕشی پیشەسازی ئیمپراتۆریاکانی سەدەی نۆزدەهەمیان هەڵوەشاندەوە بنەما لەسەر ئەو ژێرخانە ئابوریە نوێیە نەخشەی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داڕشتەوە، شۆڕشی گەیاندن دەبێت بە هەمان شێوە نەخشەی سیاسی خۆی بسەپێنێت، کە چوارچێوەی جوگرافی بچووک و هاوشان بێت لەگەڵ ئەو ڕێگا خۆشکردنەی کە لە هەموو قۆناخەکانی تری مێژوو زیاتر لەبارە بۆ درستکردنی دەسەڵات و دامودەزگایەکی جیهانی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەو نەخشە سیاسیانەی کە لەکاتی ئێستادا دروست دەبن، جیاوازن لەگەڵ مۆدیلی دەوڵەت نەتەوە و تا ئێستا بەدوای بەوردی فۆرمۆلە نەبوون و بەدوای ناوێکدا بۆ خۆیان دەگەڕێن، کە من پێم وایە ناو هێندە گرنگ نییە بەقەدەر ئەوەی ئەو چوارچێوانە مافی هاوڵاتی بوون و ئازادی و مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤەکان بپارێزێت

میتۆدی ئاخاوتن: لەم شیکردنەوەیەدا هەوڵدەدەم پشت بەمیتۆدی شیکاری مێژوویی و ریالیزمی بونیاگەرایی نوێ ببەستم، شیکردنەوەی واقعە سیاسیەکەو ڕەفتاری یاریزانە هەرێمی و جیهانیەکان. بۆ ئەمەش چەند یەکەیەکمان لەبەردەستدایە،بوونی نەخشەیەکی سیاسی کۆن، کارکردن لەسەر داڕشتنەوەی نەخشەی نوێ، یاریزانی هەرێمی(ئیمپراتۆریاکان) یاریزانە نوێیەکان(ئەو قەوارانەی دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتەکان دروست دەبن.

پلانی ئاخاوتن: لەسێ تەوەرەوە قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەخشەی سیاسی مۆدێرنیتە، لەمەشدا باسی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەکان و هێنانی ستایلی مۆدێلی دەوڵەت – نەتەوە، باسی دووەم تایبەتە بە رووخاکی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سستەمی تاک جەمسەری، کەلەم باسەشدا هەڵوەستە لەسەر دوو لایەن دەکەین، گۆڕانی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پارداۆکسی بەئیمپراتۆریا بوون و دەوڵەتی قەوارەی سیاسی بچووکی نوێ، باسی سێیەم تایبەت دەکەین بە سۆفت پاوەری ڕۆژئاواو سیاسەتی واقعیانە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،لەمەشدا گفتوگۆ لەسەردوولایەن دەکەین: دیموکراسی بەرامبەر یەکپارچەی خاکی دەوڵەتەکانو لەجەنگاوەری ئازادیەوە بۆ شەڕکەری کرێگرتە، لە کۆتایشدا ئەو سەرئەنجامانە دەخەمە روو کە پێی دەگەم.

**باسی یەکەم: ڕۆژهەڵات و نەخشەی سیاسی مۆدێرنیتە**

أ- هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریکان: دیارە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەخشەی سیاسی و کەلتووری تایبەت بەخۆی هەبوو،ئەو ململانێیەش کەلەناوچەدا دەگوزەرا، بەشێکی زۆری لەنێوان هێزە هەرێمایەتیەکاندابوو،ئیمپراتۆریای میدیەکان، ئیمپراتۆریای ساسانی، ئیمپراتۆریای ئیسلام،مەغۆلەکان هتد،جارناجاریش ئەو ئیمپراتۆریانە هەوڵیانداوە بەرەو دەرەوە خۆیان بڕۆن، چوونی میدیاکان بۆ میسرو باکووری ئەفەریقا، پەلاماری ئیمپراتۆریای ساسانی بۆ گریک و شەڕی پیلۆپۆنیز، پەلامارەکانی عوسمانیەکان بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڤیەنا، لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەوروپا بەرەو پێشەوە دەڕوات و دەڕواتە شارستانی ئەوروپی و ڕۆژئاوا خۆی بەسەر هەموو جیهادەسەپێنێت، لەوانەش بەسەرشارستانیەتەکانی ڕۆژهەڵات، نیال فرگستون خاوەنی کتێبی (شارستانیەت و هەژموونی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵات) هۆکاری باڵادەست بوونی ڕۆژئاوا بۆچەند فاکتەرێک دەگەڕێنێتەوە(رکابەریەتی) المنافسە)- شۆڕشی زانستی - حوکمی یاساو حکومەتی نوێنەرایەتی - پزیشکی نوێ - کۆمەڵگای بەکاربەر)، بۆیە لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە ڕۆژهەڵات دەکەوێتە ژێر هەژموونی ڕۆژئاواو دەبێتە بەشێک لەو کێکەی ئەوروپاییەکان شەڕ لەسەر دابەشکردنی دەکەن، لەسۆنگەی ئەمەش دوای جەنگی یەکەم ئیمپراتۆریاکان هەڵدەوەشێنرێنەوەو دابەش دەکرێن.

ب:دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی: لەسەرەتای سەدەی بیستەم و دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکان و مۆدیلی قەوارەی سیاسی ئەوروپی (دەوڵەت – نەتەوە) دادەڕێژنەوە، دیارە کوردستان لەو دابەشکردنەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەرەرمەندی یەکەم بوو، مۆدیلی دەوڵەت نەتەوە دوو فاکتەری مەترسیداری لەگەڵ خۆیدا هێنا،دەسەڵاتێکی داردەست و گەندەڵ ،کە بەناوی نەتەوەکانەوە کاری دەکرد، ئایدیۆلۆژیای راسیزم و ناسیونالیستێکی توندڕەویشیان خستە بەردەست ئەو دەسەڵاتانە بۆئەوەی لەسەر ژێی ناسیونالیستی گەمەی سیاسی خۆیان بکەن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکەکانیان بسەپێنن،لەپاڵ ئەمەشدا ئۆپۆزسیۆنێکی ناکامڵ و داردەست قووتکرایەوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی و جڵەوی دەسەڵاتەکانی پێراگرن، واتە لەدواوەی تەختەی شەترەنجەکەشدا تەنیا یەک دەست هەردوو لایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکانی بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی جووڵە پێدەکرد! ململانێی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕێگەی لەوە نەگرت کەنەخشەی سیاسی ناوچەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، بگرە کۆسپی بۆ ڕوودانی هەر جۆرە گۆڕانکاریەک درووستکردوو بۆ

ماوەی نزیکەی یەک سەدە چەق بەستوویەکی مەترسیداری سەپاند! لەرێگای ئەو یاریزانە ناوخۆییانەی دروستیان کرد مێژووی نزیکەی یەک سەدە لە توندو تیژی و خوێن رشتنیان بۆ بەجێهێشتین، کە بەداخەوە نەتەوەی کوردی پشکی شێری لەو قوربانیانە بەرکەوت.

**تورکیا لەماوەی ئەو شەڕەدا هەوڵیدا تا ئەوپەڕی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە هەردوو وڵاتی شەڕکەر مسۆگەر بکات، بۆیە کەشەڕ تەواو، هاوکات بلۆکی رۆژهەڵات بە کۆتا هات**

دەسەڵاتی خۆپارێزی بنەماڵەیی گەندەڵ - پشت بەستوو بە ئەتنیک و ئاین(بەپلەی یەکەمیش رەوگە خۆپارێزیەکەی ئاینی ئیسلام) دەرهاویشتەی زۆر مەترسیداری لێکەوتەوە کە لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە بەردەوامە تاوەکو ئێستا، نمونەی رێکخراوی القاعدە و داعش و بزووتنەوە توندرەوەکانی تری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جیهان، کەواتە مۆدێلی دەوڵەت - نەتەوەی نامۆ بەکەلتورو پێشینەی مێژوویی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک سەدەی پڕ لەتوندو تیژی و خوێن رشتنی بۆ ئەو ناوچەیە هێنا، کە دیارە بۆ ئەورووپاش لەمە باشتری پێنەبوو، چەندین جەنگی ناوخۆیی دوو جەنگی گەورەی جیهانی بۆ هێنانە بەرهەم! لەو قۆناخەدا کوردستان سەرباری ئەوەی لەرووی سیاسی و یاساییەوە دابەشکرا، لە رووی جیۆپۆلەتیکیشەوە بوو بەناوچەیەکی تامپۆنی لەنێوان هەردوو بلۆکدا.

**باسی دووەم: رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات و سیستەمی تاک جەمسەری**

أ-گۆڕینی جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵات: لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بلۆکی رۆژهەڵات هەڵوەشایەوە،ئەمەش واتای شکستی رۆژهەڵات بوو بەرامبەر رۆژئاوا، ئەو هەڵوەشانەوەیە کاریگەریەکی فرە رەهەندی لەگەڵ خۆی هێنا،لەلایەن سیستەمی سیاسی جیهانی لە دووجەمسەریەوە کردبە تاک جەمسەری و باڵادەستی ئەمریکا، لە لایەکی تر لەرووی جیۆپۆلەتیکیەوە، کاریگەریەکی گرنگی لەسەر هەموو دنیاو بەتایبەتیش رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کرد، بەتایبەتی تریش ئەوناوچە تامپۆنیەی کە دەکەوتە نێوان هەردوو بلۆک، بۆشایەکی هێزی لێ دروست بوو کە رێگای خۆشکرد بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بنەما لەسەر ئەوگۆڕانکاریانەی کە لەهاوسەنگی هێزی دنیاو کاریگەریەکانی شۆڕشی گەیاندن هاتە ئارا، ئەو ناوچەیە سەرباری ئەوەی ناوچەیەکی گرنگە بۆ سەرچاوەکانی وزە، واتە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی خوێنی رەش بۆ شارستانیەتی رۆژئاوا، هاوکات بووە دەروازەیەکیش بۆ ئاسیای ناوەڕاست، کە دوای سۆڤیەت بۆشایی هێز ئەوێشی گرتبووەوە، ئەم ناوچەیە لە لایەک بووە پێگەیەک بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناوچە نەوتی و ستراتیژیەکانی چەقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنترۆڵ بکات، لە لایەکی ترەوە بووە سەنتەری ئەو پرگالەی کە نەخشەی سیاسی نوێی و ناوچەکەی بەگشتی تیا دابڕێژرێتەوە، بۆیە راستەوخۆ دوای دەرکردنی عێراق لەکوێت،چەقی پرگالە کەوتە سەرباشووری کوردستان و هەرێمی کوردستان لەدایک بوو، دواتر پەڕیەوە بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و دەوڵەتەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات وەک یوگسلاڤیاو چیکۆسلۆڤاکیا، ئەمەش دەرئەنجامی گەشەسەندنێکی سروشتی رەوتی گۆڕانکاریە سیاسی و تەکنەلۆژیاکانی جیهان بوو.

**ب- پارادۆکسی بە ئیمپراتۆریا بوون و دەوڵەتی بچووکی نەتەوەیی:**

١. بە ئیمپراتۆریا بوون: دوای شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران، گۆڕانکاریەک لەهاوسەنگی هێزی ناوچەکە روویدا، سەرباری ئەوەی ئەو دوو وڵاتە زیانێکی زۆریان بەرکەوت، بەڵام بوونە خاوەنی چەکی گەورەو هێزی سەربازی گەورەی مەشق پێکراو ئەزموندار، تورکیا لەماوەی ئەو شەڕەدا هەوڵیدا تا ئەوپەڕی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە هەردوو وڵاتی شەڕکەر مسۆگەر بکات، بۆیە کەشەڕ تەواو، هاوکات بلۆکی رۆژهەڵات بە کۆتا هات،زەمینەیەکی لەبار هاتە ئارا بۆ گۆڕانکاری گەورە:

١. ئەمریکا راستەوخۆ هاتە ناوچەکە، سوپا زەبەلاحەکەی عێراقی راکێشا بیابانەکانی کوێت و تێکی شکاند، عێراق وەک حالەتی دیفاکتۆ هەڵوەشایەوە.

٢. ئێران ئەو هێزەی هەبوو زیرەکانە بەکاریهێنا بۆ نوێکردنەوەی ئیمپراتۆریا لەدەست چووەکەی، دیارە لەرووی ئایدیۆلۆژیای ئاینزاییەوە کۆماری ئیسلامی ئێران خاوەنی هەمان ئەو ئاینزایەیە کە لەسەدەی شازدەهەمدا ئیمپراتۆریای سەفەوی لەسەر دروست بوو.

٣. تورکیا توانی سوود لەپێگە ستراتیژیەکەی خۆی وەربگرێت و کۆتا بەسیاسەتی (ئاشتی لە ناوەوەو ئاشتی لەدەرەوەی) کەمالیستەکان بهێنێت و بەرەو ئاسیای ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکەی دەست

بە فراوانخوازی ئایدیۆلۆژی و ئابووری بکات، بنەما لەسەر راسیزم، جوگرافیا، ئاین و مێژوو هەوڵی نوێکردنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەدەستچوو بدات، کەواتە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پارادۆکسێکی سەیر دەبینرێت، لەلایەک ئیمپراتۆریا شکێنراوەکانی سەدەی بیستەم لە هەوڵی خۆ نوێکردنەوەدان، هەژموونی ئێران سێ لەسەرچواری عێراقی گرتۆتەوە، وەک خۆیان دەڵێن بەغدا پایتەختێکی تری ئیمپراتۆریکەیانە، لەکەنداو باڵادەستن و لە یەمەن هەرەشە لەرێرەوەکانی گواستنەوەی نەوت دەکەن لە دەریای سوور، لە ئاسیای ناوەڕاست شان بەشانی

**هیچ گونجانێک نەبوو لەنێوان ئەوەی دەیگوت و ئەوەی دەیکرد، بۆیە هەر هەمان ئەو خەڵکەی پیشوازیان لێکرد، لێی راپەڕین و وەدەریان نا**

رووسیا و چین شەڕ لەسەر سەپاندنی باڵادەستی خۆی لەسەر سەرچاوەکانی وزە دەکات، لەلایەکی تر تورکیا نفوزی خۆی پەراندۆتەوە بەشەکەی تری عێراق، کە دەکاتە باشووری کوردستان وەک ئێمە پێی دەڵێین دەڤەری زەردو راستەوخۆ کۆنترۆڵی بازاڕەکان و سەرچاوەکانی وزەی کردووە، لەلایەکی تر لەرێگای تۆرانیزمەوە کارلەسەر پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمارە تورکمان نشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز دەکات، هاوکات دەیەوێت وەک هێزێکیش لە ناتۆ بمێنێتەوە، بەرووسیا و چوونە ناوستراتیژیەتی ئۆراسیا، چاولە ئەمریکاو ئەوروپا زەق دەکاتەوە.

٢-هەڵوەشانەوەی دەوڵەتەکان: بەرامبەر ئەمانەش، عێراق بەشێوەیەکی پراکتیکی هەڵوەشاوەتەوە بۆتە سێ پارچە، راستتر بڵێین بۆتە چوار پارچە، لەبەرئەوەی هەرێمی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی پراکتیکی دابەشکراوە بۆ دووبەش (نفووزی ئێرانی و تورکی)، ئەگەریش هەیە باشورو ناوەڕاستی عێراقیش زیاتر دابەش ببێت، رووداوەکانیش ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە زۆر ئاستەنگە جارێکی تر عێراقێکی یەکگرتوو دابڕێژرێتەوە و نەتەوەو پێکهاتەکانی بتوانن بەیەکەوە تیایدا بژین! هاوکات سووریاش ئێستا بۆ چەند قەوارەیەک دابەش بووەو چاوەڕوان دەکرێت زیاتر خورد ببێتەوە وەکو عێراق، رۆژئاوای کوردستان، بەشێکی زۆری لە دەست هێزی کوردیدایە، عەلەوییەکان لە دیمەشق دەسەڵاتیان لەبەردەستە، سوننەکانیش کار بۆ دامەزراندنی قەوارەی خۆیان دەکەن، کەواتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو مۆدیلی تەواو پێچەوانەی یەک لەکارکردن دایە، مۆدیلی ئیمپراتۆریا و مۆدیلی ئەگەر بکرێت ناوی بنێین دەوڵەتە شار.

**باسی سێیەم: سۆفت پاری رۆژئاواو سیاسەتی واقعیانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**

١. دیموکراسی بەرامبەر یەک پارچەیی وڵاتەکان: هاتنی هێزەکانی ئەمریکا، واتە هارد پاوەری ئەمریکا بۆ ناوچەکە، سۆفت پاوەرێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە بریتی بوو لە ئازادی گەلان و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا و هەتا دوایی، کە دیارە ئەم دروشمانە تا رادەیەک دڵی گەلانی ناوچەکەیان خۆشکرد، بەڵام ئەوەی گوتیان و ئەوەی کردیان زۆر جیاواز بوو، لە نوسینێکدا ئەو دۆخەی ئەمریکام ناو ناوە (نەخۆشی ناپلیۆنی)، ناپلیۆن بەر لەوەی هێزەکانی بگاتە وڵاتەکانی تری ئەوروپی سۆفت پاوەری شۆڕش لە (یەکسانی و عەدالەت و برایەتی) گەیشتە ئەوروپا،بۆیە بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لەهێزەکانی ناپلیۆن کرا، وەک دەگوترێت بەگوڵ پێشوازی لێکراو بە فریاد رەسێک زانرا دژی زوڵم و زۆری پاشاو دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپا، بەڵام کاتێک هارد پاوەرەکەی ناپلۆن، واتە سوپاکەی ناپلیۆن گەیشتە ئەو وڵاتانەو ماوەیەک مایەوە، هیچ گونجانێک نەبوو لەنێوان ئەوەی دەیگوت و ئەوەی دەیکرد، بۆیە هەر هەمان ئەو خەڵکەی پیشوازیان لێکرد، لێی راپەڕین و وەدەریان نا، ئەمریکا دووچاری هەمان کێشە بۆتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەک پشتگیری ئەو دەسەڵاتە گەندەڵانە دەکات کە خەڵکەکانی خۆیان دەچەوسێننەوە، لە لایەکی تر بانگەشەی ئازادی ومافی مرۆڤ دەکات، لە لایەکتر پێ لەسەر یەک پارچەیی خاکی ئەو وڵاتانە دادەگرێت کە لەپارچەبووندان، هاوکات رێکەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانێکی بەئیمپراتۆریابوو مۆردەکات! تورکیا دەلاوێنێتەوە کە دڕندانە ئازادی و مرۆڤایەتی نەتەوەی کورد پێشێل دەکات، لە راستیدا ئازادی و دیموکراسی و مافی چارەی خۆنووسین هەرگیز لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی ئەو دەوڵەتە دروستکراوانەدا یەک ناگرێتەوە کە بە بێ ئیرادەی خەڵکەکەی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان دروست کران، بۆیە دەبینین ئەمریکا دەست بەرداری ئازادی و دیموکراسی بووە بەرامبەر هێشتنەوەی دەسەڵاتدارە گەندەڵەکان، لە تورکیا ئەمریکا پارێزگاری لەدەسەڵاتێکی مرۆڤ کوژو دیکتاتۆرو کۆنە پارێز دەکات، تەنانەت لەباشوری کوردستانیش لەمەسەلەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و فەمانڕەوایی سیاسیدا ئەمریکا پشتی لە دیموکراسی کردووە.

٢. لە جەنگاوەری ئازادیەوە بۆ کرێگرتەی شەڕ: لە کۆنگرەی لوتکەی ناتۆ لە ویلز لە ساڵی ٢٠١٤ یەکێک لەو مەترسیانەی کە ناتۆی سەرقاڵکردبوو، ئەوە بووکە رووسیا بۆ فراوانخوازی خۆی سوود لەهێزی

ڕێکخراوە نافەرمیەکانەوە ببینێت و چەکی مەترسیداریان بخاتە بەردەست، واتە هەمان ئەو سیاسەتەی ئەمریکاییەکان پیادە بکات کە لە ئەفغانستان وعێراق ئەنجامیدا، بەکارهێنانی هێزە ناوخۆییەکان بۆ هێنانەدی ئامانجە ستراتیژیەکان، لە ئەفغانستان هاوپەیمانی باکوور بووە سەری ڕمی سوپای ڕۆژئاوا، لەعێراق بەهەمان شێوە، کورد لە باکوورو شیعە لە باشوور هەمان ڕۆڵیان بۆ سوپان ئەمریکا گێڕا، کەواتە ئێستا شەڕەکان لە شەڕی ڕاستەوخۆوە گۆڕاوە بۆ شەڕی بە وەکالەت، بە داخەوە ئەمەش وا دەکات ئەوانەی کە بە جەنگاوەرانی ئازادی دەناسرێن ولەپێناو کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵاتەکەیان دەجەنگن، ببن بەکرێگرتەیەک و زلهێزەکان بەکاریان بێنن، ئەوەی هێزانەی کە پێیان دەگوترێت ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتیش ئۆپۆزسیۆنی چەکداری، ئەو مەترسیە جدیەیان لەسەر پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە بکەن، بۆنموونە لەو ڕۆژانە هەواڵی ڕێکەوتنی سەربازی نێوان ئەمریکاو هەرێمی کوردستان بڵاوبووەو گوایە ئەمریکا هاریکاری هێزی پێشمەرگە دەکات تا ئەو کاتەی شاری مووسڵ دەگیرێتەوە چەند ملیۆن دینارێک دەبەخشێت. لە ڕاستیدا بە پرەنسیپی شۆڕشگێری و سەروەری وڵاتانەوە، ئەمە کارەساتەو هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی ئازادی و ڕزگاریخوازیەوە نییە، چۆن دەکرێت ڕاستەوخۆ هێزی وڵاتێک لە لایەن وڵاتێکی ترەوە بەڕێوەببرێت بە تایبەتیش کە هیچ هاوسەنگیەک لەنێوان ئەو دوو هێزەدانەبێت.

**دەرئەنجام:**

لە کۆتایدا دەگەینە ئەو سەرئەنجامەکەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پارادۆکسێکی زۆر ئاڵۆز دەژی، دوو ڕەوت لەکارکردنن ، ڕەوتی بە ئیمپراتۆریا بوون ڕەوتی هەڵوەشانەوەوبە دەوڵەت بوون ، ئەگەر ڕەوتی یەکەم سەرکەوێت ،کورد دوو ئەگەری لەبەردەمدایە، یاخود هەمان سیناریۆی سەدەی شازدەهەم دووبارە بکاتەوە، مەلا ئیدریسەکی بەدلیسی تر هێزەکانی کورد بخاتە خزمەتی یەکێک لەو دوو ئیمپراتۆریایەوە، کەبەداخەوە لەقۆناخی ئێستادا زۆر کەس هەن لەناو کوردا ئامادەن هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕن و کورد دووچاری هەمان ئەو هەڵەیەبکەنەوە کە لەسەدەی شانزەهەمدا کردی! یاخود هێزی کوردی بە شێوازێکی نوێ دابەش ببێت لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریاکەوە، یا کورد هەوڵبدات هێزێکی تایبەت بە خۆی بەیەکەوە بنێت و لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریاکەدا ببێتە هێزێکی گەورەی هاوسەنگیکار، واتە تواناکانی خۆی بخاتە خزمەت خۆی، کە ئەمەیان زیاتر لەیەک نزیک بوونەوەی گەلان و سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە مسۆگەر دەکات، دیارە گۆڕانکاریە جیۆپۆلەتیکیەکانی ناوچەکەش لە خزمەتی ئەو ئاڕاستەیەدایە. کرانەوەی جیۆپۆلەتیکی پێویستی بە گۆڕینی ئاڕاستەی قووڵایی ستراتیژی کورد دەکات، لە ستراتیژی بەرامبەرەوە بۆ ستراتیژی ناوەوە، واتە لە جیاتی گەڕان بەدوای چارەسەری کێشەکان لە ئەنقەرەو تاران و دیمەشق و بەغدا، پێویستە کورد بۆ قووڵایی ستراتیژی جوگرافی و مرۆیی خۆی بگەڕێتەوە، کە گرنگترین پێگەی ستراتیژی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ڕووداوەکان و شێوازی سیاسەتکردن لەکوردستان، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان ئەوە دەسەلمێنن کە لە قۆناخی ئێستادا لە ئاست ئەو ستراتیژە نەتەوەییەدا نین!

ئەگەر ڕەوتی دووەمیش سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەوا بێگومان کوردستان دەبێتە چەند قەوارەیەکی سیاسی و بنەما لەسەر پێگەی جوگرافی ئەو هێزانەی کەهەن دادەڕێژرێت، واتە کوردستان جارێکی تر دابەش دەبێتەوە، **بەڵام ئەمجارەیان لەژێر دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی دەبێت، ئەو قەوارە سیاسیانەی دروست دەبن هەر چ ناوێکیان لێبنرێت**، ناتوانن هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە دەوڵەت - نەتەوە لە سەدەی بیستەمدا گێڕای، لەبەرئەوەی دەرهاویشتەی دوو قۆناخی مێژوویی زۆر جیاوازن و ناتوانین جلێکی کۆن لەبەر قۆناخێکی نوێ بکەین، بەڵام سەرباری ئەمانە، لە قۆناخی ئێستادا خەریکە ئاسۆی مەترسیدارترین سیناریۆ بەدیاردەکەوێت، سیناریۆی داڕشتنەوەی دیموگرافیای ناوچەکەو سەرلەنوێ دابەشکردنەوە لەسەر بنەمای جوگرافیای مرۆیی، لەباکووری کوردستان پرۆژەی نیشتەجێکردنی تورکەکانی ئۆکرانیاو ئاوارە عەرەبەکانی سووریا، بەتایبەتیش بەکارهێنانیان وەک پشتێنەیەکی ئەمنی و دابڕینی باکوور لەباشورو ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات خاپوورکردنی شارەکانی عەرەبە سونەکان لەعێراق و هاتنی بە لێشاوی ئاوارە عەرەبەکان، کە لەهاتنێکی کاتی و ئاوارەیی ڕەتیکردووەو مۆرکی ئەو داڕشتنە نوێیە دیمۆگرافیەی بە خۆوە گرتووە، بۆیە سەرباری ئەوەی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەرفەتی زۆر گەورە لەبەردەم کوردا هەیە، بەڵام ناکرێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت کەمەترسی ئێجگار جدی و گەورەش چاوەڕوانیەتی.

# ئاین و مەزهەب و پرسی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین



هودا کایا
پەرلەمانتاری هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا

بێ گومان ئاشتی بەپەلەترین پێویستیی جیهانە بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوینە بە تایبەتی. پێویستیمان بە شۆڕشێکی ئاشتیە کە هەمووان لەئامێزبگرێت. ئەمڕۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە زۆر بوارەوە لە گەمارۆی هێرشی هەمەلایەنەی داگیرکاری مۆدێرنە و نەریتیی کۆنەپەرستانە دایە. ئەمڕۆ ئێمەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و مرۆڤایەتی لە قوڵترین قەیران دا دەژین. ئەو قەیرانە هەمەلایەنەیە لەبەرامبەر مرۆڤ، کۆمەڵگە و ژن و ژینگە دارمان و ستەمێکی گەورەی لێکەوتۆتەوە. هەرچەند وا دیار دەبێ کە هەردوو ڕەوت لە دژی یەک بن، بەڵام داگیرکاری مۆدێرن و نەریتی کۆنەپەرستانە بوونەتە خۆراکدانی یەکتر و قەرزاری لەسەرپێ هێشتنەوەی یەکترن. ئەو دوو ڕەوتە هێرشبەرە کرۆکیان و خاڵی دەستپێکیان بریتیە لە دەسەڵاتداری. ئەو دەسەڵاتدارێتیە، زانستی کردۆتە زانستگەرێتی، ئایینی کردۆتە ئاینگەرێتی، نەتەوەی کردۆتە نەتەوەپەرستی و مەزهەبیشی کردۆتە مەزهەبگەرێتی. واتە هەرچۆن زانست لە دۆخی دەسەڵاتداری دا بۆتە زانستگەرێتی، هەرواش ئایین و مەزهەب خراونەتە هەمان دۆخەوە.

ئێمە ئەمڕۆ لێرە قسە لەسەر ئەو شەڕە دەکەین کە ڕۆژانە عەلەوی، سوننی و شیعەکانی تێکەوتووە و باس لە کاریگەریەکانی ئەو مەزهەبگەرێتیە لەسەر سیاسەت و ئەو تراژیدی و قەیرانەی بۆتە هۆکاری، دەکەین. ئەوەی لەڕاستی دا دەبێ بخرێتە ژێر لێپرسینەوە زهنیەت و مێژووی دەسەڵاتدارێتیە. بەو پێیە مەزهەبگەرێتی، میللیگەرێتی، نەژادپەرستی، ئاینگەرێتی، زانستگەرێتی، نەتەوەگەرێتی دەسەڵاتداری مەگەر بە شۆڕشێکی زهنیەتی و ئەخلاقی بە هەموو واتایەوە تێپەڕێنرێ. بەدەر لەوە بیر لە هەر چارەسەریەک بکرێتەوە ئەوە کاتیی و کۆنەپەرستانە دەبێت. داگیرکاری مۆدێرن، ڕۆژهەڵاتێکی ناوینی خاوەن نەریتێکی دواکەوتووی دەوێت کە لەسەر بنەمایەکی پارچەکراو، جیاکراو، بەشەڕهاتوو و پانخواز بێت. داگیرکاری مۆدێرن گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ناچاری بژاری ئاینگەری، نەتەوەپەرستی، مەزهەبگەری یان نەژادپەرستی دەکات. بەو بژارانەی کە گەلانیان ڕووبەڕووکردۆتەوە، بە ڕاستیش هەردەچێ بە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، قەیرانی مرۆڤایەتیش قوڵتر دەبێتەوە.

بێ گومان هەر هەرێمێکی ئەم جوگرافیایەمان بۆتە بەردێکی بناخەی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی و کاریگەری بەهێزی هەیە. بەڵام ئەو خاکەی مرۆڤایەتی لێ لە دایک بوو واتە میزۆپۆتامیا بەگشتی و جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوین، بۆتە ئاوێنەی ئایندەی مرۆڤایەتی. لە دوێنێی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەمڕۆش دا، لە کاتێکدا هێرشی ئاینگەری، مەزهەبگەری کۆنەپەرست و نەریتیانە دەست لەناودەست و لەلایەکی تر بە دەستوەردانی داگیرکاری مۆدێرن بە شێوەیەک کە باوەڕ ناکرێت بوونەتە هۆکاری ڕوودانی کوشتوبڕ و ئێش و ئازار و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئەو قەیرانە قەیرانی مرۆڤایەتیە و، دۆخێکە کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێیکەوتووە. هەڵبەتە بەدەر لەو دوو ڕەوتە، ئێمەش هەین کە بە هەموو ڕەنگ و جیاوازیەکانمانەوە پەرە بە ڕێیەکی تر و دەروازەیەکی تری چارەسەری دەدەین، هەوڵ دەدەین و قوربانی دەدەین. لەبەرامبەر ئەو دوو ڕەوتەی گەلانیان ڕووبەڕووی ئاینگەرێتی، نەتەوەپەرستی، مەزهەبگەرێتی، خێڵایەتی، عەشیرەتگەری، نەژادپەرستی کردۆتەوە، بوونی ئومێد، پشتیوانی، پارادایم، ڕێگا و ڕێنماییەک مەحاڵ نیە کە زنجیرەکان بسەپێنێ، هەموو گەلان و باوەڕیەکان بە شێوەیەکی یەکسان، بە وشیاریەکی ئاشتی و برایەتی هەم بژی و هەم دەرفەتی پێکەوە ژیان برەخسێنێ. ویڕای دەسەڵاتدارانیش، لە نێو کۆمەڵگەدا ئەو ئومێدە بە شکاندن و تێپەڕاندنی هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسگەرایی (ئۆرێنتالیستی)، نەریتی، کۆنەپەرست و دیدی ڕۆژئاوایی، دۆگما و پۆزەتیڤیست دەستی پێکرد. مەحاڵە ئەو کێشەیە، نە بە قەتیسکردن لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا و نە تیۆری و کەسایەتی ئەم دوو سەد ساڵەی مێژووی ئەوروپا و ڕۆژئاوا چارەسەر دەبێت. بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بەرامبەر مەزهەبگەرێتی و کۆنەپەرستی تێکۆشان دەکەن دەبێ بە شێوەیەکی ڕوونیش لە درکی زانستگەرایی و ڕۆژئاواگەرێتی و ئۆرێنتالیزم و مۆدێرنیزم دا بن. ئەگەر نا سەختە باس لە بوونی سەرکەوتن بکرێ لە تاقیکردنەوەی بەرەی جیهانیی دژە ئیمپریالیزم و دژە سەرمایەداری دا. قەیرانەکان بنەمایەکی زهنییان هەیە و سەرچاوەکەشی لە دەسەڵاتداریەوەیە و ، ئەو قەیرانانەشی کە سەرچاوەی خۆی لە مەزهەبگەرێتیەوە دەگرێت بێ گومان تەنیا تایبەت نیە بە ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوین. لە مێژووی مەزهەبەکان دا ئەو قەیرانانە کەم تا زۆر، لە جێگە و کاتی جیاوازی ڕۆژهەڵاتەوە بگرە تا ڕۆژئاوا بەدی کراوە. دابڕان لە ئەخلاق لە ڕووی زهنیەوە، مرۆڤایەتی بەلارێ دا بردووە. ئەوەی کە بەشێک بوو لە سروشت هەموو مرۆڤایەتی خاوەنداری

لێکرد، بە سەرهەڵدانی قەیرانی دەسەڵاتداری لە پەیوەندی پیاو- ژن دا، ئەخلاق گۆڕا بە ئەخلاقگەرێتی، باوەڕی بە دۆگماتیزم و بە تاودانی ناکۆکیە چینیەکان و کەڵەکەکردنی سەرمایە ، سنور و چینەکان بونیادنران.

مەزهەبگەرێتی لە هەرێمەکەمان دا هێندە بە کاریگەرە، لێرەدا کاتێک دەڵێین چەتە بە داخەوە ڕێك داعشێکی بە دەوڵەتبوو و بە کۆمەڵگەبوو دەبینین کە نیشانی دەدات مەزهەبگەرایی چ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ. واتە لەگەڵ هەموو هۆکارە گرنگ و بنەڕەتیەکان دەکرێ بڵێین کە داعش یادەوەریەکی مەزهەبی، مێژوویی و قوڵی هەرێمەکەیە.

هەڵبەتە لێرەدا دەبێ مەزهەبەکان لە ئاین و باوەڕیەکان جیا بکرێنەوە. ئایین و باوەڕیەکان لە دژی دەسەڵاتداری وەستانەوە. هەڵبەتە دەبێ بوونی مەزهەب و مەزهەبگەرێتی، تائیفەگەرێتی، یش لە یەک جیابکرێنەوە، دیارە سەرهەڵدانی مەزهەبەکان دابڕاو نەبووە لە دەسەڵاتە سیاسیەکان. بە دەزگابوونی مەزهەبەکان سروشتی نین، بەڵکو زیاتر لە خزمەتی تاکڕەوێتی و دەسەڵاتداری دا بەکارهێنراون. بۆ ئەوەش مەرجەعە مێژووییەکانی مەزهەبگەرێتی و ئاینگەرێتی بەهێزە. بەو پێیە، ئەو کین و نەفرەتەی کە داعش و هاوشێوە سوننیەکانی سەلەفی و جیهادیستە مەزهەبگەراکان لە دژی شیعیەک یان عەلەوییەک هەیانە، زۆر زیاترە لەو کین و نەفرەتەی کە بەرامبەر مەسیحی "کریستیان"یەک یان یەهودیەک هەیانە. تێپەڕاندنی ئاینگەرێتی لە کۆمەڵگەیەکی ئاینی دا سەرەتا بە تێپەڕاندنی مەزهەبگەرێتی دەبێت. دەبێ لە هەرێمەکەمان دا لە کاتێکدا لەبەرامبەر هێرشی هێزە مەزهەبگەرەکان تێکۆشانێکی بێ ئامان دەکرێ و قوربانی گەورە دەدرێ، هەروەها لە بەرامبەر هێزەکانی دەسەڵات و دەوڵەتداری و مەرجەعە مێژووییەکانیان، زانستەگەرێتیە کۆمەڵایەتی و پۆزەتیڤیست و مۆدێرنیستەکانیان بێ وچان تێکۆشانێکی بنەڕەتی بەڕێوەببرێت.

لە کاتێک دا شەڕ لە بەرامبەر ئەو زهنیەتە دەکرێت، لە لایەک پەرە بە شەڕی خۆپاراستن دەدرێت و لەلایەکی تر پەرە بە مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی دەدرێ کە لەیەک کات دا ئاشتی، ئارامی و ئاسایش لەسەر بنەمای دانوسان و پێکەوە ژیانی ئازادانەی گەلان، هزر و باوەڕیەکان فەراهەم دەکات. لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا کە مەحکومی ڕەوتە دەسەڵاتدار و داگیرکەرەکان کراوە ، دەکرێ گەلان لە نێو ئاشتی ، برایەتی و دانوسان دا بژین و هەموو زنجیرەکانی مۆدێرنیستی و نەریتی کۆنەپەرستی دەپسێنن، بە پارادایمی ئاشتی ، شەپۆل شەپۆل بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئاشتیانە هەنگاو دەنێن و بەشداری لە شۆڕشی ئاشتی و بونیادنانی هاوبەش دا دەکەن.

ئەمڕۆ لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا ئەو هێزەی کە لەسەر بنەمای هزر و پارادایمی عەبدوڵڵا ئۆجالان بە کۆمەڵگەیی بووە، لە دژی دەسەڵاتدارێتی و لە دەرەوەی میکانیزمای دەوڵەت لەسەر بنەمای هەرەوەزی، خۆبەڕێوەبەری، یەکسانی و ئازادانە وێڕای جیاوازیەکانیان ، بە بەرپرسیارێتیەکی زەمینەساز و ئومێدێکی گەورەوە ، ئیرادەی پێکەوە ژیانی گەلان و باوەڕیەکانی بە شێوەیەکی ئاشتیانە نیشان داوە. گەلی کورد کە قوربانی گەورەی داوە بەرپرسیارێتی و بارێکی هێندە قورسی مرۆڤایەتی وەئەستۆ گرتووە. پاراستنی ئەو ئومێدە تەنیا نەک گەلی کورد بەڵکو ئەرکی هەموومانە. بێ ئەوەی ببینە کەرەستەی ڕۆژهەڵاتگەرێتی و ڕۆژئاواگەرێتی، بێ ئەوەی مەحکوم بە مۆدێرنیزم

**گەلی کورد کە قوربانی گەورەی داوە بەرپرسیارێتی و بارێکی هێندە قورسی مرۆڤایەتی وەئەستۆ گرتووە. پاراستنی ئەو ئومێدە تەنیا نەک گەلی کورد، بەڵکو ئەرکی هەموومانە**

و نەریتگەرێتی بین، بێ ئەوەی بکەوێتە نیو جەمسەرگیری مەزهەبگەرێتی شیعی - سونگەری کە گەورەترین هەڕەشەن لەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەشێوەیەکی ئازادانە و ڕاستگۆ لەگەڵ هەوڵە پیرۆزەکانی لێگەڕینی حەقیقەت، بە پاڵپشتیکردنی یەکتر لە بەرامبەر گوشارەکان، بێ سازش لەدژی تەڵەزگەکان خۆ وشیار بکەینەوە و ئیلهام لەو ئومێدی کۆمەڵگەبوونەوە وەرگرین.

لێرەدا کە گفتوگۆ لەسەر رۆژهەڵاتی ناوین و مەزهەبگەرێتی دەکەین ڕێک کات و جێی خۆیەتی و بێ ئەوەی بەسەرم دا تێپەڕبێت یادی کەربەلا ، ح.حسێن و ح.زەینەب دەکەمەوە. ئاڵای ئەو تێکۆشانە داستانئاسایانەی لە هەرێمەکەمان و مێژوومان دا کە لە دژی مەزهەبگەری و ئاینگەری و باڵادەستی داگیرکاری و دەسەڵاتداری، هەر چۆن ئەو کەسایەتیە پێشەنگانە کردوویانە بەرزنەکرێتەوە، یادیان نەکرێتەوە، لێیان تێنەگەین و تێنەگەیەنین سەختە کە تێگەیشتمان بۆ شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا و بوونی بە بەشێک لە مێژوو و کۆمەڵگە هەبێت.
ئەو بەرخودانەی ئەمڕۆ ژنان و پیاوان شانبەشانی یەک لە دژی دەوڵەتی مەزهەبی، دەسەڵاتدار و نمونە بەرچاوەکەی داعش بەڕێوەی دەبەن بە مێژووییکردنی ئەو بەرخودانە و گەیاندنێتی بە واتای ڕاستەقینەی.

ژنۆلۆژی بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێزی بزوێنەری کۆمەڵگە دێنێتە مەیدان و ڕۆڵ لە نەخشاندنی ڕۆحی سەردەم دا دەگێڕێت، بێ ئەوەی کە کۆمەڵگە بۆ چین و توێژ پۆلێن بکات ئامانجێتی بە چەمکێکی شۆڕشگێرانە خزمەت بەو هێزە بزوێنەرانە بکات، باوەڕی بەوەیە ژن لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی وەهادا بەشێوەیەکی ئازادانە دەکرێ بڕیار بدەن کە چۆن بن، چۆن بژین و چی بکەن. لە پێناوی پێشخستنی تاک و کۆمەڵگەیەکی ئازاد دا؛ ژنۆلۆژی ئامانجێتی کە بە دید و چەمکێکی ژنانە ئەو بەهایانەی لە تەواوی تێکۆشانی ژنان لە نێو هەموو بەشەکانی کۆمەلگەدا کۆبۆتەوە، ئەزمون، بەسەرهاتەکانیان، بنبەستبوون و توانستی گەشەکردنیان، سەرلەنوێ هەڵسەنگێنێتەوە. گفتوگۆکردن لەسەر گەنجینەی کەم وێنەی کەڵەکەبووی ژنان لەو بوارەدا، بە ڕۆحی سەدەی 21 و بە بەرپاکردنی شۆڕشی ژن هەنگاوی قەڵەمبازئاسا دەنێت.

**نوێترین کتێبی ئەکادیمیای ژنۆلۆژی دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران**



10
sala Ekemin
hijmara
de
1-10-2016
Rezber
2716

# Azadî Komelge

Govarareki mehaneye serbixwe a siyasi, hizrî, civakiye




**ئازاد کردنی موسڵ و قەیرانی هێزەکانی تورکیا لە باشوری کوردستان لە دۆسییەی ژمارەی داهاتوودا**